
گوڵان
www.gulan-media.com
هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە

## حزبی سیاسی و دیموکراسییەتی هاوچەرخ
## پێناسەی حزبیی مەرجی پێشوەختەیە بۆ کاریگەری لە پرۆسەی دیموکراسیدا


















■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تافینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٧٩) ٢٠٠٨/٤/١٤



# میدیا لە کوردستاندا

## گرفت.... چارەسەر

### ٢-٣

سالار عوسمان

**-٣شـــارەزایی وپســـپۆڕیی:**
یەکێـــك لەگرفتـــە بەردەوامەکانـــی میدیایە، هەم دوێنێ لە سەردەمی شاخ و هەم ئەمرۆ لەسەردەمی ئازادیدا، جاران، مەبەستم سەردەمی شاخە کۆمەڵێك پاســـاو بۆ ئەم گرفتە (شـــارەزایی و پســـپۆڕیی) دەهێنرایـــەوە و تاڕادەیەکـــی زۆریـــش پاســـاوەکان راستبوون، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە و تائێستاش ئەم گرفتە بەردەوامە!... وەنەبێ هیچ نەکرابێ، وەنەبێ ئاســـتی شارەزایی و پسپۆڕیی لە بواری میدیا هەر لە جێوە مابێتەوە، گۆڕانێك هەســـت پێدەکرێ بەڵام زۆرکەم، ئێســـتاش زۆربەی دەزگاکانـــی میدیا لە کوردســـتان لە نێو گرفتی ناشارەزایی و ناپسپۆڕیی دەژین، دیارە شـــارەزایی و پسپۆڕیی دوو چەمکی جیاوازی لەیەکتر نزیکن، میدیا لە کوردستان کەسی شـــارەزایی تیا کەمە و پســـپۆڕ کەمتـــر، جارێ لە بواری پسپۆڕیدا لەوانەیە ئەو پاساوە هەبێ کە دوێنێ رژێم دەرفەتی بـــۆ قوتابیانی کورد نەدەڕەخســـاند لە بـــواری راگەیانـــدن و رۆژنامەگەریی بخوێنن، لەدوای راپەڕینەوەش و تا ئەم چەند ساڵەی دواییش هیـــچ بـــەش و پەیمانگا و کۆلیژێکـــی تایبەت بە راگەندن نەبوو، بەڵام بۆ مەســـەلەی (شـــارەزایی) ناکرێ هیچ پاســـاوێك بهێنینەوە و بگرە گلەییەکی زۆر لـــە میدیاکارانی کوردســـتان دەکرێت کە وەك پێویســـت نەیانتوانیوە پەرە بە شارەزایی خۆیان بدەن، ئەوەی من دەیڵێم رەها نییە، بەڵام رێژەیەکی زۆر لە ناشارەزایی و ناپسپۆڕیی میدیای کوردستانی کلۆر کردووە و بۆتە گرفتێکی بەردەوامی پڕ ســـەر ئێشە بۆ بوار و ئاســـتی راگەیاندن لە کوردستاندا، دیارە بۆ چارەســـەرکردنی ئەم گرفتە واباشـــە.

-١ بەش و پەیمانـــگا و کۆلیژی تایبەت بە بواری میدیا بکرێتەوە و ئەوەی ئێســـتاش هەیە پەرەی پێ بدرێ و فراوان بکرێ و دەگەڵ ئەوەشـــدا بایەخێکی جـــدیـــی پـــێ بـــدرێ.

-٢ مەشق و راهێنان: پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و بە بەرنامەوە خولی مەشق و راهێنان بۆ میدیاکارانی کوردستان بکرێتەوە و لەو بوارەشدا پێویستە سوود لە پســـپۆڕان و ئەزموونی وڵاتان وەربگرین.

-٣ ناردنە دەرەوەی میدیاکارانی کوردستان: تا ئێستا ناردنە دەرەوەی میدیاکارانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرنامـــە بۆ داڕێـــژراو نابینرێ و ئەوەی هەشـــە ئەوەندە بێ سەروبەرە وا باشـــترە سەری مەنجەڵەکە هەڵنەدەینەوە!!.. ناردنـــە دەرەوەی رۆژنامەنووس و میدیـــاکاران دەبێ هەڵگری ئامانجێك بێت و دواجار ئەم ئامانجەش لە خزمەت راگەیاندن لە کوردســـتان بـــەکاربهێندرێتـــەوە.

-٤ وەلاوەنانی ئەوانەی رۆژنامەنووس نین و بوونەتە بار بەســـەر میدیا لە کوردستاندا: راستیەکە و دەبێ بیڵێیـــن، دەزگاکانی راگەیاندن پڕن لەو کەســـانەی رۆژنامەنووس نین، ناگەڕێمەوە ســـەر هۆکارەکانی ئـــەم پڕکردنـــە و هەروەهـــا نەبوونی دەســـەڵاتی وەلاوەنانیـــان!... لێ هەر هێندە دەڵێـــم ئەوانەی لە راگەیانـــدن کار دەکـــەن دەبـــێ رۆژنامەنووس بن، ناگەڕێمەوە بۆ پێناســـەی رۆژنامەنووسیش، چونکە پێناســـەکان دیار و ئاشـــکران!!..

Salar osman@yahoo.com

# توركیا..
# كودەتایەكی سەربازی بە پێشییەكی قەزائی



فەیسەڵ دەباغ

شەست ساڵە، توركیا حزب و هەڵبژاردە سیاسییەكانی خۆی قڕ دەكات و، چەند ساڵ جارێكیش دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، حزب پێك دەهێنرێ و دەسەڵات وەردەگرێ، كەچی پاشان دەخرێتە ناو دادگای مێژووەوە.

سەرەتا لەساڵی ١٩٦٠ دابوو، كاتێ عەدنان مەندریس لە سێدارە درا، ئەو كات سەرۆك وەزیر و سەركردەی یەكەمی پارتی دیموكراتی بوو، كە ژمارەیەكی پێوانەیی لە هەڵبژاردنەكاندا تۆماركرد (٪٥٥)، پێگە جەماوەرییەكەی شەفاعەتی بۆ نەهێنا هەروا ئەو پێگەیە لە شەستەكاندا شەفاعەتی بۆ سلێمان دەمیرئالیش نەكرد، بەڵام چانسەكەی لە مەندریس باشتر بوو، كودەتاچییەكانی ساڵی ١٩٧١ تەنیا لەسەرۆكایەتی وەزیران لایاندا و كۆدەتاچییەكانی ساڵی ١٩٨٠ش تەنیا بەندیان كرد، لە ژیاندا مایەوە و عیبرەتی وەگرت و بوو بە بووكە شووشە بەدەست مەڵبەندەكانی هێزەوە.

چانسی نەجمەدین ئەربەكان لە سلێمان دەمیرئال خراپتر بوو، هەمیشە ئامانجی عەسكەرەكان بوو، بەخۆی و حزبەكەی زیاتر لە چوار جار لە كاری سیاسی قەدەغەكران، چانسی چەپەكان و سۆسیالیستەكان و سەندیكا كرێكارییەكان لەوانە باشتر نەبوون ئەوەی بەشمشێری كودەتا كۆتایی پێ نەهاتبا، بە گوللەی تاوان كۆتایی پێ دەهات.

ئێستا نۆبەتی رەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گولە، حەوت مانگ لەسەر سەركەوتنە مێژووییەكەیان تێنەپەڕی تا تانە چاوەڕوانكراوە كە هات.

ئا ئەمەیە توركیا، لەشەو و رۆژێكدا، بایەخی خەڵكەكەی سەبارەت بەرووداوە گەرمەكان دەگۆڕێ، تەنیا لەیەك شت نەبێ كە ئەویش بە دواداچوونی هەواڵی ململانێی نێوان ئەو لایەنەی كە ئاراستەكەی ئیسلامییەو ئەو دامەزراوە عەلمانییەی كە لەلایەن ژەنەڕالەكانی سوپا و دادوەران و سەرۆك زانكۆكانەوە پشتگیری دەكرێ، كە ناوە ناوە رووبەڕووی چەند پێشهاتێك دەبێتەوە، كە دواترینیان كاتێ ئەو خەڵكە لەسەر سەدمەی قبوڵكردنی دادگای دەستووری داوای داواكاری گشتی كۆماری بە داخستنی پارتی داد و گەشە پێدانی فەرمانڕەوا و قەدەغەكردنی عەبدوڵڵا گول سەرۆك كۆمار و رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك وەزیران و (٧١) كەسایەتی ناسراوی ئەو پارتە لە كاری سیاسی و بۆ ماوەی (٥) ساڵ، بە تۆمەتی ئەوەی گوایە دژایەتی پڕەنسیپەكانی عەلمانیەتیان كردووە بە ئاگا هاتن.

بەهەرحاڵ خەڵكەكە بەپێی ئاراستەی فیكری و ئایدیۆلۆژیان بە دوای ئەم مەسەلەیەدا چوون، بەشێكیان دژی و بەشێكیشیان لەگەڵیدا بوون و میدیاكانیش هەر پاش رۆژێك لە پێشكەشكردنی داواكە بە دادگای دەستووری گوزارشتیان لە مەسەلەكە كرد.

ئەو میدیانەی كە لە رەوتە ئیسلامییەكەوە نزیكن، هەر وەك رۆژنامەكانی (زەمان) و (یەنی شەفەق) ئەم داوایەیان وەك سەدمەیەك و شەق لێدانێك لە رێڕەوی دیموكراسییەت و سوكایەتی كردن بە بڕیاری گەل لە قەڵەم دا، كە لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی توركیا دا و بەپێی ئەو بڕیارە پارتی داد و گەشەپێدان ٪٤٧ی دەنگەكانی وەدەست هێنا و گەیشتە سەری دەسەڵات.

میدیاكانی سەر بە رەوتی عەلمانیەتیش كە لەگەڵ داواكەی داواكاری گشتی كۆماریی بوون، وەك(حورریەت) ئەو مەسەلەیان بە گەرمترین شەو وەسفكرد لە كەشی ساردی ئەنقەرەدا،

چاودێرە سیاسییەكان ئەو هەنگاوە بە ئەڵقەیەكی نوێ دادەنێن لە هەڵگیرساندنەوەی بارگرژییەكی تر لە نێوان حكومەت بە ئاراستە ئیسلامییەكەی و دامەزراوە عەلمانییەكە كە پێی وایە پارتی دادو گەشەپێدان هەوڵی تێكەڵكردنی ئایین و دەوڵەت دەدات، بەمەیش لە بە ئیسلامیكردنی كۆمەڵگەی توركیای عەلمانی دەترسێ كە رێژەی موسڵمانان تیایدا دەگاتە٪٩٩ ، پارتی ناو براویش رەتی ئەوە دەكاتەوە كە كارنامەیەكی ئیسلامی پەیڕەو كردبێ و زۆر بە توندیش بەرگری لەخۆی دەكات و خۆیشی بە پارتێكی دیموكراسی دادەنێ و بەناوی ئازادی ئایینەوەش بەرگری لە چاكسازییەكانی دەكات.

ئەوەی ئێستا لە هەموو شتێك گرنگتربێ، زانینی سیناریۆ چاوەڕوانكراوەكانە، ئەم بارەش وایكردووە پرسیارێك لە شەقامی توركیا دروست ببێ، كە ئایا چارەنووسی ئەردۆگان هەر وەك چارەنووسی ئەربەكانی مامۆستای دەبێ، كاتێ پارتی (رەفاە) لە كۆتایی سەدەی رابردوودا داخرا؟

هەر وەك عادەتی تورك، ئەم داخوازییە بووەتە هۆی دابەشبوونی دیمەنی سیاسی لە نێوان ئەوانەی لاگیری ئەو دادخوازییە دەكەن و ئەوانەی لە دژینە بەهەڵستكارەكان پێیان وایە زۆر ئەستەمە جارێكی تر میلی كاتژمێرەكە بۆ دواوە بگەڕێ، لەمەشدا پشتیان بەو هێزە جەماوەرییە بەستووە كە ئەو پارتە هەیەتی و پێشیان وایە داخستنی ئەو پارتە، ئەزموونە دیموكراسییەكەی توركیا دەخاتە مەترسییەوە، لەوانەیە هەر لە باریشی ببات كە بەپێی قسەیەكی ئەردۆگان ئەمە دەستدرێژییە بۆ سەر ئیرادەی میللەت و بەپێی قسەیەكی محەمەد میر فوراتی جێگری سەرۆك حزبیش: مەبەست لەم دادخوازییە پارتی داد و گەشەپێدان نییە، بەڵكو لە باربردنی دیموكراسییەتی توركیایە.

هەروا ئەو بەرهەڵستكارانە پشت بەو كۆتانەش دەبەستن، كە لەلایەن یەكێتی ئەورووپاوە سەپێنراوە و توركیا دانووستانی لەگەڵدا دەكات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێكی تەواوی ئەو یەكێتییە، وەك دەست تێوەرنەدانی سوپا لەژیانی سیاسی وڵاتدا و دادگاكان لەرێڕەوی ئەو ئەزموونە دیموكراسییەی كە ئێستا لە توركیا لەئارادایە.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەم هەڵوێستە لە کاتێکدا، کە ئەو گرووپەی لاگیری داواکەی داواکاری گشـــتی کۆمارییە دەکات پێی وایە کە ئەمەی دەکرێ نە لە نزیك و نەلە دوور کار ناکاتە سەر ڕێڕەوی دیموکراسییەت.

چونکە لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا ئەنجام دەدرێ و مافی داواکاری گشتیشە ئەو دادخوازییە لەسەر پارتی داد و گەشەپێدان تۆمار بکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی تێبینی کرد کە ئازادکردنی سەرپۆشی لە زانکۆکان و دانانی مەرجی توند لەسەر خواردنەوە، سەرەتایەکە بۆ دژایەتیکردنی پرەنسیپەکانی عەلمانییەت.

تورکیا خەریکـــە ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ترســـناك ببێتەوە و شـــارەزایانی یاســـاش لە تورکیا دەربارەی پاشەڕۆژی ئەو پارتە دەدوێن و چەند سیناریۆیەك لەبەردەم ئەم کێشەیەدا دادەنێن:

ســـیناریۆی یەکەم: داخســـتنی ئەو پارتەیە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە.

سیناریۆی دووەم: قەدەغەکردنی هەندێ کەسایەتی ئەو پارتە لە ئەنجامدانی کاری سیاسی و دەستگرتنی بەسەر داراییەکەیدا، نەوەکو داخستنی.

زۆربەی هەرە زۆری ئەوشارەزایانە پێیانوایە دەرکردنی دوابڕیار بۆAkp پێویســـت بە٥-٦ مانگ دەکات، داخستنیشی پێویست بە هەڵبژادرنێکی پێشـــوەخت دەکات، کە لەوانەیە ئەندامانی بیر لە دامەزراندنی پارتێکی دیکە بکەنەوە، بەڵام لە بارێکدا ئەگەر هەندێ کەســـایەتی ئەوپارتە لە کاری سیاســـی قەدەغە کران و دەست بەسەر داراییەکەی پارتەکەش گیرا، ئەوە (٧١) ئەندامی لە پەرلەمان دەردەچن، لەوانە سەرۆك وەزیران و سەرۆك پەرلەمان، بەڵام لەو بارەشـــدا ئەمە کار ناکاتە سەر زۆرینەی ئەو پارتە کە (٣٤٠)کورســـی لە پەرلەماندا هەیە، واتە بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ پارتی دووەمدا (پارتی گەلی کۆماری) کە خاوەن (٩٨) کورسییە، کە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو حزبە دەتوانێ بەو زۆرینەیە حکومەتێکی نوێ پێك بهێنێ.

بەڵام شـــارەزایانی یاســـا پێیان وایە کە لە و بارەشـــدا حزبە بەرهەڵســـتکارەکان دەتوانـــن لە ڕووی ئـــەو پێکهاتە حکومییە ڕابوەســـتن، بەتایبەتی ئەگەر (١٢) پەرلەمانتـــاری ئەو پارتە لێی دەربچن. لەم بارەدا و بەپێی دەســـتوور دەبێ هەڵبژاردنێکی پێشوەخت ئەنجام بدرێ.

هەر بەپێی ئەو شـــارەزایانە، لەباری قەدەغەکردنی ســـەرۆك وەزیران لە هەر چالاکییەکی سیاسی و دەستگرتن بەسەر دارایی پارتەکەی، ئەندامەکانی تری ناتوانن بەشـــداری لەو هەڵبژاردنە پێشـــوەختە بکەن، چونکە ئـــەوکات ئەو پارەیەیـــان نابێ تا لە هەڵبژاردنەکەدا سەرفی بکەن، ئەڵلاهومە ڕوو لە جەماوەر بکەن و داوای پیتاکیان لێ بکەن.

ســـەبارەت بە هەڵوێستی ســـەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گولیش کـــە ئەویش لەلایەن داواکاری گشـــتی کۆمارییەوە تاوانبارە بە بەشـــداریکردن لە چالاکییەکانی دژ بە عەلمانییەت، شارەزایان پێیان وایە کە ئەمە یەکـــەم جارە لە مێژووی کۆماری تورکیادا داوایەکی وا ئاراستەی سەرۆك کۆمار بکرێ و هەر بڕیارێکیش بە قەدەغەکردنی ســـەرۆك کۆمار لە ئەنجامدانی کاری سیاسی کار ناکاتە سەر مانەوە لەسەرۆکایەتیدا، بەڵام لە بارێکدا ئەگەر ماوەی حوکمی سەرۆك کۆمار بەر لە (٥)ساڵەکە کۆتایی هات، ئەوە ســـەرۆك کۆمار ناتوانێ بەر لە تەواوبوونی ئەو(٥)ســـاڵە سیاسەت بکات. جا لەبەر ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتی (٧)ساڵە و لە هاوینی ڕابردووەوە دەســـتی پێکردووە، بۆیە هەر حوکمێکی قەزائی کە ماوەکەی (٥)ساڵ بێت کار ناکاتە سەر سەرۆکایەتی گول ئەڵلاهومە ئیلا پاش تەواوبوونی، لێرەدا دوو ئەگەر هەن.

١- دادگا فایلـــی عەبدوڵڵا گـــول تاکۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی دوا بخات.

٢- دادگا قەدەغەی بکات لە هەرکارێکی سیاســـی، کە ئەم ئەگەرەش وا پێشبینی دەکرێ جەدەلێکی زۆری لێ بکەوێتەوە، چونکە ســـەرۆك (حصانە)ی ســـەرۆکایەتی هەیـــە و ناکرێ دادگایی بکرێ.

ڕۆژنامەی (حورییەت) بە پشتبەســـتن بە ســـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو دەڵێ: پارتی دەســـەڵاتدار ئێســـتا خەریکی ئەوەیە قەناعـــەت بە پارتی بزوتنـــەوەی نەتەوەیـــی (مەهەپە)بێنێ هاریـــکاری بکات لـــە هەموارکردنی دەســـتووردا، کە ڕێ بە قەدەغەکردنی حزبەکان نەدات.

لە هەمـــوو بارێکدا ئەم جۆرە دادخوازییـــە بەر لەوەی یەکلا بکرێتەوە چەند مانگێکی پێویســـتە کـــە ئەمەیش وا لە وڵات دەکات لە بۆشاییەکی گەورەدا بژی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەموو جیهان (ئەمەریکا و ئەوروپا) لە دژی ئەو دادخوازییەن و پێیان وایە دەست تێوەردانە لە دیموکراسییەتی تورکیا.

بەپێی ڕۆژنامەی(میللییەت) ســـێ هەڵبژاردە لەبەردەم پارتی داد و گەشەپێدانە:

١- ئەنجامدانی هەموارێکی دەستووری سنووردار لە پەرلەمان بە پاڵپشـــتی ئەو حزبانەی کە لە پەرلەماندان، ئەو هەموارکردنە پێویســـتی بە زیاتر لە$\frac{2}{3}$ی دەنگی ئەندامان هەیە، واتە (٣٦٧) دەنگ. ئەو دوو حزبەی کە دەتوانن ئەو ژمارەیە دابین بکەن دژی هەموارەکەن، هەردووکیشیان لەسەر ســـزادانی کەسایەتییەکانی پارتی داد کۆکن، بەتایبەتی لەسەر سڕینەوەی ناوی ئەردۆگان لە سیاسەتدا.

ڕاستە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) کە خاوەن (٢٠) کورسییە لە پەرلەماندا پشـــتگیری لە ئەردۆگان دەکات، بەڵام ئەو ژمارە کورسییە دادی ئەردۆگان و پارتەکەی ناداتەوە.

٢- ئەو هەموارکردنە بە ڕاپرسییەکی جەماوەری ئەنجام بدرێ، ئەو ڕاپرســـییەش پێویست بە دەنگی (٣٣٠) پەرلەمانتاری هەیە تا بڕیاری لەســـەر بدرێ، بەڵام هەندێ لە یاساناسان هۆشداری ئەوە دەدەن کە هەر هەموارکردنێك یاسایی نابێت گەر کێشەکە لە دادگابێت و حوکمیش دەرنەچووبێ.

٣- پابەندبوون بە ڕێڕەوی یاســـایی کێشـــەکە و قبوڵکردن بە بڕیـــاری دادگای دەســـتووری و پێکهێنانـــی حزبێکی نوێ و بەشـــداریکردن لە هەڵبژاردنـــی پێشـــوەختدا، وەك ئەوەی کە نەجمەدیـــن ئەربەکان کردی، کە لە ماوەی (٣٥) ســـاڵدا (٥) حزبی دامەزراند.

بـــۆ وەڵامدانـــەوەی ئەو پرســـیارەش، کە ئایا چارەنووســـی ئەردۆگان هەر وەك چارەنووســـی ئەربەکانی مامۆستای دەبێ؟ ئەمە لەســـەر دەنگدانی (٧) لە کۆی (١١) ئەندامی دادگای دەستووری ڕادەوەستێ.

**ئایا چارەنووسی ئەردۆگان هەر وەک چارەنووسی ئەربەکانی مامۆستای دەبێ، کاتێ پارتی (رەفاه) لە کۆتایی سەدەی رابردوودا داخرا؟**

**دەرکردنی دوابڕیار بۆ Akp پێویست بە٥-٦ مانگ دەکات، داخستنیشی پێویست بە هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دەکات، کە لەوانەیە ئەندامانی بیر لە دامەزراندنی پارتێکی دیکە بکەنەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو حزبە دەتوانێ بەو زۆرینەیە حکومەتێکی نوێ پێک بهێنێ**

# ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە

## بونیادنانی دیموکراسی لە قۆناغی



# وێناکردنی دیموکراسیدا

## رزگاری نیشتمانی سەختترە



**چەند ئاماژەیەک**

لەم راپۆرتەدا چەند زاراوە و دەستەواژەیەک بەکارهاتوون کە لە موناقەشەی چەمکی دیموکراسییەت و بایەخی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسی مانا و رەهەندی هەموو جۆرە دەگرنەخۆ، هەروەها خودی وشەی «دیموکراسی»یش دیسان تەفسیر و لێکدانەوە و مانای جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، هەربۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر راپۆرتەکە بە پێویستمان زانی پێناسەیەک بۆ ئەو وشە و زاراوانە بکەین کە لەم راپۆرتەدا بەکارمان هێناون:

❖١. دیموکراسی: لەم راپۆرتە مەبەست لە دیموکراسی «دیموکراسی نوێنەرایەتییە Repersentative democracy .

❖٢. پارتی سیاسی: مەبەست ئەو پارتە سیاسییانەیە کە لە بونیادی ناوخۆی پارتەکەدا دیموکراسییەت بوونی هەیە و لە پێناوی دیموکراسییەتدا خەباتی کردووە و قوربانی داوە.

❖٣. شەپۆلەکانی دیموکراسی، مەبەست سێ شەپۆلەکەی دیموکراسییە کە بیریاری بەناوبانگی جیهانی سامۆئیل هەنتینگلتون پۆلێنی کردووە.

❖٤. رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مەبەست ئەو رێکخراوانەیە کە خواستی تاکەکان لەخۆ دەگرێت و لەسەر ئەو خواستانە گوشار لەسەر دەسەڵات دروست دەکات، ئەمانە جیاوازن لە پارتی سیاسی بەهەردوو لایەنی نوێنەرایەتی و ئۆپۆزیسیۆنەوە.

گوڵان

## سروشتی پارتە سیاسییەکان و چەمک و پێناسەی هەمەجۆری دیموکراسی

کە باسی دیموکراسییەت دەکەین، مەبەست سەنگەرگرتن نییە لە چەمك و پێناسە جیاوازەکانی دیموکراسی، هەروەها کە ئاماژە بە پارتی سیاسیش دەکەین، مەبەست سەنگەر گرتن نییە لە بوونی پارتی سیاسی، یان پێدا هەڵگوتنی هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵانە نییە، کە ناویان لەخۆیان ناوە پارتی سیاسی.

دیموکراسییەت یەك چەمك و یەك پێناسە نییە، هەربۆیە بریارێکی وەك ئالان تۆرین کە راپۆرتەکەی بۆ کۆنگرەی دیموکراسی وارشۆ ئامادە کرد ناوی لێنا «دیموکراسی چییە whats democracy ؟ ئەم هەوڵەی تۆرین بیرکردنەوەیە بە رێگەیەکی جیاوازتر لەوەی پێشتر کە بۆ دیموکراسی کراوە، وروژاندنی پرسیارە لەسەر ئاکامی سندوقی دەنگدان و چەمکی زۆرینە و کەمینە و چڕکردنەوەی ماناکانی دیموکراسییەتە بۆ رێگرتن لە دیکتاتۆرییەت و ئەقڵییەتی ئینقلابی لە ژێر پەردە و چەمکی دیموکراسیەتدا.

دیموکراسییەت و بونیادی دیموکراسی وەعز دانی مزگەوتەکان و پرۆفەی وتاربێژی وشە داتاشین و خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی نییە، بەڵکو بونیادی دیموکراسی گرتنەبەری کۆمەڵێك رێوشوێنی پێویستە کەکۆمەڵگە لە وەرچەرخانی قۆناخی رزگاری نیشتمانییەوە بۆ قۆناغی رێکخستنی ئازادییەکان و بونیادنەوەی دامەزراوەکان بۆ بونیادی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی پێویستی پێیەتی.

دیموکراسییەت مانا و رەهەندی ئاڵۆز بەخۆیەوە دەگرێت، هەربۆیە لە پیادەکردنیشدا پێویستی بە جیاکردنەوە و رێکخستنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە هەیە، ئەوانەی ناتوانن خۆیان لە بازنەی موناقەشە بێزەنتییەکانی فەلسەفەی دیموکراسی بێننە دەرێ و هاوبەشی لە بونیادی دیموکراسییەتی دامەزراوەیی سەرەدەمدا بکەن، خۆیان لەو بازنە بۆشەدا دەبیننەوە کە حزب بریتییە لە دەستە بژێرێکی دیکتاتۆر، نەك نوێنەرایەتی خەڵك و دەنگدەرانیان، ئەوان دەیانەوێت بە خەڵکی بڵێن حزب دەبێتەوە سایە بەسەر خەڵك و داوا دەکەن خەڵك گوێرایەڵی خواستەکانیان بێت، کە ئەمەش بۆ هەموو حزبێك راست نییە.

ئەم بۆچوونانە چەندین ئاراستەی جیاواز بەخۆوە دەگرن:

١. ئاراستەیەکی مەبەست ئامێز وەك هەوڵەکانی کۆماری جەماهیری لیبیا کە بە هەموو شێوەیەك بوونی فرە حزبی لە ژێر پەردەی دیموکراتییەتی میللی رەتدەکاتەوە و هەموو شێوازێکی پارتە سیاسییەکان بەدەستەبژێری دیکتاتۆر دادەنێت و سالانە پارەیەکی زۆر لەم پێناوەدا سەرف دەکات و ئامانجەکەشی ئاشکرایە.

٢. ئاراستەیەکی مەبەست ئامێزی دیکە کە لە بایەخ و گرنگی پارتی سیاسی و فرەیی تێدەگات، بەڵام بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خۆیی و بۆ چەواشەکردنی خەڵك و کۆکردنەوەی دەنگ دوولایەنە بە هەردوو چەمەکە کار دەکات بەم شێوەیە:

أ- ئەو مافانە داوا دەکات کە لە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی حزبی سیاسی دا هەیە، ئەویش بریتییە لە پشتگیری و تەمویلکردنی پارتە سیاسییەکان بۆ زەمینە سازی بۆ پلۆرالیزم و ململانێی سیاسی و کێبرکێی هەڵبژاردن.

حکومەت یان دەوڵەت لە سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتییدا پشتگیری ئەم ئاراستەیە دەکات و بەشێك لە خەرجی ئەو حزبانەش لە بوودجەی نیشتمانی دابین دەکات و پەرلەمانیش پەسەندی دەکات.



●●●

**ئەو حزبانەی کە میللەت دەنگی نوێنەرایەتیکردنی پێبەخشیون و مۆڵەتیان پێدراوە و لەماوەیەکی دیاریکراودا «ئەوجا باش یان خراپ» نوێنەرایەتییان بکەن، دەخەنە قاڵبی دەستەبژێری سیاسی دیکتاتۆر، ئەم تێکەڵاوکردنە لەوانەیە بۆ دەسکەوتی کاتی و بەرژەوەندی حزبە بچووکەکان سوودی هەبێت، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە ئەم حزبانە بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی بێ گوێدانە ئایندەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا، هەوڵدەدەن سەرتاپای خواست و گوشارە مەدەنییەکان دەکەنە داخوازی سیاسی و بالادەستی حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، خۆ ئەگەر ئەمە ئامانجیان نییە و هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە گوشارە مەدەنییەکان ئاراستەی راستی خۆیان وەربگرن، ئەوا باشترین رێگە ئەوەیە کە حزبەکانیان هەڵبوەشێننەوە و لەناو رێکخراوە مەدەنییەکاندا خۆیان رێکبخەنەوە**

●●●

ئـەم حزبانە سـوود لەم لایەنـە ئیجابییانـەی دیموکراتییەتی نوێنەرایەتـی وەردەگـرن و ئەمـەش دیاردەیەکـی بەرچاوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

ب- لـە هەمانکاتدا ئەو مافانەش بە خۆیـان ڕەوا دەبینن و کار لەسـەر ئەو چەمك و دەسـتەواژانەش دەکەن کە دیموکراتییەتی میللی یان هاوبەش (Parti Cipatory democracy)



کە داوای دیموکراسـییەتی ڕاسـتەوخۆ دەکـەن و ڕۆڵی حزبی سیاسی وەك میانگیر یان گەیەنەری نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات ڕێکدەخەن ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش بـەو مانایەی خۆیان وەك حزبی سیاسی ئەو مافەیان هەیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئایدیۆلۆژیای حزبی خۆیان قانگ بدەن و گوشاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بگۆڕن بۆ گوشاری سیاسی، لە هەمانکاتدا هەوڵـدەدەن ئەو حزبانەی کە میللـەت دەنگی نوێنەرایەتیکردنی پێبەخشیون و مۆڵەتیان پێدراوە و لەماوەیەکی دیاریکراودا «ئەوجا باش یان خراپ» نوێنەرایەتییان بکەن، دەخەنە قاڵبی دەستەبژێری سیاسی دیکتاتۆر، ئەم تێکەڵاوکردنە لەوانەیە بۆ دەسکەوتی کاتی و بەرژەوەندی حزبە بچووکەکان سوودی هەبێت، بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە ئەم حزبانە بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی بێ گوێدانە ئایندەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا، هەوڵدەدەن سەرتاپای خواست و گوشـارە مەدەنییەکان دەکەنە داخوازی سیاسـی و باڵادەستی حزبی سیاسـی لە کۆمەڵگـەدا، خۆ ئەگەر ئەمـە ئامانجیان نییە و هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە گوشـارە مەدەنییەکان ئاراسـتەی ڕاستی خۆیان وەربگرن، ئەوا باشترین ڕێگە ئەوەیە کە حزبەکانیان هەڵبوەشێنەوە و لەناو ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا خۆیان ڕێکبخەنەوە.

٣. ئاراستەیەکی دیکە بۆ تێکەڵاوکردنی چەمکەکانی دیموکراسی، خۆ دزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی، دوورکەوتنەوەی ڕووکەشە لە ژیانی پارتایەتی سیاسی، بەڵام لە هەمانکاتدا هەوڵی پیادەکردنی ڕۆڵی پارتێکی سیاسی ئۆپۆزیسـیۆنی ڕانەگەینراو دەدەن، شاردنەوەی ئەم چەمك و هەوڵانە بۆ ڕاستکردنەوەی حوکمڕانی و پشتگیری پرۆسـەی دیموکراسـی نییە لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو بۆ کودەتایە بەسەر دیموکراسیەتدا ئەویش لەبەر ئەم خاڵانە:

أ- ئەوانەی هەوڵدەدەن ڕۆڵ و بایەخی حزبی لە ژیانی سیاسـی کۆمەڵگەدا پۆلێن بکەن، تەڕو وشـك پێکەوە ناسووتێنن، مانا و ناسنامەی حزب وەك خۆی پێناسـە دەکەن و بە کۆمەڵگا دەڵێن کام حزب مەترسیدارە وکام حزب پێویستە بۆ پشتگیری پرۆسەی دیموکراسی لەوڵاتدا.

ب- کەمکردنـەوەی ڕۆڵـی سـەرکردایەتی سیاسـی بەهێز و هاندانی بیرۆکراسـییەت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاکامە خراپەکانی نەبوونی چاودێری لەسـەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دامەزراوەیی بیرۆکراسی. هەوڵێکی مەبەست ئامێزە و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم بیرۆکەی ئـەو کودەتایە کە زەمینە سـازی بۆ دەکرێت، لەوانەیە ئەم هەوڵانە لە وڵاتێکدا کە پێشتر زەمینە سازی کودەتای تیایـدا نەبینـراوە و حکومڕانییەکی سـەقامگیری هەبووە، شاردنەوەی ئاسان بێت، بەڵام بۆ ئێمە کە تا ئێستاش بەشێکین لە عێراق و عێراقیش مێژووی هاوچەرخی حوکمڕانی لەسەر پیلانی کودەتایی بونیادنراوە ئێمەی کوردیـش گەورەترین قوربانی ئەو پیلانە کودەتاییانەین، زەحمەتە بە ئاسـانی بەسەرماندا تێپەڕێت، ئەم گومانە چەند پرسـیارێکی گرنگ و پێویست دەوروژێنێت لەوانە:

١. ئایا ئاسـتەنگ دروستکردن بۆ سـەرکردایەتی سیاسی ئەو حزبانەی بـۆ ماوەیەکی دیاریکراو متمانـەی خەڵکیان پێدراوە، هەروەها ڕێگرتن لەوەی کە سەرکردە سیاسییەکان ڕۆڵی بەهێزی

●●●

**ئایا هەوڵدان بۆ هاندانی بیرۆکراسییەت، بێ چاودێری، سەرکردایەتییەکی سیاسی بەهێز، ئایا دامەزراوەکانی حکومەت تا چەند لە ڕۆتین و بیرۆکراتییەدا نقوم دەکات و تا چەند گەندەڵی دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە هیچ کەسێک نەتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوەو چارەسەری بکات**

●●●

●●●

**میکانیزمێکی فەرمی نییە کە حزب بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گەندەڵییە هاوکاری حکومەت بکات**

●●●

●●●

**بیرۆکراسییەت کە چاودێری سیاسی لەسەر نەبوو، هەموو کارەکانی خۆی لە چوارچێوەی ڕۆتیندا پیادە دەکات**

●●●

خۆیان بۆ پشتگیری ئەو پرۆسە دیموکراتییە یان حکومڕانی پیادە بکەن چ مانایەکی هەیە، بێجگە لە بێماناکردنی دیموکراسی؟
٢. ئایـــا هەوڵدان بـــۆ هاندانی بیرۆکراســـییەت، بێ چاودێری، سەرکردایەتییەکی سیاسی بەهێز، ئایا دامەزراوەکانی حکومەت تا چەنـــد لە رۆتین و بیرۆکراتییەدا نقوم دەکات و تا چەند گەندەڵی دەگەیەنێتە ئەو ئاســـتەی کە هیچ کەسێك نەتوانێت رووبەڕووی بێتەوەو چارەسەری بکات.
لێرەدا زۆر پێویســـتە راشکاوانە دەســـت بخەینە سەر برینەکان و راشـــکاوانە هەموو لایەکی لێ ئـــاگادار بکەینەوە، کە هۆکاری سەرەکی بوونی ئەو گەندەڵییە بەربڵاوە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمـــی کوردســـتاندا هاندانی بیرۆکراســـییەتی بێ چاودێری سیاسی بەهێزە، لەم چوارچێوەیەدا و ئەگەر لە خودی هەواڵەکانی میدیاکانی کوردستانەوە ســـەیری ئەو مانشێت و تایتلانە بکەین کە لەسەر دیاردەی گەندەڵی بڵاودەکرێنەوە بە ئاشکرا هەست بەم خاڵانە دەکەین:
-ئەم گەندەڵییەی کە هەیە بەرەنجامی دەســـتێوەردانی حزب نییە لەکاروباری حکومەتدا، بەڵکو بەرەنجامی ئەو نەریتە بیرۆکراسییەیە کە بەبێ چاودێری سیاســـی بەهێز بەڕێوە دەچێت. هەربۆ نموونە کاتێك حزب لەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە بەڕێوەبەرێکی گشتی یان هەر بەڕێوەبەرێك کـــە کادری خۆیەتی، خەڵك لە ئەدای نارازین و لە گەندەڵییەوە گلاوە، حزب بۆی نییە راستەوخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بـــکات، یان میکانیزمێکی فەرمـــی نییە کە حزب بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو گەندەڵییە هاوکاری حکومەت بکات.
-ســـەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بێجگە لە دیاریکردنی شێوەی کابینـــەی وەزارییەکە و ناونانی وەزیـــرەکان، هیچ هاوکارییەکی دیکەی حکومەت ناکەن، ئەم دوورکەوتنەوەیەی پارتی و یەکێتی لە حکومەت، کادرە سیاســـییەکانی هـــەردوولای نەگۆڕیوە بۆ کادری تەکنوکراتـــی ژیانـــی دامەزراوەیـــی، بەڵکو گۆڕاون بۆ کەسێکی بیرۆکراسی، بیرۆکراســـییەتیش کە چاودێری سیاسی لەســـەر نەبوو، هەموو کارەکانی خۆی لـــە چوارچێوەی رۆتیندا پیادە دەکات، هەروەك چۆن لە ئایینیشـــدا فێڵی شەرعی جێگەی رۆتین دەگرێتەوە.
کەواتـــە گرفتی ســـەرەکی ئێمە دەســـتێوەردان و رۆڵی گرنگی حزب نییـــە لە حکومڕانیـــدا، بەڵکو ئەو بیرۆکراســـییەتەیە کە دوور لە چاودێری سیاســـی بەهێز، لە بازنەی رۆتیندا گەندەڵی بڵاودەکاتەوە.

**هەندێک حزبی سیاسی لە بازنەی دوێنێی شۆڕشگێڕی شاخدا خۆیان بەو ئاستە لەدید و متمانەی جەماوەردا بە بچووک نەبینیوە**

## هەڵە وکەموکورتییەکانی دوای قۆناغی رزگاری نیشتمانی و دەسپێکی بونیادی دیموکراسی

کـــە قۆناغی رزگاری نیشـــتمانی تەواو دەبێت کە «هێشـــتا لە کوردستاندا بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە» ئەرك و پێداویستییەکانی حزب لە ژیانی سیاســـی کۆمەڵگە و پێداویســـتی کۆمەڵگە بۆ رۆڵی حزب گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
- لە قۆناغی رزگاری نیشـــتمانیدا حزب ئـــەو کۆمەڵە خەڵکە خۆبەخش و گیان لەسەر دەستە بوون کە خواستێکی دەستەجەمعی کۆمەڵگە بۆ رزگاربوون لە ژێردەستەیی کۆی کردبوونەوە.
ئەوانەی لـــەم قۆناخەدا ئەندامی حزبەکان بـــوون، بۆ فیداکاری خۆبەخشـــانە لەناو حزبەکاندا خۆیان بینیووە، خواستەکانی تاك و خواســـتەکانی کۆمەڵ تێکەڵاوی یەکتری بووین، هەربۆیە تەنیا پێوەر بۆ ئەدای حزب جۆشـــدان و هاندانی خەڵکی زیاتر بووە بۆ قوربانیدان و بەرگری کردن.
-لـــە دوای قۆناغـــی رزگاری نیشـــتمانی و لـــە دەســـتپێکی بونیادی سیســـتەمی سیاســـی و بونیادی ژیانی دیموکراسییدا،





حــزب لەو کۆمەڵە خۆبەخشــەوە گۆڕانکاری بەســەردادێت بۆ وەرچەرخــان بەرەو ڕێکخراوێکی دامەزراوەیی لەناو خودی خۆیدا و هانــدەر و یارمەتیدەر دەبێت بۆ دامەزراندنەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، بەدامەزراوەی دەسەڵات و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشەوە.

-ئەم وەرچەرخانە کارێکی ئاســان نییە، بەتایبەتی بۆ ئەو حزبە سیاســییانەی کە ناتوانن دیموکراســییەت بەرهەم بێنن و لە ناو خودی هەیکەلی حزبی خۆشیاندا بڕوایان بە دیموکراسی نییە.
هەربۆ نموونە ئەو گێژاوەی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیســلامی لە دوای قۆناخی ڕزگاری و نیشــتمانییەوە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوەیە کە نەیانتوانیوە دوای تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە، لە قۆناخی خۆڕێکخستنەوە بۆ ژیانی سیاســی لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا خۆیان ڕێکبخەن، هەربۆیە ئێســتا باجی ئەو پشــێوی و ئاژاوەیە دەدەن کــە لــە دوای قۆناخی ڕزگاری نیشــتمانی ڕووبەڕووی دەبنەوە.
-لە دوای قۆناخی ڕزگاری نیشــتمانی، گۆڕانکاری بەسەر ئەو بازنەیــە دێت کە هەموو کۆمەڵگای بــۆ ئامانجێك کۆکردبووە و بازنەیەکی دیکە دروســت دەبێت کە داوای ماف و ئازادییەکانی تــاك دەکات، بێگومان ئەو تاکانەی دوێنێ نوێنەری خواســت و ئامانجــە هاوبەشــەکانی کۆمەڵ بوون، لــە دیاریکردنی مافی تاکەکاندا خۆیان بە شایســتەی مافی زیاتر لە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەزانن و لەمەش ترســناکتر ئــەو تاکانەی داوای ئەو مافانە دەکەن پشــت بەهێزی یاسا نابەستن، بەڵکو پشت بەو هێزە دەبەستن کە بازنەی شۆڕشگێڕی دوێنێ بۆی دروست کردوون و ئەمڕۆ هەمان هێز بەخۆیان ڕەوا دەبینن. ڕێکخستن و پاداشتکردنی ئەو تاکانە، هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ڕێکخســتنی ئازادییەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویســتی بە پشتگیری هەموو لایەك هەیە بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێکخستنەوە.
-هەندێك حزبی سیاســی لە بازنەی دوێنێی شۆڕشگێڕی شاخدا خۆیــان بەو ئاســتە لەدیــد و متمانەی جەمــاوەردا بە بچووك نەبینیوە، ســەردەمی بەرەی کوردستانی دوێنێ بوو کە کەهەموو پارتە سیاســییەکان خاوەنی مافی ڤیتۆ بــوون، ئەگەر بڕیارێك حزبێکی بچووك پەسەندی نەکردایە ئەو بڕیارە قبوڵ نەدەکرا. بۆ ئەو ســەردەمە ئەم پێکەوە ســازانە بۆ بڕیاردانی دەستەجەمعی و تەوافقی لە بازنەی ئەو ئامانجە گشتییەی کە هەموو کۆمەڵگە لەســەری کۆك بوون کارێکی گونجــاو و لەبار بوو، بەڵام کاتێك ئەم ئامانجە گشتییە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کارێکی ئاسان نییە حزبە بچووکان بەو ئەمری واقیعە ڕازی بن، هەربۆیە لەبری ئەوەی هاوکار و یاریدەدەر بن بۆ ڕێکخســتنی پێداویستییەکانی قۆناخ و بازنە تازەکە، کە ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکانی تاکە، هەوڵدەدەن بازنە کۆنەکە لە دروشمی دیموکراسی دروست بکەنەوە و خواستەکانی تاك دیسان بگێڕێتەوە بۆ خواستی بە کۆمەڵ.
- لــە قۆناخی دوای ڕزگاری نیشــتمانیدا هەندێــك دیاردە و ڕێکخراوی مەدەنی تازە دروست دەبن کە ئامانجیان، ئامانجێکی مرۆیی یان نیشتمانی یان ئارەزووی تاکی کۆمەڵێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەر بۆ نموونە:
١. لەوانەیــە کۆمەڵێــك تاکی دیاریکراو خۆیــان تەرخان دەکەن بــۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتان، ئەم ئامانجە ئامانجێکی پیرۆزە و خواســتی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵیشــە، بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە سەرتاپاگیر نییە بەڵکو تەنیا تایبەتمەندە بەم کێشەیە، هەربۆیە لایەنگرانی یان بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوە، تەنیا ئەو تاکانە نهۆی دەگرێت کە لەم ئامانجەدا خۆیان بە

●●●
**حیزبێکی سیاسی ئایینی ئەو مافە بەخۆی دەدات لەناو کۆمەڵگەدا بە ئازادی و بێ ئەوەی هیچ کەسێک پێی بڵێت چی دەکەی بانگێشە بۆ ڕیکپۆشی(موحەجەبە)ی ئافرەتان و تەبشیری ئایینی بکات و ئەمە بە یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی دیموکراسی بۆ فرە لایەنی سیاسی کۆمەڵگا دادەنێت**
●●●




**ئەو پارتانە ئەوە بە دیموکراسی و فرەلایەنی دەزانن کە هەوڵدەدەن لە ناو جەماوەردا خۆیان لە بەرپرسیاریەتی بدزنەوە و دەزانێت کە پیرۆزیەکانی ئەو نەتەوەیەک بخاتە ژێر گومان پرسیارەوە، هەروەها ئەوەش بە مافی خۆی دەزانێت مێژووی رابردووی هەزاران ساڵەی موسڵمانبوونی میللەتێک (میللەتی کورد) دووبارە بخاتەوە ژێر پرسیار و گومان و هەوڵبدات مێژوویەکی دیکەی بۆ دروستبکات، کە مێژوویەکی هێنراوە و پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ئێمەوە نییە**

هاوبەش دەزانن.

ئامانجی ئەم رێکخراوە هەر بۆ نموونە لەگەڵ ئامانجی حکومەت بۆ رێگرتن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان هاوبەشە، بەڵام گوشاری ئەم رێکخراوە لەسەر حکومەت بەردەوامە، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بکات دان بەو ئامانجەدا بنێت، بەڵکو گوشاری ئەم رێکخراوە بۆ پەلەکردنی حکومەتە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسا و رێوشوێنانەی بۆ ئەم مەبەستە گرتوویەتە بەر.

گوشاری ئەم رێکخراوە لەبەردەوامییەکی بێ کۆتاییە، لەبەر ئەوەی ئەم رێکخراوە گوشارەکەی ئاراستەی حکومەتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ ریشە هەڵکێشانی نەریتێکی نەخوازراوی ناو کۆمەڵگە و بۆ پیادەکردنی یەکسانییە لەناو کۆمەڵگەدا، دوورە لە پرۆگرامی سیاســی و ململانێی وەرگرتنی دەسەڵات، هەربۆیە پێگەی ئەم رێکخراوە ئەگەر وەك پێویست چالاك بێت زۆر لە پێگەی حزبێکی سیاســی بەهێزتر دەبێت و جەماوەریش زیاتر دەبێت و متمانەشی لای خەڵك لە حزبێکی سیاسیش زیاتر دەبێت، قبوڵکردن و هاندانی ئەم رێکخراوە بۆ بەردەوامبوونی بۆ بەرهەمهێنانی گوشار لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان، نیشانەی قبوڵکردنی ماناکانی دیموکراســییە، بەڵام هەوڵدان بۆ بە سیاسیکردنی ئەم گوشارە بێ ماناکردنی دیموکراسییە.

هەندێــك رێکخراوێکــی دیکە کە لە کۆمەڵگەی دیموکراســی دروســت دەبن، رەنگدانەوەی خولیا و ئارەزووی کۆمەڵێك تاکە و لە پێناوی ئەم خولیا و ئارەزووە بەردەوام گوشــار لەسەر دەسەڵات دروست دەکەن هەر بۆ نموونە:

- رێکخــراو یان کۆمەڵەی هاندەرانــی تیپێکی تۆپی پێ، ئەم جۆرە رێکخراوانە کە لە کوردســتاندا نەگەیشــتوونە ئەو ئاستە، بەڵام لە ئەوروپــای رۆژئاوا بۆ داکۆکیکردن لە ئارەزووی خۆیان و قبوڵکردنی دۆڕاندنی تیپەکەیان هەموو سنوور و پرەنسیپەکانی دیموکراســی دەبەزێنن و زۆر ئاسایشە بڵێن هاندەرانی یەکێك لە یانەکانــی بەریتانیا بۆ نموونە( لیڤەرپوول) لەلایەنگرانی پارتی کرێکاران یان پارتی پارێزگاکان زیاترە، ئێستا لە هەموو ئەوروپادا لەم خواســتە تاکە کەســیانە تێدەگەن تەنانەت حکومەتەکانی ئەوروپا ئەمە نابەســتەوە بە سیاســەتی حکومەتی بەریتانیاوە، پارتەکانی بەریتانیا هەوڵنادەن ئەم خەڵکانە بۆ دەنگ کۆکردنەوە بە کاربهێنن.

- هەندێــك رێکخراوی دیکە لــە ناو کۆمەڵگەی دیموکراســی ئامانجەکانیان دژبەیەکە، بەڵام لە چوارچێوی خواستی تاکە کەسی هەر بۆیە رێز لە خواست و ئازادی تاکەکان تا ئەو ئاستە دەگرێت، کە بنەماکانی یاسا و دیموکراسی پێشێل نەکرێت هەر بۆ نموونە:

- رێکخراوی پارێزگاریکردن لە گیانەوەران، کوشتنی گیاندارێکی درندەی وەك شــێر یان پڵنگ تەنانەت گورگیش بە تاوان دەزانن، هەروەها دژی ســەربڕینی ئەو ئاژەڵانــەن کەمرۆڤ بۆ خواردن بەکاریاندەهێنن، بەڵام لەبەرامبــەردا رێکخراوی دیکەش هەن بۆ نموونە رێکخراوی گۆشت فرۆشان ئامانجێکی دیکەی پێچەوانەی رێکخراوی پارێزگاری مافی ئاژەڵانیان هەیە.

هێنانەوەی ئەم نموونانە کە بەدەیان و ســەدان نموونەی دیکەش لەبەردەســتن بۆ شــرۆڤە و شــیکاری چۆنیەتــی رێزگرتن و مامەڵەکردنە لەگەڵ مافی ئازادی تاك ، نەك قۆستنەوەی ئەم مافانە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بەرژەوەندی حیزبی تەسك.



## به سیاسی کردنی گوشاره مەدەنییەکان

حیزبێکی سیاسی ئایینی ئەو مافە بەخۆی دەدات لەناو کۆمەڵگەدا بە ئـــازادی و بێ ئەوەی هیچ کەســێك پێی بڵێــت چی دەکەی بانگێشـــە بۆ ریکپۆشی (موحەجەبە)ی ئافرەتان و تەبشیری ئایینی بکات و ئەمە بە یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی دیموکراسی بۆ فرە لایەنی سیاســـی کۆمەڵگا دادەنێت، ئەوە بە بنەماکانی دیموکراسی و فرەلایەنـــی ئەوە بە دژایەتی دیموکراســـییەت و فرەلایەن دەزانن، کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارەیان دەکەینەوە، کورد و موسڵمانبوون مانای تایبەتی هەیە و هەزاران ساڵە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رەگی داکوتیوە، ناکرێت چەمکی موسڵمانبوونی کورد بە ئیسلامی کەنداوەو گرێ بدرێ، ئەوە بە مافی خۆیان دەزانن پیرۆزی ئاگری نەورۆزی میللەتی موســـڵمانی کورد بخەنە ژێر گومان و پرسیار. بەڵام ئەوە بـــە دژایەتی دەزانن کە پێیان دەڵێن رێزگرتن لە پیرۆزیەکانی نەتەوە بەشێکە لە باوەر و باوەری ئایینی میللەتی ئێمە.

یان پارتێکی نەتەوەیی یان ئایدیۆلۆژی، ئەوە بە بنەمای دیموکراسی و فرەلایەنی دەزانێت لە یەك کاتدا پشـــکی دەسەڵاتی بەربکەوێت و رۆڵی ئۆپۆزســـیۆن بگێرێت بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەی دەکەینەوە ئایا تۆ ئۆپۆزسیۆنی یان بەشداربووی حکومڕانی؟

ئەم پرســـیارە بە شێواندنی بنەماکانی دیموکراسی وێنا دەکات و دەڵێـــن ئێمە کوڕی ئەم میللەتەیـــن و مافی خۆمانە، ئەمە وەك ئەوەی ســـەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە مۆزەنبیقەوە هاتبن و حوکمڕانی خەڵکی کوردستان بکەن.

ئەو پارتانە ئەوە بە دیموکراسی و فرەلایەنی دەزانن کە هەوڵدەدەن لە ناو جەمـــاوەردا خۆیان لە بەرپرســـیاریەتی بدزنەوە و دەزانێت کەپیرۆزیەکانـــی ئـــەو نەتەوەیەك بخاتە ژێر گومان پرســـیارەوە، هەروەهـــا ئەوەش بـــە مافی خۆی دەزانێت مێـــژووی رابردووی هەزاران ساڵەی موسڵمانبوونی میللەتێك( میللەتی کورد ) دووبارە بخاتەوە ژێر پرسیار و گومان و هەوڵبدات مێژوویەکی دیکەی بۆ دروستبکات، کە مێژوویەکی هێنراوە و پەیوەندی بە کۆمەڵگەی ئێمەوە نییە.

بەڵام ئەوە بە دژی دیموکراسییەت و بنەماکانی فرەلایەنی دادەنێت کە پێی بڵێین، بۆ ئەمرۆی کوردستان پێداویستی قوتابخانە و نەخۆشخانە و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویســـتەکان لەدروستکردنی مزگەوت پێویسترن.

ئەوە بە دژی دیموکراســـییەت و فرەلایەنی دەزانێت کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارەیان دەکەینەوە ئایا مانا و چەمکی هاوولاتیبوون لای ئێوە چی دەگەیەنێ وچەمکی هاولاتیبوون لە ئیخوان موسلمین گەورەترە.

ئەوە بـــە دژایەتـــی دەزانن کاتێك دەســـتی یارمەتی بـــۆ دوومالّ لەگەڕەکێکدا درێژ دەکەن و ١٠ ماڵی دیکەش پێویستی بە یارمەتییە، بـــەڵام لەبەر ئەوەی بە چەمکی تێگەیشـــتنی ئـــەوان ئەو ١٠ماڵەی دیکە ناچنە خانەی هاوولاتیبوون(اخوان المسلمین) ئەوا ئەو یارمەتییە نایانگرێتەوە.

رۆڵـــی واعیـــز و وتاربێژ بگێڕن و نەهامەتی و کـــەم و کورتییەکانی خەڵـــك بکەنە کارتی دەنگ کۆکردنەوە بـــۆ حیزبەکانیان، بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارە دەبنەوە، ئایا ئەم هەوڵانە پشتگیری کردنە لە پرۆسەی دیموکراسی و هاندانی رێکخراوە مەدەنییەکانە بۆ بەرهەهێنانی گوشاری مەدەنی، ئەوا هەوڵدەدەن وا خۆیان پیشانی رای گشتی بدەن کەدەسەڵات ئازادی رادەربڕین سنووردار دەکات.

ئەوە بە دژی دیموکراسییەت و فرەلایەنی دەزانێت کاتێک ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەیان دەکەینەوە ئایا مانا و چەمکی هاووڵاتیبوون لای ئێوە چی دەگەیەنێ وچەمکی هاووڵاتیبوون لە ئیخوان موسلمین گەورەترە

پرۆفیسۆر جۆن مایکل کاری
ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کالیفۆرنیا بۆ گوڵان:

# پارتە ئیسلامییەکان دیموکراسی وەک ئامرازێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات سەیر دەکەن نەک درێژەپێدان بە سیستەمە دیموکراسییەکە



**ئەگەر پارتەکان لەسەر بناغەی ناسنامە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژی و ئایینی دامەزرابن، ئەوا ئەنجامدانی گفتوگۆ زەحمەت دەبێت**

**■ پرۆفیسۆر جۆن مایکل کاری، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کالیفۆرنیا، پسپۆرو تایبەتمەندە لە بوارەکانی گەشەپێدانی دیموکراسی و ریفۆرم و هەڵبژاردن و ململانێی سیاسی لە سیستەمە دیموکراسییەکانداو هەروەها یەکێکە لە چالاکگەرەکانی فریدەم هاوس Freedam house و ساڵانە بەشداری لە هەڵسەنگاندنی رەوشی ئازادی لە جیهاندا دەکات، سەبارەت بە ئاستی پرۆسەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵی پارتە سیاسییەکان پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر کلاری کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■**

**بەبێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز سیاسییەکان ناتوانن رۆڵێکی تەندروست و دیموکراتییانە بگێڕن**

## پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگ و دامەزراوەیی دەبینن بەڵام ناتوانن جێی بەشداریکردنی هاووڵاتییە ئاساییەکان بگرنەوە

***پارتی سیاسیی وەك رێکخراوێکی دامەزراوەیی چ رۆڵێك لە بوونیادی دیموکراسییدا دەگێڕن؟**

- پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگ و دامەزراوەیی (موئەسەساتی) دەبینن لە هەڵسوڕاندنی سیستمی سیاسی دیموکراسییدا، پارتەکان بیروبۆچوونی رێکخراو جەماوەریان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، بەڵام ناتوانن جێی بەشداریکردنی هاووڵاتییە ئاساییەکان بگرنەوە لە بەشداریکردن لە سیستمێکی سیاسی دیموکرسییدا.

## ئەگەر پارتە سیاسییەکان لەسەر بناغەی ناسنامە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژی و ئایینی دامەزرابن ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵیاندا زەحمەت دەبێت

***ئایا سروشتی پارتە سیاسییەکان گۆڕان لە بایەخ و ئەرک و رۆڵی پارتە سیاسییەکاندا دەبینێت؟**

-پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی تا دوا رادە گرنگیان هەیە لە دارشتنی و درێژەپێدانی دیموکراسیدا، بەڵام ئەوەش دەوەستێتە سەر سروشتی پارتە سیاسییەکان، بۆ نموونە ئەگەر پارتەکان لەسەر بناغەی ناسنامە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژی و ئایینی دامەزرابن، ئەوا ئەنجامدانی گفتوگۆ زەحمەت دەبێت لەگەڵ پارت و هاووڵاتییەکانی دیکەدا. لەبەر ئەوە رۆڵی پارتەکان گرنگە بەڵام دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن و چۆن نوێنەرایەتی جەماوەرەکەی خۆیان دەکەن.

## بەبێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز سیاسییەکان ناتوانن رۆڵێکی تەندروست و دیموکراتییانە بگێڕن

***لە کۆمەڵگەی دیموکراسییدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمهێنەری گوشارن لەسەر دەسەڵات، ئایا چۆن گوشاری مەدەنی لە گوشاری سیاسی جیا بکەینەوە؟**

- ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگن بۆ

کارکردنێکی تەندروستانەی سیستمێکی دیموکراسی، هەروەها رۆڵێکی گرنگیش دەبینن لە بواری سیاسییدا، بۆ نموونە یەکێتییە بازرگانییەکان و کۆمەڵە و دامەزراوە گشتییەکان و ئەم رێکخراوانە کارنامەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم رێکخراوانە نابنە جێگرەوە و بەدیلی پارتە سیاسییەکان و بەشداریکردنی سیاسی، بەڵام پارتە سیاسییەکان ناتوانن رۆڵێکی تەندروست و دیموکراتیانە بگێڕن بێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز.

## دەبێت عێراق پەند لە یوگسلافیای پێشوو وەربگرێت و دەبێت هەوڵبدات دەسەڵاتی زیاتر بدات بە هەرێمەکان

***گرفتی سەرەکی دیموکراسییە تازەکان ئەوەیە کە پرۆسەکە لە بونیادی دامەزراوەکان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان رووبەڕووی ئاکامی توندوتیژی دەبێتەوە، هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە ؟**

- ئەوە لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا بۆتە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە، بۆ نموونە ئەو دەوڵاتانەی هەڵدەستن بە داپڵۆسین و سەرکوتکردنی ناوچەیەك یاخود گرووپێکی نەتەوەیی یا ئیتنی دیاریکراو لە کاتی لاواز بوونی ئەم دەوڵەتانەدا هەروەك لە کۆتایی سەردەمی کۆمۆنیزم لە ئەورووپای رۆژهەڵات و ناوچەی بەلقاندا بینیمان ئەوا وڵاتەکەدا دووچاری لێکترازان و پارچە پارچە بوون دەبێت کە هاوشان دەبێت بە توندوتیژی، باشترین نموونە وڵاتی یوگسلافیای پێشووە کە هەرچەندە لە رووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو بوو، هەروەها لە رووی سیاسییەوە تا رادەیەك کراوە بوو، بەڵام چارەنووسی بە کارەسات کۆتایی هات، یوگسلافیا بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك دابەش بوو کە هیچیان لە رووی ئابوورییەوە وەك یوگسلافیای پێشوو دەوڵەمەند نین و توندتیژی لەسەر ئاستی مەحەلی درێژەی هەیە و تۆڕەکانی مافیا ئابووری ئەو وڵاتانەیان کۆنترۆڵکردووە. ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی دوای کۆتایی هاتنی حوکمی تاکڕەوی و تۆتالیتاری کە ناوچەی بەلقان رووبەڕووی بووەوە. دەبێت عێراق دەرس لەو بارودۆخانە وەربگرێت و هەوڵبدات ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر بدات بە هەرێمەکان و بەشێوەیەکی دیموکراسی هەوڵی بەشدارییپێکردنی هاووڵاتییان و گرووپە جیاوازەکان بدات لە دەسەڵاتدا بۆ ئەوەی رێگە لە دابەشبوونی وڵاتەکە بگرێت کە دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە شڵەژانی بارودۆخی ئابووری و سەرهەڵدانی پشێوی سیاسی لە ناوچەکەدا.

## دەبێت میدیای ئازاد بەرپرسیارانە رەفتار بکات و رەچاوی مەوزوعییەت و بێلایەنی بکەن و نەبنە ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەجێندە جیاوازەکان

***سیستمی دیموکراسی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و میدیای ئازاد دامەزراوە، ئایا تا چ رادەیەك دابەشکردنی دەسەڵات و راگەیاندنی ئازاد خزمەت بە دیموکراسی دەکەن؟**

لە راستیدا هەردووکیان گرنگن بۆ خستنەگەڕ و خزمەتکردنی دیموکراسییەت، من وەك کەسێکی ئەکادیمی جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی راگەیاندنی ئازاد دەکەمەوە، بەڵام پێم وایە دەبێت لە هەمانکاتدا دەزگاکانی راگەیاندن بەرپرسیارانە رەفتار بکەن و رەچاوی مەوزوعییەت و بێلایەنی بکەن و نەبنە ئامرازێك بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەجێندە جیاوازەکان، بەڵکو ببنە سەرچاوەی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییە راست و دورست و باوەڕپێکراوەکان و شەفافییەت هەبێت لە کارەکانیاندا.

کاتێك مێژوو و ئەزموونی ئەو وڵاتانە لەبەرچاو دەگرین کە هەوڵی جێگیکردنی دیموکراسییان داوە، ئەوا بە داخەوە نەتوانراوە هەموو کات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دیموکراسی پیادەبکرێت. دیموکراسی تەنها لە سازکردنی هەڵبژاردنەکاندا چڕنابێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ساختەکاریان تێدا دەکرێت و دەستکاری دەکرێن، هەروەها دیموکراسی یەکسان نییە بە بوونی بازاڕی ئازاد هەروەك هەندێ کەس خوازیاری ئەوەن هاوکێشەکە بەو جۆرە بخەنەڕوو، راستە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا بەڵام یەکسان نین بە یەك. دیموکراسییەتی بەهێز و سەرکەوتوو پێویستی بە چەسپاندنی رۆڵی یاسا و دابینکردنی ئاسایشی ئابووری و سەلامەتی شەخسییە، هەروەها پێویستی بە بوونی راگەیاندنی کراوە و ئازاد و دەزگاو دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆیە کە بتوانێت یاسا و رێساکانی دژە گەندەڵی بسەپێنێت، واتە چوارچێوەیەکی یاسایی سەقامگیر کە هاووڵاتییان بتوانن پشتی پێ ببەستن بۆ مافە سیاسییەکان و بۆ مافەکانی مۆڵکدارێتی. بەو پێیە سیستمی دیموکراسی بریتییە لە سیستمی بەشداریکردن، لە هەمانکاتدا لەسەر بنچینەی چوارچێوەیەك دامەزراوە کە هەمووان کۆکن لەسەری کە دەبێتە مایەی هێنانەدی سەقامگیری و درێژەپێدانی سەقامگیری. بێ بوونی ئەو رەگەزانە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دیموکراسییەتێکی راستەقینەمان هەیە و خاوەنی حکومڕانیکردنێکی باشین.

## دەکرێت پارتە ئیسلامییەکانیش وەک پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوا هەر پارتی ئایینی بن بەڵام تێگەیشتنێکی عەلمانیان هەبێت

*** لە دیموکراسییەتی رۆژهەڵاتدا کاتێك پارتە ئیسلامییەکان دەگەنە دەسەڵات بەهۆی بوونی ئایدۆلۆژیاکانیانەوە ناتوانن دیموکراسی بەرهەم بهێنن، ئایا تا رادەیەك ئەم پارتانە هەڵگری مەترسین بۆ سەر دیموکراسی؟**

- مەفهومی ئیسلام هەمیشە دژی دیموکراسی نییە، هەربۆیە دەکرێت پارتە ئیسلامییەکانیش بە چەشنی پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوابن، واتە لەگەڵ ئەوەی پارتێکی ئایینین، بەڵام تێگەیشتنێکی عەلمانیان هەیە و پابەندن بە هاوکاری کردن لەگەڵ پارتەکانی دیکە و لەگەڵ هاووڵاتییانی دیکەدا. کێشەکە ئەوەیە کاتێك پارتێك کە لەسەر بناغەی ئایینی یا ئایدیۆلۆژی شمولی دامەزرابێت هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بدات لەسەر حیسابی پارت و لایەنەکانی دیکە.

**ئەوانەی بانگەشەی بۆ پێویستی جێگیرکردن و چەسپاندنی دیموکراسی دەکەن خۆیان دیموکراسییانە رەفتار ناکەن**

●●●

**دەبێت میدیای ئازاد بەرپرسیارانە رەفتار بکات و رەچاوی مەوزوعییەت و بێلایەنی بکەن و نەبنە ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەجێندە جیاوازەکان**

●●●

●●●

**دیموکراسی یەکسان نییە بە بوونی بازاڕی ئازاد هەروەک هەندێ کەس خوازیاری ئەوەن هاوکێشەکە بەو جۆرە بخەنەڕوو، راستە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا بەڵام یەکسان نین بە یەک**

●●●

●●●
**مەفهومی ئیسلام هەمیشە دژی دیموکراسی نییە، هەربۆیە دەکرێت پارتە ئیسلامییەکانیش بە چەشنی پارتە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوابن، واتە لەگەڵ ئەوەی پارتێکی ئایینین، بەڵام تێگەیشتنێکی عەلمانیان هەیە**
●●●

*** بــە پێی ئامارەکانی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە لە مەســەلە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنەکان سازدەکرێن، بەڵام ئەم هەڵبژارنانە نابنە هۆی هێنانەئارای دیموکراسی، ئایا هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیە چیین؟**

- لە راستیدا لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا تەوژمێکی جیهانی لە ئارادایە کە دیموکراســی باشترین ڕێگەی حکومڕانیکردن و هەڵســوڕاندنی کار و ئەرکەکانی کۆمەڵگەیە، واتە هاوڕاییەك هەیە لەســەر پێویســتی پیادەکردن و گرتنەبەری دیموکراسی. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی بانگەشەی پێویستی جێگیرکردن و چەســپاندنی دیموکراسی دەکەن خۆیان دیموکراسییانە ڕەفتار ناکــەن و ئەم بانگەشــەیە لە کردەوەکانیانــدا ڕەنگ ناداتەوە. سازدانی هەڵبژاردنەکان بەشێکن لە پرۆسەی دیموکراسی، ئەو هەڵبژاردنانەش دەبێت بە ئازادی و بێ ساختەکاری ئەنجام بدرێن، هەروەها دەبێــت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئازادی گفتوگۆکردن و شــیکردنەوەی کێشــەکانیان هەبێت و دەبێت کەشێکی کراوە بۆ




کێبڕکێی سیاسی بڕەخســێنرێت. کاتێك بەشێك لە دانیشتوانی وڵاتەکە بێبەش دەکەیت لە مافی دەنگدان بە پاســاو و بیانووی ئەوەی مافی دەنگدانیان نییە و کاتێك تەنها پارتێکی دیاریکراو بەسەر پرۆسەیە سیاسییەکەدا باڵادەست دەبێت، ئەوا لەو کاتانەدا ئەگەرچــی هەڵبژاردنەکان ســازدەکرێن و رووکار و ڕواڵەتێکی دیموکراسی بۆ سیستمەکە دروست دەکرێت بەڵام دیموکراسییەتی راستەقینە بوونی نابێت.

**لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە نزیکەی سەد ساڵی خایەند هەتا فەرەنسییەکان شێوە و ئەزموونە جیاوازەکانیان تاقیکردەوە**

***ئەی ئەگەر لەســەر ئاســتی هەموو عێراق باسی بوونیادی دیموکراسی بکەین ؟**

-من ئومێدەوارم کە سەرەڕای سەختییەکان خەڵکی عێراق بتوانن ڕێگەیەکــی خۆیان بدۆزنەوە، ئەوە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. من هەمیشــە ئەوە بیری خەڵکی دەهێنمەوە کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە نزیکەی سەد ساڵی خایەند کە فەرەنسییەکان شێوە و ئەزموونە جیاوازەکان تاقیبکەنەوە، راســتە ئەوە مۆدیلێك نییە تاوەکو پیادە بکرێت. تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خەباتێکی دوورودرێژمان بەرپاکرد تاوەکو ئەوە دەستنیشان بکەین کێ هاووڵاتییەکی تەواوە لەم وڵاتەدا. هەروەها ئەمەریکا شەڕی ناوخۆیی بە خۆوە بینی. عێراق پێویستی بەوە هەیە کە هەستی نیشتمانی بۆ بگەڕێنرێتەوە و هەموو لایەنەکان بە گرووپە ئایینی و ئیتنییە جیاوازەکانەوە بەشــدارییان پێبکرێت لە کاروبارەکانی حکومڕانێتیکردندا. راســتە دەبێت مافی ئۆتۆنۆمی بدرێت بە هەرێمەکان بەڵام دەبێت هەمووان بەشــدارییان پێبکرێت لە پرۆژە نیشــتمانییەکەدا. من پێم وایە دەکرێت ئەم پرۆژەیە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیــە کەلتوورێکی دوورودرێژی گفتوگۆکردنی هەیە. واتە خەڵکــی دەبێت پتر کراوە بن و تێڕوانینێکی هاوبەشــیان هەبێت بۆ ئایندە.

**مەترسی لەسەر دیموکراسی هەرێمی کوردستان دژایەتی دەرەکی و چەند لایەنێکی عێراقییە**

***ئەی چۆن لــە ئایندەی دیموکراســی دەڕوانیت لە هەرێمی کوردستاندا؟**

-ڕەنگە کوردســتان بەختەوەرترین بەشــی عێراق بێت، راســتە کوردستان ئارامی و ئاسایشی تێدایە بەڵام گیروگرفتیشی زۆرە، لەبەر ئەوەی نیگەرانن لە هەوڵ و نیازی دەوڵەتە دراوســێکان و هەروەهــا چەند لایەنێکی ناو عێراق هەن کە حەســوودی بە بارودۆخی سەقامگیری کوردستان دەبەن. دەبێت کوردەکان لەوە تێبگەن کە دیموکراســی بریتییە لە گفتوگۆکردن و دەبێت ئەو راستییەیان لەبەرچاوبێت کە دەبێت لە ئاست لایەنەکانی دیکەدا کــراوە بن و گفتوگۆ و دانوســتاندنیان لەگەڵدا بکەن و ئەگەر پێویســت بوو ســازش بکەن، ئەوکاتە پێگە و هەڵوێســتیان لە مەودای دووردا بەهێزتر دەبێت.

●●●
**ڕەنگە کوردستان بەختەوەرترین بەشی عێراق بێت، لەبەر ئەوەی نیگەرانن لە هەوڵ و نیازی دەوڵەتە دراوسێکان و هەروەها چەند لایەنێکی ناو عێراق هەن کە حەسوودی بە بارودۆخی سەقامگیری کوردستان دەبەن**
●●●

پرۆفیسۆر عەلی بەنوعەزیزی
ئوستادی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی لە زانکۆی بۆستن بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پارتێکی سیاسی لە حوکمڕانیدا، کۆتایی ژیانی سیاسی پارتەکانی دیکە نییە



بیرکردنەوە بەو ئاراستەیەی کە سەرکەوتنی پارتێکی دیاریکراو لە حکومرانیدا کۆتایی ژیانی سیاسی پارتێکی دیکەیە یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە گرفتارە

دەبێت ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت بۆ ئەوەی ئازادانە چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن

■ پرۆفیسۆر عەلی بەنوعەزیزی ئوستادی زانستی کۆمەڵناسی سیاسییە لە زانکۆی بۆستن و ئۆرجینالی ئێرانییە و ڕەگەزنامەی ئەمەریکی هەیە، پسپۆر و تایبەتمەندە لە بوارەکانی کەلتووری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نووسەری کتێبی شەهید بوون و کەلتووری سیاسییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

Martyrdom and policed culture of the middle easer

هەروەها لە بوارەکانی بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی چەمکی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی پسپۆرە و لەمبوارەشدا چەندین کتێبی هەیە، هەروەها بایەخێکی گرنگ بە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستان دەدات و لەمبارەوە کتێبێکی نووسیووە بە ناوونیشانی «سیاسەتی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی لە ئێران و ئەفغانستان و پاکستان».

بەنوعەزیزی بێجگە لەوەی پسپۆر و ئەکادیمییە لە (بواری سیاسەتی کۆمەڵناسی و کەلتووری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتە پاکستان لە هەمانکاتدا ڕۆژهەڵاتییە و زیاتر لەسەر پرسەکان هەڵوەستەکانە، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە دیموکراسییەکاندا پەیوەندییان بە پرۆفیسۆر عەلی بەنوعەزیزی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.■

**بیرکردنەوە بەو ئاراستەیەی کە سەرکەوتنی پارتێکی دیاریکراو لە حکومرانیدا کۆتایی ژیانی سیاسی پارتێکی دیکەیە یەکێکە لەو کێشانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە گرفتارە**

*** لە سیستەمی دیموکراسیدا پارتەکان دوو ڕۆڵی جیاواز دەبینن، هەندێکیان جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و هەندێکیان لە بەرەی بەرهەڵستکاریدان، تا چ رادەیەك ئەم پارتانە کاریگەر دەبن لە سەر کۆمەڵگە و ئایا هەڵوێستی پارتە بەرهەڵستکارەکان چی دەبێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی گرنگە، من پێموایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی گرنگترین ئیعتباری سیاسی کە لەبەرچاو بگیرێت لە مەسەلەی چۆنییەتی کارکردنی پارتە سیاسییەکاندا، ئەوەیە هەر کاتێك پارتی دەسەڵاتدار و حکومڕان لە هەڵبژارنەکاندا دۆڕاندی نابێت لە گۆڕەپان و شانۆ سیاسییەکە بکرێتە دەرەوە، دەبێت هەلی ئەوەیان پێبدرێت کە بەشداری پێبکەنەوە و دووبارە بیگەڕێننەوە، بە گوزارشتێکی دیکە ئەو بیرۆکەیەی کە سەرکەوتنی پارتێکی دیاریکراو کۆتایی ژیانی سیاسی پارتێکی دیکەیە یەکێکە

لەو کێشـــانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە گرفتارە. لەبەر ئـــەوەی بوونی پارتە بەرهەڵســـتکارەکان گرنگە و لە هەمانکاتدا ئەوەش گرنگـــە کە دەبێت گەرەنتی ئەوە هەبێت پارتـــە دۆڕاوەکان بتوانن دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوەو پەرە بە بەرنامە سیاسییەکەی خۆیان بدەن و دووبارە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری و ململانێ بکەنەوە.

**زۆر جار باسی دیموکراسی دەکرێت و تەنیا لە سازدانی هەڵبژاردنەکاندا کورت دەکرێتەوە، لە دیموکراسی راستەقینەدا دەبێت گرووپە مەدەنییەکان، پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت**

## جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پارتی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیەو نابێت تێکەڵ بکرێن

***جگـــە لە پارتـــە دەســـەڵاتدار و بەرهەڵســـتکارەکان لە دیموکراسیدا، چەند ڕێکخراوێکی ســـەربەخۆ هەن کە پێیان دەوترێـــت ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنـــی، کە ئەم ڕێکخراوانەش فشار دەخەنە ســـەر پارتە حکومڕانەکان، ئایا جیاوازی نێـــوان ئەم ڕێکخراوانە و پارتە بەرهەڵســـتکارەکان چییە؟**

- جیاوازیەکی زۆر گرنگ هەیە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگی و بایەخ بە چەند بەرژوەندییەکی دیاریکراو دەدەن و فشـــار دەخەنە ســـەر حکومەت یاخـــود ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان

بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندییـــە دیاریکراوانە لەبەرچاوبگرن، لە کاتێکدا گرنگی پارتە سیاسییەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو بەرژەوەندییانە دەکاتە بەرنامەیەکی نیشتمانی. لەبەر ئەوە دەبێت ڕێگە بە ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت بۆ ئـــەوەی ئازادانە چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم ڕێکخراوانە زۆر جیاوازن لە گەڵ پارتە سیاســـییەکاندا، هەروەك پێشـــتر ئاماژەم پێکرد ئەم ڕێکخراوانە جەخت لەسەر چەنـــد بەرژوەندییەکـــی بەرتەســـك دەکەنەوە، لـــە کاتێکدا پارتە سیاســـییەکان بەرژەوەندی بەربڵاوتر لەبەرچاودەگرن و مەودای بایەخپێدانەکانیان چەندین چینی جیاواز دەگرێتەوە و ڕەنگە هەنـــدێ لە ڕێکخراوانـــەی کۆمەڵگەی مەدەنیش بگرێتەخۆی.

**دابەشکردنی دەسەڵات و ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا هەمو کاتێک کارێکی ئاسان نییە**

## پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراسیدا پردێک پێکدەهێنن و ئەو چوراچێوە تەسکەی ئیتنی و ئاینی تێدەپەڕێنن

*** لە سیســـتەمی دیموکراســـیدا بیروبۆچوونـــە جیاوازەکان ڕێکدەخرێن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە لە چوارچێوەی سیســـتەمەکەدا هەڵدەســـوڕێن، لە کاتێکدا ئەم جیاوازییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا بوونە ســـەرچاوەی دژایەتی و دوژمنایەتی، ئایا دەرئەنجامە مەترســـیدارەکانی ئەم حاڵەتە چییە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت؟**

- ئەوە پرســـیارێکی زۆر باشە، کێشـــەکە ئەوەیە کە زۆرێك لـــە ڕێکخـــراو پارتەکانی ئـــەو ناوچەیە لە ســـەر بناغەی ئیتنی یاخود ئایینی یا لەســـەر بناغەی ناسنامەیەکی زۆر بەرتەسك دامەزرێنراون، بۆ نموونە تورکمانەکان، هەرچەندە چەنـــد نیگەرانییەکی ڕەوایان هەیە، بـــەڵام بەرەیەکیان بۆ خۆیـــان پێکهێناوە و ئەوەش پارتێکی سیاســـی نییە. پارتە سیاســـییەکان پردێك پێکدەهێنن و ئەو چوارچێوە تەسکەی ئیتنی و ئاینی تێدەپەڕێنن، لەبەر ئەوەی ئەگەر یەکێك لەو پارتانە لە هەڵبژاردنەکاندا ســـەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا حکومەتێك پێکدەهێنێت کە تایبەت دەبێت بە ئیتنەکەی یاخود ئایینەکەی خۆی، بەڵام پارتە سیاســـییەکان بەرنامەیەکی نیشـــتمانی گشـــتگیریان هەیە و بەرژوەندییە بەربڵاوەکان لەبەرچاو دەگرن.

## جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پارتی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیەو نابێت تێکەڵ بکرێن

***جگە لـــە پارتە دەســـەڵاتدار و بەرهەڵســـتکارەکان لە دیموکراســـیدا، چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هەن کە پێیان دەوترێـــت ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنی، کە ئەم ڕێکخراوانەش فشـــار دەخەنە سەر پارتە حکومڕانەکان، ئایا جیاوازی نێوان ئەم ڕێکخراوانە و پارتە بەرهەڵســـتکارەکان چییە؟**

- جیاوازیەکی زۆر گرنگە هەیە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی گرنگـــی و بایەخ بـــە چەنـــد بەرژوەندییەکی دیاریکـــراو دەدەن و فشـــار دەخەنە ســـەر حکومەت یاخود ئەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان بۆ ئەوەی ئەو بەرژەوەندییە دیاریکراوانـــە لەبەرچاوبگرن، لە کاتێکـــدا گرنگی پارتە سیاســـییەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو بەرژەوەندییانە دەکاتە بەرنامەیەکی نیشـــتمانی. لەبـــەر ئەوە دەبێت ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی بدرێت بۆ ئەوەی ئازادانـــە چالاکییەکانـــی خۆیان ئەنجام بـــدەن، بەڵام ئەم ڕێکخراوانـــە زۆر جیاوازن لە گەڵ پارتە سیاســـییەکاندا، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەم ڕێکخراوانە جەخت لەسەر چەند بەرژوەندییەکی بەرتەسك دەکەنەوە، لە کاتێکدا پارتە سیاســـییەکان بەرژەوەنـــدی بەربڵاوتـــر لەبەرچاودەگرن و مەودای بایەخپێدانەکانیان چەندین چینی جیاواز دەگرێتەو و ڕەنگە هەندێ لە ڕێکخراوانـــەی کۆمەڵگەی مەدەنیش بگرێتەخۆی.

## بوونی پارتە سیاسییەکان لە سیستەمی دیموکراسیدا زۆر گرنگە

*** پارتە سیاســـییەکان چ ڕۆڵێك دەبینین لە سیســـتەمی دیموکراسیدا؟**

زۆر جار باســـی دیموکراســـی دەکرێت و تەنیا لە سازدانی هەڵبژاردنەکانـــدا کـــورت دەکرێتـــەوە، لە دیموکراســـی

راستەقینەدا دەبێت گروپە مەدەنییەکان، پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت و هاوپەیمانێتیش لەنیوان پارتەسیاسییەکاندا بۆ بونیادی دامەزراوەکانی دیموکراسی هەبیٚ، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من بوونی پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگە لە سیستەمی دیموکراسیدا. بە داخەوە لە بارودۆخی ئێستای عێراقدا پارتە سیاسییەکان رۆڵی سروشتی و راستەقینەی خۆیان نابینن.

## دەبێت پارتە سیاسییەکان بوارێکی پێویست بڕەخسێنن بۆ پەروەردە و هۆشیاری سیاسی

***چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن سیستەمێکی دیموکراسی دابڕێژن؟ ئایا کاریگەری ئەم پارتە سیاسییانە چییە لە سەر دامەزراندنی دیموکراسی؟**

- بوونی ئەم پارتانە تا دوا رادە گرنگن، لەبەر ئەوەی یەکەم ئەم پارتانە دەبنە کەناڵێك بۆ ئاڕاستەکردن و رێکخستنی چالاکییە سیاسییەکان، بیٚ بوونی ئەم پارتانە پشێوی باڵدەکێشێت بەسەر بارودۆخەکەدا، لەبەر ئەوەی بیروبۆچونی جیاواز هەیە لە کۆمەڵگەدا و ئەم پارتانە دەبنە هۆکارێك بۆ یەکخستن و رێکخستنی ئەو بیروڕا جیاوازانە. خاڵی دووەم ئەوەیە پارتە سیاسییەکان دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ خستنەڕوی تێڕوانینە جیاوازەکان لە سەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، هەروەها دەرفەت دروست دەکەن بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسییەکان بگۆڕێن بۆ بەرنامە سیاسییەکان، واتە چوارچێوەیەك دابین دەکەن بۆ چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کار و چالاکییە سیاسییەکان یاخود چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەت. خاڵی سێیەم ئەوەیە پارتە سیاسییەکان بوارێکی پێویست دەڕەخسێنن بۆ پەروەردە و هۆشیاری سیاسی. بۆ نمونە ئەگەر بیر لە بەشداری پێکردنی توێژی گەنجان بکەیتەوە لە ژیانی سیاسیدا ئەوا ئەو پەروەردە و گۆشکردنە سیاسییە لە سیاقێکدا باشتردا ئەنجام دەدرێت کە پارتە سیاسییەکان بوونیان هەبێت تێیدا، بەو پێیە بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگە بۆ سازکردنی زەمینە بۆ دامەزراندنی دیموکراسی.

## گرنگە ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و شەرعییەتی حکومڕانیرکردنی دەبێت بەرژەوەندی پارتەکانی دیکەش رەچاو بکات

***سیستەمی دیموکراسی لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات و میدیای ئازاد دامەزراوە، ئایا تا چ رادەیەك دابەشکردنی دەسەڵات و راگەیاندنی ئازاد خزمەت بە دیموکراسی دەکەن؟**

-هەرچەندە دابەشکردنی دەسەڵات و رەخساندنی زەمینە بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا هەمو کاتێك کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گرنگە ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و شەرعیەتی حکومڕانیرکردنی دەبێت بەرژەوەندی پارتەکانی دیکەش رەچاو بکات.

## پارتەکان دەتوانن لە پەرلەماندا به هۆی تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی تێروتەسەلەوە پەرە بە بەرنامەکانیان بدەن و حکومڕانیکردنێکی باش بخەنەگەڕ

*** وتەیەك هەیە کە دیموکراسی بریتییە لە حکومڕانیکردنی باش، ئایا تا چەند ئەم وتەیە راست و دروستە، ئایا چۆن دەکرێت دیموکراسی دەتوانێت حکومڕانیکردنی باش بەرهەم بهێنێت؟**

-لە راستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانیکردنی باشدا، لە زۆر بارودۆخدا دیموکراسی کارا و کاریگەر نابێت و ئەو پارتە جیاوازانەی هەڵدەستن بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومڕانێتی دووچاری ئیفلیج بوون دەبنەوە و ناتوانن پەرە بە بەرنامەکانیان بدەن. کەواتە چەند هەنگاوێك هەیە لە نێوان بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ حکومڕانیکردن و خستنەگەڕی حکومەتێکی باش و سەرکەوتوودا. بەڵام پارتەکان دەتوانن لە پەرلەماندا بە هۆی تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی تێروتەسەلەوە پەرە بە بەرنامەکانیان بدەن و حکومڕانیکردنێکی باش بخەنەگەڕ.

- لە راستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانیکردنی باشدا، لە زۆر بارودۆخدا دیموکراسی کارا و کاریگەر نابێت و ئەو پارتە جیاوازانەی هەڵدەستن بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومڕانێتی دووچاری ئیفلیج بوون دەبنەوە

***بە پێی ئامارەکانی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە لە مەسەلە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنەکان ساز دەکرێن، بەڵام ئەم هەڵبژارنانە نابنە هۆی هێنانە ئارای دیموکراسی، ئایا هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیە چین؟**

-لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەو هەڵبژارنانە ساختەکاریان تێدادەکرێت و هەڵبژادنی راستەقینە نین، لەو حاڵەتەشدا حکومەتەکە شەرعییەتی نابێت و کات و سەرچاوەکانی وڵاتەکە بۆ بەرگری لە خۆکردن و سەرکوتکردنی هێزەکانی دیکە تەرخان دەکات. بەڵام هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ئەوروپا و هەندیٚ لە وڵاتانی ئاسیا کە بە پێچەوانەوە شەرعییەتێکی زیاتریان هەیە و دەتوانن بەرگەی فشارەکان بگرن.

## راستە حکومەتێکی هاوپەیمانی لە بەغدا هەیە بەڵام پارتی سیاسی عێراقی بوونی نییە

***ئایا دەتوانرێت دیموکراسی لە عێراقدا دابمەزرێنرێت لە ئایندەدا، تێڕوانینتان چییە لەم روەوە؟**

من پێموایە ئەوە ئەرکێکی تا دوا رادە پڕ لە تەحەددایە. هەنگاوی یەکەم دەبێتە پارتەکان ئەندامانی ئێتن و ئایینەکانی دیکە لە خۆبگرن و تەنیا پارتێکی شیعی یا سوننی یا کوردی نەبێت، ئەمەش هەنگاوێکە گرنگە بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی عێراق، بە داخەوە ئەمە هێشتا رووی نەداوە. راستە حکومەتێکی هاوپەیمانی هەیە لە بەغدا، بەڵام پارتی سیاسی عێراقی بوونی نییە.

راستە حکومەتێکی هاوپەیمانی لە بەغدا هەیە بەڵام پارتی سیاسی عێراقی بوونی نییە

**پرۆفیسۆر جاسۆن براونلی**
**ئوستادی یاسایە لە بەشی حکومەت لە زانکۆی تەکساس بۆ گوڵان:**

# مەرج نییە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانی باشدا هەبێت



■ پرۆفیسۆر جاسۆن براونلی، ئوستادی یاسایە لە بەشی حکومەت لە زانکۆی تەکساس و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر سیاسەتی ململانێ لە دیموکراسییەت و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروەها ئەندامی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و سەروەری یاساشە لە زانکۆی ستانفۆرد وساڵی پاریش کتێبێکی بەناونیشانی( سەرکوتکاری لەسەردەمی دیموکراسییدا) نووسیووە.
ئەمە بێجگە لە چەندین کتێب و توێژینەوە سەبارەت بە بوونیادی کۆمەڵگەی دیموکراسی لە قۆناغی دوای سەرکوتکاری و رژێمە توتالیتارییەکاندا بۆ تاوتوێکردنی چۆنییەتی بوونیادی دیموکراسی و پیادەکردنی باش پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جاسۆن براونلی کرد و بەرێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

●●●
**زۆربەی ئەم پارتانەی عێراق پەیوەستن بە میلیشیایەکی دیاریکراوەوە کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت بەسەر بارودۆخەکەوە**
●●●

### بارودۆخی کوردستان لە هەموو روویەکەوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازە و پارتەکانی عێراق پارتی سیاسی نیین

***پارتی سیاسی دڵی بزوێنەری سیستەمی دیموکراسییە، بەڵام لە عێراقدا دەیان پارتی هەیە و دیموکراسیش بوونی نییە، بەڵام لەکوردستاندا جیاوازە؟**

-من پێم وایە پارتە سیاسییەکان عێراق پتر بایەخ بە بەرژوەندییەکانی خۆیان دەدەن و هەرچەندە ئەوە شتێکی نائاسایی نیە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پارتەکان بەرژەوندییەکانی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، بەڵام پارتەکانی عێراق پارتی سیاسی نیین، لە رووی ئەوەی ئەم پارتانە چەند رێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆبن و کاریگەری هێزەکانی دیکەیان بەسەرەوە نەبێت. زۆربەی ئەم پارتانەی عێراق پەیوەستن بە میلیشیایەکی دیاریکراوەوە کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت بەسەر بارودۆخەکەوە، واتە هێزی ئەم پارتانە لەو میلیشیایانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە راستیدا بارودۆخی کوردستان لە هەموو روویەکەوە جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق پارتەکان خاوەنی میلیشیان و کاریگەریشیان بە هۆی ئەم میلیشیایانەوەیە.

لەوانەیە لە ئایندەدا عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی، بەڵام هەنگاوی یەکەم هەنگاوێکی سەخت دەبێت لەو پرۆسەیەدا، من پێم وایە دەبێت سەرەتا داگیرکاریەکە کۆتایی پێ بهێنرێت و عێراقییەکان خاوەنی ئیرادەیەکی ئازاد بن بۆ دەستنیشانکردن و دارشتنی سیستەمی حکومڕانی بە بێ ئەوەی هێزە دەرەکیەکان کاریگەریان هەبێت لە سەری. ئەوە رێسایەکی بنەڕەتییە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەگەر لە ئەفریقیا یا لە ئاسیا یا ئەمریکای لاتینی بڕوانیت ئەوا هەمان شت بەدی دەکەیت، عێراقی ئەمڕۆ عێراقێکی خاوەن سەروەری نییە بە هۆی بوونی داگیرکاری ئەمریکییەوە. من ناڵێم لەگەڵ کۆتای هاتنی داگیرکاریدا،عێراق دەبێتە وڵاتێکی دیموکراسی، بەڵام هەر کاتێك عێراقییەکان خۆیان توانیان بڕیاری ئەوە بدەن بە چ شێوەیەك کێشە بنەڕەتییەکان خۆیان چارەسەر دەکەن ئەوا دەکرێت باسی دیموکراسیش بکەین، من ئومێد و گەشبینیم بە توانای عێراقییەکان هەیە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی بە تێپەڕبوونی

کات، هەرچەندە ڕەنگە ئەو پرۆسەیە چەند نەوەیەك درێژەبکێشێت.

**لە وڵاتێکدا شەڕی ناوخۆ هەبێت**
**کاری پارتە سیاسییەکان زەحمەت دەبێت**

***کەواتە بەرای تۆ لە هەندێـك حاڵەتدا هەموو کۆمەڵە خەڵکێك بە پارتی هەموو لە قەڵەم نادرێن، باشـە چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن سیستەمێکی دیموکراسـی دابڕێژن؟ ئایا کاریگەری ئەم پارتە سیاسییانە چییە لە سەر دامەزراندنی دیموکراسی؟**

-لە ڕاسـتیدا پارتە سیاسـییەکان دەتوانن بە هۆی دروستکردن و ڕەخسـاندنی دەرفەتەوە بۆ ئەو گـرووپ و لایەنانەی کە دەنگ و سەنگیان نییە لە حکومەتدا کە بتوانن بەشداربن و نوێنەریان هەبێت لە حکومەتدا یارمەتی دارشـتن و جێگیرکردنی دیموکراسی بدەن. هەروەها دەتوانن بە هۆی بەشداریکردن لە حکومەت و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە یارمەتی پرۆسەی دیموکراسی بدەن. حاڵی حازر عێراق لە شەڕێکی ناوخۆییدایە و لە هەل و مەرجی شەڕی ناوخۆییشدا، هەرچەندە کوردستان بەشێك نییە لەو شەڕە بەڵام ئەم شەڕە بەشەکانی دیکەی عێراقی گرتۆتەوە نزیك بوونە و کرانەوەی پارتە سیاسییەکان کارێکی زەحمەتە و ئەمەش بۆ هەموو باروودۆخەکانی شەڕی ناوخۆ ڕاسـتە و تەنانەت لە سەردەمی شـەڕی ناوخۆیی ئەمەریکاشدا بەو شـێوەیە بووە، واتە بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی ناسەقامگیری و توندوتیژی ئەنجامدانی ئەو ئەرکە قورسە.

من نازانـم چ لایەنێك لە عێراقدا ڕۆڵی بەرهەڵسـتکار دەبینێت، ڕەنگە سوننەکان بە حوکمی ئەوەی دەسەڵاتێکی زۆریان نییە ڕۆڵی بەرهەڵسـتکار ببینن، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا پارتە باڵادەستەکان بریتین لە پارتە شیعەکان و پارتە کوردییەکان.

**من نازانم ئایا دیموکراسی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بوونی هەیە؟ بەڵام بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق، کوردستان خاوەنی حکومڕانێتییەکی باش و باروودۆخێکی سەقامگیر و ئارامترە**

*** ئەی چۆن سەیری ئایندەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەیت؟**

-هەرێمی کوردسـتان بە بـەراورد بە بەشـەکانی دیکەی عێراق خاوەنی حکومڕانێتییەکی باش و ئاستێکی نزمی توندوتیژی و پتر سـەقامگیر و ئارامترە. من نازانم ئایا دیموکراسی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە و ئازادانەی دەسەڵاتەوە هەیە و ڕەنگە کوردستان لەو ڕووەوە لە سەرەتای گەشـەکردنی سیاسییدا بێت. هەروەها من پێم وایە ئەم ئەزموونی کوردستان بۆ پێش داگیرکارییەکەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، لە دوای دابینکردنی ناوچەی ئارامەوە، بە تایبەتی جێگیرکردنی ئارامی و سـەقامگیری لە ساڵی ١٩٩٩ەوە بە شێوەیەکی پتەو هەنگاوی بۆ هەڵگیرا. بۆ ماوەی دەیە و نیوێکە کوردستان هەلی خۆبەڕێوەبردنی بۆ هەڵکەوتووە، کە ئەمە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق نەڕەخساوە.

**مەرج نییە پەیوەندییەکی بەهێز**
**لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانیکردنی باشدا هەبێت**

**پەیوەندی نێوان دیموکراسی و حکومرانی باش چۆنە ؟ ئایا هەموو کات حکومرانی باش ڕەنگدانەوەی دیموکراسییەتە؟**

مەرج نییەپەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانیکردنی باشـدا هەبێت، ئەگەر مەبەستمان لە حکومڕانیکردنی باش بریتی بێت لە حکومەتێك کە پێداویسـتییەکان خەڵـك دابین بکات و بە شـێوەیەکی کارا خزمەتگوزارییەکان فەراهەم بهێنێت، واتە دەکرێت حکومەتێکی نادیموکراسـییەتی هەبێت و ئـەم خزمەتگوزاری و پێداویستییانە دابین بکات، وڵاتی سەنگافورە یەکێکە لە نموونەکان. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت دیموکراسـییەتی هەبێت و دەسـەڵات لە نێوان لایەنەکاندا دابەشـکرابێت، بەڵام ئەو پێداویستییانە دابین نەکات. باشـترە بەو شـێوەیە بیر لە دیموکراسی بکرێت کە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی دەسەڵات دامەزرێنرابێت، نەك تەنیا بیر لە دەرئەنجامەکانی سیستەمی حکومڕانییەکە بکرێتەوە وەك پێوەرێك بۆ دیموکراسی بوونی ئەو سیستەمە.

**بوونی چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی باروودۆخە سەقامگیرییەکەیەتی**

***جگە لە پارتە دەسەڵاتدار و بەرهەڵستکارەکان لە دیموکراسییدا، چەند ڕێکخراوێکی سەربەخۆ هەن کە پێیان دەوترێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەم ڕێکخراوانەش فشـار دەخەنە سـەر پارتە حکومڕانەکان، ئایا جیـاوازی نێوان ئەم ڕێکخراوانە و پارتە بەرهەڵستکارەکان چییە؟**

- ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی دیموکراسـی ناتوانـن لە هەل و مەرجێکدا چالاکییەکانیـان درێژە پێبدەن کە ناکۆکی و توندوتیژی باڵادەسـتە تێیدا، ڕەنگە بە حوکمی ئارامی و ئاسایشی کوردستان ئەم ڕێکخراوانە بتوانن لە کوردسـتاندا کاربکەن، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا خەڵکی تەنانەت ناتوانن لە شـوێنە گشتییەکاندا کۆببنەوە بە بێ ئەوەی ترسـی ئەوەیان هەبێت بکەونە بەر هێرش و پەلامار. ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو کەسانە پێکهاتووە کە خۆبەخشانە کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ گرنگیپێدان و پەرەپێدانی بوارێکی دیاریکراو، بەڵام لە حاڵەتی عێراقدا ڕۆڵی میلیشـیاکان زیاتر و گەورەترە لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات هەبێت ئەوا یەکێک لە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی دیموکراسیمان دابین کردووە**

*** سیسـتەمی دیموکراسـی لە سەر دابەشـکردنی دەسەڵات و میدیای ئازاد دامەزراوە، ئایا تا چ رادەیەك دابەشکردنی دەسەڵات و ڕاگەیاندنی ئازاد خزمەت بە دیموکراسی دەکەن؟**

ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات هەبێت لە نێو هێز و لایەنە جیاوازەکاندا، ئەوا یەکێك لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دیموکراسیمان دابین کردووە، ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات لە ئارادا نەبوو ئەوا دەسەڵاتێکی تاکڕەو و سەرکوتکار حکومڕانی دەکات.میدیای ئازادیش دەبێت هۆکارێك بۆ پیشـاندانی جیاوازییەکان ولێکنزیکردنەوەی جیاوازییەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر جیاوازەکان ببنە سەرچاوەی دروستبوونی دوژمنایەتی، ئەوا هەمیشە ئەگەری هەڵکشـانی ناکۆکی و توندوتیژییەکان لە ئارادا دەبێت.

●●●

**هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق خاوەنی حکومڕانێتییەکی باش و ئاستێکی نزمی توندوتیژی و پتر سەقامگیر و ئارامترە. من نازانم ئایا دیموکراسی ڕاستەقینە لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە و ئازادانەی دەسەڵاتەوە هەیە و ڕەنگە کوردستان لەو ڕووەوە لە سەرەتای گەشەکردنی سیاسییدا بێت**

●●●

●●●

**ئەگەر جیاوازییەکان ببنە سەرچاوەی دروستبوونی دوژمنایەتی، ئەوا هەمیشە ئەگەری هەڵکشانی ناکۆکی و توندوتیژییەکان لە ئارادا دەبێت**

●●●

پرۆفیسۆر نۆرمە کلاری مۆربوزی
ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی شیکاگۆ بۆ گوڵان:

# ئەوانەی بانگەیشە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی دەکەن، خۆیان دیموکراسییانە رەفتار ناکەن



ديموكراسى يەكسان نييە بە بوونی بازاڕی ئازاد هەروەک هەندێ کەس خوازیاری ئەوەن هاوکێشەکە بەو جۆرە بخەنەڕو

■ خاتوو نۆرمە کلاری، ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی شیکاگۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی دیموکراسییەتی لیبرالی و بەراوردکردنی لەگەڵ پیادەکردنی دیموکراسی و کەلتووری سیاسیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چەندین توێژینەوە و وتاری لەمبارەیەوە لە میدیا و رۆژنامەکانی جیهانیدا بڵاوکردۆتەوە.
بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر کەلتووری سیاسیی و بونیادی دیموکراسی  لە عێراق و کوردستان  و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندیمان بە خاتوو نۆرمە کلاری کردو بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

سیستەمی دیموکراسی بریتیە لە سیستەمی بەشداریکردن

**پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگ و دامەزراوەیی دەبینن بەڵام ناتوانن جێی بەشداریکردنی هاوڵاتییە ئاساییەکان بگرنەوە**

***پارتی سیاسیی وەك رێکخراوێکی دامەزراوەیی چ رۆڵێك لە بونیادی دیموکراسییدا دەگێڕن؟**

- پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگ و دامەزراوەیی (موئەسساتی) دەبینن لە هەڵسوڕاندنی سیستەمی سیاسیی دیموکراسییدا، پارتەکان بیروبۆچوونی رێکخراوی جەماوەریان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، بەڵام ناتوانن جێی بەشداریکردنی هاوڵاتییە ئاساییەکان بگرنەوە لە بەشداریکردن لە سیستەمێکی سیاسیی دیموکرسییدا.

**ئەگەر پارتە سیاسییەکان لە سەر بناغەی ناسنامە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژی و ئاینی دامەزرابن ئەوا ماڵەکردن لە گەڵیاندا زەحمەت دەبێت**

***ئایا سروشتی پارتە سیاسییەکان گۆران لە بایەخ و ئەرك رۆلی پارتە سیاسییەکاندا دەبینێت؟**

-پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی تا دوا رادە گرنگیان هەیە لە دارشتن و درێژەپێدانی دیموکراسییدا، بەڵام ئەوەش دەوەستێتە سەر سروشتی پارتە سیاسییەکان، بۆ نموونە ئەگەر پارتەکان لە سەر بناغەی ناسنامە بەرتەسکەکانی ئایدیۆلۆژی و ئاینی دامەزرابن، ئەوا ئەنجامدانی گفتوگۆ زەحمەت دەبێت لەگەڵ پارت و هاوڵاتییەکانی دیکەدا. لەبەر ئەوە رۆڵی پارتەکان گرنگە بەڵام دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن و چۆن نوێنەرایەتی جەماورەکەی خۆیان دەکەن.

**بە بێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز سیاسییەکان ناتوانن رۆڵێکی تەندروست و دیموکراتییانە بگێڕن**

***لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمهێنەری گوشارن لەسەر دەسەڵات، ئایا چۆن گوشاری مەدەنی لە گوشاری سیاسیی جیا بکەینەوە؟**

- ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگن بۆ کارکردنێکی تەندروستانەی سیستەمێکی دیموکراسی، هەروەها

رۆڵێکـــی گرنگیـــش دەبینن لە بواری سیاســـییدا، بۆ نموونە یەکێتیـــە بازرگانییەکان و کۆمەڵە و دامەزراوە گشـــتیەکان و ئەم رێکخراوانـــە کارنامەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم رێکخراوانە نابنە جێگرەوە و بەدیلی پارتە سیاســـییەکان و بەشـــداریکردنی سیاسیی، بەڵام پارتە سیاسییەکان ناتوانن رۆڵێکی تەندروست و دیموکراتییانە بگێڕن بێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز.

## دەبێت عێراق پەند لە یوگسلافیایی پێشوو وەربگرێت و دەبێت هەوڵ بدات دەسەڵاتی زیاتر بدات بە هەرێمەکان

***گرفتی سەرەکی دیموکراســـییە تازەکان ئەوەیە کە پرۆسەکە لە بونیادی دامەزراوەکان و چارەســـەری ئاشتییانەی کێشەکان رووبەرووی ئاکامی توندوتیژی دەبێتەوە، هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە ؟**

- ئەوە لە ماوەی بیســـت ســـاڵی رابردوودا بۆتە ســـەرچاوەی مەترســـییەکی گەورە، بۆ نموونە ئەو دەوڵەتانەی هەڵدەستن بە داپڵۆسین و سەرکوتکردنی ناوچەیەك یاخود گرووپێکی نەتەوەیی یا ئیتنی دیاریکراو لە کاتی لاواز بوونی ئەم دەوڵەتانەدا هەروەك لە کۆتایی ســـەردەمی کۆمۆنیزم لـــە ئەوروپای رۆژهەڵات و ناوچـــەی بەلقاندا بینیمان ئەوا وڵاتەکـــە دووچاری لێکترازان و پارچە پارچە بوون دەبێت کە هاوشـــان دەبێت بە توندوتیژی، باشـــترین نموونە وڵاتی یوگسلافیای پێشووە کە هەرچەندە لە رووی ئابووریەوە ســـەرکەوتو بوو، هەروەها لە رووی سیاسییەوە تا رادەیەك کراوە بوو، بەڵام چارەنووســـی بە کارەسات کۆتایی هات، یوگســـلافیا بۆ چەند دەوڵەتێکی بچووك دابەش بوو کە هیچیان لە رووی ئابوورییەوە وەك یوگسلافیای پێشو دەوڵەمەند نین و توندتیژی لە ســـەر ئاســـتی مەحەلی درێژەی هەیە و تۆڕەکانی مافیا ئابووری ئەو وڵاتانەیان کۆنترۆڵکردووە. ئەوەش یەکێکە لە کێشەکانی دوای کۆتاییی هاتنی حوکمی تاکرەوی و تۆتالیتاری کە ناوچەی بەلقان رووبەڕووی بوەوە. دەبێت عێراق دەرس لـــەو بارودۆخانە وەربگرێت و هەوڵ بدات ئۆتۆنۆمیەکی زیاتر بدات بە هەرێمەکان و بە شـــێوەیەکی دیموکراسی هەوڵی بەشـــداریپێکردنی هاوڵاتیـــان و گرووپە جیـــاوازەکان بدات لە دەســـەڵاتدا بۆ ئەوەی رێگە لە دابەشبوونی وڵاتەکە بگرێت کە دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە شڵەژانی بارودۆخی ئابوری و سەرهەڵدانی پشێوی سیاسیی لە ناوچەکەدا.

## دەبێت میدیایی ئازاد بەرپرسیارانە رەفتار بکات و رەچاوی مەوزوعیەت و بێلایەنی بکەن و نەبنە ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەجێندە جیاوازەکان

***سیســـتەمی دیموکراسی لە سەر دابەشـــکردنی دەسەڵات و میدیای ئـــازاد دامەزراوە، ئایا تا چ رادەیەك دابەشـــکردنی دەسەڵات و راگەیاندنی ئازاد خزمەت بە دیموکراسی دەکەن؟**

لە راستیدا هەردووکیان گرنگن بۆ خستنەگەڕ و خزمەتکردنی دیموکراســـییەت، من وەك کەســـێکی ئەکادیمی جەخت لەسەر گرنگی رۆڵی راگەیاندنی ئازاد دەکەمەوە، بەڵام پێم وایە دەبێت لە هەمان کاتدا دەزگاکانی راگەیاندن بەرپرسیارانە رەفتار بکەن و رەچـــاوی مەوزوعیەت و بێلایەنی بکـــەن و نەبنە ئامرازێك بـــۆ پڕوپاگەنـــدە کردن بۆ ئەجێنـــدە جیـــاوازەکان، بەڵکو ببنە سەرچاوەی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاریە راست و دورست و باوەڕپێکراوەکان و شەفافیەت هەبێت لە کارەکانیاندا.

کاتێـــك مێژوو و ئەزموونی ئەو وڵاتانـــە لەبەرچاو دەگرین کە هەوڵی جێگیکردنی دیموکراسییان داوە، ئەوا بە داخەوە نەتوانراوە هەموو کات بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دیموکراسی پیادەبکرێت. دیموکراسی تەنیا لە سازکردنی هەڵبژاردنەکاندا چڕنابێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ساختەکاریان تێدا دەکرێت و دەستکاری دەکرێن، هەروەها دیموکراسی یەکسان نییە بـــە بوونی بازاڕی ئازاد هەروەك هەندێ کەس خوازیاری ئەوەن هاوکێشەکە بەو جۆرە بخەنەڕو، راستە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان دیموکراسی و بازاڕی ئازاددا بەڵام یەکسان نین بە یەك. دیموکراســـیەتی بەهێز و ســـەرکەوتوو پێویستی بە چەسپاندنی رۆڵی یاســـا و دابینکردنی ئاسایشـــی ئابووری و سەلامەتی شەخسییە، هەروەها پێویستی بە بوونی راگەیاندنی کراوە و ئازاد و دەزگاو دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆیە کە بتوانێت یاسا و رێساکانی دژە گەندەڵی بسەپێنێت، واتە چوارچێوەیەکی یاسایی ســـەقامگیر کە هاوڵاتیان بتوانن پشـــتی پێ ببەستن بۆ مافە سیاسییەکان و بۆ مافەکانی مۆڵکدارێتی. بەو پێیە سیستەمی دیموکراســـی بریتیە لە سیســـتەمی بەشـــداریکردن، لە هەمان کاتدا لە ســـەر بنچینەی چوارچێوەیەك دامەزراوە کە هەموان کۆکن لەســـەری کە دەبێتە مایەی هێنانەدی ســـەقامگیری و درێژەپێدانی ســـەقامگیری. بێ بوونی ئـــەو رەگەزانە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە دیموکراســـییەتێکی راستەقینەمان هەیە و خاوەنی حکومڕانیکردنێکی باشین.

●●●

**لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا تەوژمێکی جیهانی لە ئارادایە کە دیموکراسی باشترین رێگەی حکومڕانیکردن و هەڵسوڕاندنی کار و ئەرکەکانی کۆمەڵگەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی بانگەشەی پێویستی جێگیرکردن و چەسپاندنی دیموکراسی دەکەن خۆیان دیموکراسیانە رەفتار ناکەن**

●●●

## دەکرێت پارتە ئیسلامییەکانیش وەک پارتە مەسیحییەکانی رۆژئاوا هەر پارتی ئایینی بن بەڵام تێگەیشتنێکی عەلمانیان هەبێت

*** لە دیموکراســـییەتی رۆژهەڵاتدا کاتێك پارتە ئیسلامییەکان دەگەنە دەســـەڵات بە هۆی بوونی ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە ناتوانن دیموکراسی بەرهەم بهێنن، ئایا تا رادەیەك ئەم پارتانە هەڵگری مەترسین بۆ سەر دیموکراسی؟**

- مەفهومـــی ئیســـلام هەمیشـــە دژی دیموکراســـی نییە، هەربۆیەدەکرێـــت پارتە ئیســـلامییەکانیش بە چەشـــنی پارتە مەسیحیەکانی رۆژئاوابن، واتە لەگەڵ ئەوەی پارتێکی ئاینین، بەڵام تێگەیشتنێکی عەلمانیان هەیە و پابەندن بە هاوکاری کردن لەگەڵ پارتەکانی دیکە و لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکەدا. کێشەکە ئەوەیە کاتێك پارتێك کە لە سەر بناغەی ئاینی یا ئایدیۆلۆژی شمولی دامەزرابێت هەوڵی بەدی هێنانی ئامانجەکانی بدات لە سەر حیسابی پارت و لایەنەکانی دیکە.

●●●

**لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خەباتێکی دورودرێژمان بەرپاکرد تاوەکو ئەوە دەستنیشان بکەین کێ هاوڵاتییەکی تەواوە لەم وڵاتەدا**

●●●

## ئەوانەی بانگەشەی بۆ پێویستی جێگیرکردن و چەسپاندنی دیموکراسی دەکەن خۆیان دیموکراسییانە رەفتار ناکەن



*** بـــە پێی ئامارەکانی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە لە مەســـەلە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنەکان سازدەکرێن، بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە نابنە هۆی هێنانەئارای دیموکراسی، ئایا هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیە چین؟**

- لە راستیدا لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا تەوژمێکی جیهانی لە ئارادایە کە دیموکراســـی باشترین رێگەی حکومڕانیکردن و هەڵســـوڕاندنی کار و ئەرکەکانی کۆمەڵگەیە، واتە هاوڕاییەك هەیە لەســـەر پێویســـتی پیادەکردن و گرتنەبەری دیموکراسی. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی بانگەشەی پێویستی جێگیرکردن و چەسپاندنی دیموکراســـی دەکەن خۆیان دیموکراسیانە رەفتار ناکـــەن و ئەم بانگەشـــەیە لە کردەوەکانیانـــدا رەنگ ناداتەوە. ســـازدانی هەڵبژاردنەکان بەشێکن لە پرۆسەی دیموکراسی، ئەو هەڵبژاردنانەش دەبێت بە ئازادی و بێ ساختەکاری ئەنجام بدرێن، هەروەها دەبێـــت دەزگاکانی راگەیاندن ئازادی گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی کێشەکانیان هەبێت و دەبێت کەشێکی کراوە بۆ کێبڕکێی سیاســـی برەخسێنرێت. کاتێك بەشێك لە دانیشتوانی وڵاتەکـــە بێبەش دەکەیت لە مافی دەنگدان بە پاســـاو بیانوی ئـــەوەی مافـــی دەنگدانیان نییـــە و کاتێك تەنیـــا پارتێکی دیاریکراو بەســـەر پرۆسە سیاســـییەکەدا باڵادەست دەبێت، ئەوا لـــەو کاتانەدا ئەگەرچی هەڵبژاردنەکان ســـازدەکرێن و روکار و رواڵەتێکی دیموکراســـی بۆ سیستەمەکە دروست دەکرێت بەڵام دیموکراسییەتی راستەقینە بوونی نابێت.

**لە دوای شۆڕشی فەرەنسییەوە نزیکەی سەد ساڵی خایەند هەتا فەرەنسییەکان شێوە و ئەزموونە جیاوازەکانیان تاقیکردەوە**

***ئەی ئەگەر لەســـەر ئاســـتی هەموو عێراق باسی بونیادی دیموکراسی بکەین ؟**

-من ئومێدەوارم کە سەرەڕای سەختیەکان خەڵکی عێراق بتوانن رێگـــەی خۆیان بدۆزنەوە، ئەوە کاتێکـــی زۆر دەخایەنێت. من هەمیشـــە ئەوە بیر خەڵکی دەهێنمەوە کە لە دوای شۆڕشـــی فەرەنسییەوە نزیکەی سەد ساڵی خایەند کە فەرەنسییەکان شێوە و ئەزموونە جیاوازەکان تاقیبکەنەوە، راســـتە ئەوە مۆدیلێك نییە تاوەکو پیادە بکرێت. تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش خەباتێکی دوورودرێژمان بەرپاکرد تاوەکو ئەوە دەستنیشان بکەین کێ هاوڵاتییەکی تەواوە لەم وڵاتەدا. هەروەها ئەمەریکا شەڕی ناوخۆیی بە خۆوە بینی. عێراق پێویستی بەوە هەیە کە هەستی نیشتمانی بۆ بگەڕێنرێتەوە و هەموو لایەنەکان بە گرووپە ئاینی و ئیتنییـــە جیاوازەکانەوە بەشـــداریان پێبکرێت لە کاروبارەکانی حکومڕانێتیکردندا. راســـتە دەبێت مافی ئۆتۆنۆمی بدرێت بە هەرێمەکان بەڵام دەبێت هەمووان بەشـــداریان پێبکرێت لە پرۆژە نیشـــتمانییەکەدا. من پێم وایە دەکرێت ئەم پرۆژەیە لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە کەلتوورێکـــی دووردرێژی گفتوگۆکردنی هەیە. واتە خەڵکـــی دەبێت پتر کراوە بن و تێڕوانینێکی هاوبەشـــیان هەبێت بۆ ئایندە.

**مەترسی لەسەر دیموکراسی هەرێمی کوردستان دژایەتی دەرەکی و چەند لایەنێکی عێراقییە**

***ئەی چـــۆن لە ئایندەی دیموکراســـی دەڕوانیت لە هەرێمی کوردستاندا؟**

-رەنگە کوردســـتان بەختەوەرترین بەشـــی عێراق بێت، راســـتە کوردســـتان ئارامی و ئاسایشـــی تێدایە بەڵام گیروگرفتیشی زۆرە، لەبـــەر ئـــەوەی نیگەرانـــن لە هەوڵ و نیـــازی دەوڵەتە دراوسێکان و هەروەها

چەنـــد لایەنێکی ناو عێراق هەن کە حەســـودی بە بارودۆخی سەقامگیری کوردستان دەبەن. دەبێت کوردەکان لەوە تێبگەن کە دیموکراســـی بریتیە لە گفتوگۆکردن و دەبێت ئەو راســـتییەیان لەبەرچاوبێت کە دەبێت لە ئاســـت لایەنەکانی دیکەدا کراوە بن و گفتوگۆ و دانوســـتاندنیان لەگەڵدا بکەن و ئەگەر پێویست بوو ســـازش بکەن، ئەو کاتە پێگە و هەڵوێستیان لە مەودای دووردا بەهێزتر دەبێت.

دەبێت کوردەکان لەوە تێبگەن کە دیموکراسی بریتیە لە گفتوگۆکردن و دەبێت ئەو راستییەیان لەبەرچاوبێت کە دەبێت لە ئاست لایەنەکانی دیکەدا کراوە بن و گفتوگۆ و دانوستاندنیان لەگەڵدا بکەن و ئەگەر پێویست بوو سازش بکەن، ئەو کاتە پێگە و هەڵوێستیان لە مەودای دووردا بەهێزتر دەبێت

# ئەمجارەش راپۆرتەکەی کرۆکەر- پەتریۆس
# رای گشتی ئەمەریکای رازی نەکرد



**ئەمەریکا شەریکێکی شیعەی باوەڕپێکراوی نییە، نەپارتی دەعوە و نە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، هەروەها پەیوەندیەگەلێکی کەمتری هەیە بە پارتی فەزیلەوە**

هەفتەی رابردوو رایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و ژەنراڵ داڤید پەتریۆس فەرماندەی هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق، هەر یەکەو راپۆرتی خۆیان پێشکەشی کۆنگرێس کرد، لەم دوو راپۆرتە چاوەڕێی ئەوەدەکرا کە هەردوو بەرپرسی ئەمەریکا لە عێراق کۆمەڵێك راسپاردەی نوێ بخەنە بەردەستی ئەندامانی کۆنگرێس، بەڵام وەك کریستۆڤەر پێربل بەرێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوە لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ ئەم راپۆرتە بە گوڵانی راگەیاند، راپۆرتەکە هیچی تازەی تێدانەبووە، هەروەها باڵیوز واڵتەر ئەلتەرسنیش کە لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی ئەمەریکایەو پێشتر ئەندامی پیرۆی باشووری ئاسیا بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و هەروەها ئەندامی ستافی پلاندانان بووە لە کۆشکی سپی، ئەویش بۆ ئەم راپۆرتە بە گوڵانی راگەیاند کە شتێکی تازەی ئەوتۆی تیا نەبووە بێجگە لەوەی کە داوایان کردووە مۆڵەتێکی دیکەیان پێبدرێ.

بێگومان بەپێی خوێندنەوەی چاودێران بۆ بارودۆخی ئەمرۆی عێراق مەترسییە سەرەکییەکان لە عێراقی ئەمرۆدا لە خودی عێراقییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کێشەی شیعەکان لەم دواییەدا بۆتە بەرچاوترین هێمای ئەو مەترسییانە، ئەوەش روونە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەریکێکی شیعەی باوەڕپێکراوی نییە، نەپارتی دەعوە و نە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، هەروەها پەیوەندیەگەلێکی کەمتری هەیە بە پارتی فەزیلەوە.

رەنگە ململانێ و کێبڕکێی بەدەستهێنان و برەودان بە دەسەڵات و هەوڵەکانی گەمەکردن بە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان سەر بکێشێت بۆ هەڵگیرسانی ناکۆکی و کێشمەکێش لە نێوان پارتی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی.

**رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردوو ئەوەیان سەلماند لایەنە شیعە جیاوازەکان دەتوانن ناکۆکی و جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لێکبدنەوە و بگەنە رێککەوتنی سیاسی**

هەروەها رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردوو ئەوەیان سەلماند لایەنە شیعە جیاوازەکان دەتوانن ناکۆکی و جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لێکبدنەوە و بگەنە رێککەوتنی سیاسی.

دەبوایە ئەو شەڕانە ئەوەیان بخستبایەڕوو کە لە مالیکی و ئەنجوومەنی باڵا پێویستیان بە پشتیوانی درێژخایەنیی ئەمەریکا بۆ پێکهێنان وبنیاتنانی هێزە کاریگەرەکانە.

ئەوەی روون و ئاشکرایە پێگەی ئێستای ئەمەریکا لاوازترە بە بەراورد بە پێش هەڵگیرسانی ئەو شەڕەی نێوان لایەنە شیعەکان، ئەمەش بۆچوونی ئەو پسپۆڕانەیە کە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتوونەتە ئاخاوتن.



**رۆبەرت گەتمان**

**بەڕێوەبەری سەنتەری سیاسەت و کاروباری دەرەوە لە زانکۆی جۆهانس هۆپکین بۆ گوڵان:**

# کرۆکەرو پەتریۆس داوایان کرد دەرفەتێکی دیکەیان پێبدرێت

**■ پرۆفیسۆر رۆبەرت گەتمان، کە ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری سیاسەت و کاروباری دەرەوەیە لە زانکۆی جۆهانس هۆپکین پسپۆرە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو سەرنووسەری گۆڤاری ترانس ئەتلەنتیکە و گەلێك جاریش بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەمەریکا بانگهێشتی کۆشکی سپی دەکرێت. بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکەی کرۆکەر-پەتریۆس کە هەفتەی رابردوو پێشکەشی کۆنگرێسیان کرد، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر گەتمان کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■**

**سەرۆک بۆش**

**گیروگرفتەکانی عێراق بۆ سەرۆکی دوای خۆی جێدەهێڵێت**

***باردۆخی ئەمڕۆی عێراق لە دووڕیانی سەرکەوتن و شکستدایە بەڵام ئەمەریکا یەك ڕێگەچارەی دیاریکردووە ئایا ئەم ڕێگە چارەیە عێراق رزگار دەکات؟**

-سەرۆك بۆش راینەگەیاندووە لە نێوان شکست و سەرکەوتندایە بەڵکو ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێت. سەرۆك بۆش باس لە سەرکەوتنی سیاسەتی ئیدارەکەی دەکات لە عێراقدا، رەنگە زۆر کەس هاوڕانەبن لەگەڵیدا، بەڵام ئەو زۆر پێداگیری دەکات کە سیاسەتێکی راست و دروستی گرتۆتەبەر لە عێراقدا. بەڵام سەرۆك بۆش گیروگرفتەکان بۆ سەرۆکی دوای خۆی جێدەهێڵێت.

**هیلاری و ئۆباما رایانگەیاندووە کە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا هێزەکان دەکشێننەوە لەوانەیە بەغدا هەمان پشێوی و ئاڵۆزی سایگۆن بە خۆوە ببینێت**

***بە تەنها پێداگیری لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ کێشەکانی عێراق بەس نین، کێشەکانی عێراق هەموویان بەرێگە چارەی سەربازی چارەسەر ناکرێن بۆچی هەست ناکەین بێجگە لە رێگەی سەربازی، رێگە چارەیەکی دیکە لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەبێت ؟**

- ئەگەر ئاگاداری لێدوانەکانی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمارییەکان، جۆن مەکاین، بین کە شانسێکی باشی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، ئەم پاڵێوراوە ئاماژەی بەوە کرد کە رەنگە پێویست بکات ئەمەریکا بۆ ماوەی سەد ساڵ لە عێراقدا بمێنێتەوە و بارودۆخەکەی بەراوردکرد بە کۆریا کە هێزەکانی ئەمەریکا چەندین ساڵە لەو وڵاتەدا جێگیرکراون، واتە رەنگە ئەمەریکاش هێزی سەربازی لە عێراقدا بهێڵێتەوە بێ ئەوەی رۆڵی شەڕکردنیان پێبسپێردرێت. بەو پێیە رەنگە هێزەکانی لە ناوچە و گۆڕەپانەکانی شەڕ بکشێنێتەوە و هێز و بنکەگەلێکی دیاری کراو لە ناوچە ئارامەکانی وڵاتەکەدا بۆ نموونەی هەرێمەکەی (هەرێمی کوردستان) ئێوە جێگیر بکەین. ئەوەی پەیوەندی بە بەراوردکردنی بارودۆخەکەوە هەیە بە ڤێتنام ئەوا هەردوو پاڵێوراوی دیموکراتەکان هیلاری و ئۆباما رایانگەیاندووە کە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا هێزەکان دەکشێننەوە، ئەمەش رەنگە سەربکێشێت بۆ کارەسات و شاری

بەغدا هەمان پشـــێوی و ئاڵۆزی سایگۆن بە خۆوە ببینێت کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا دەست بە پاشەکشەدەکەن.

**لە سەدا ٧٠ی خەڵکی**
**بەرهەڵستی ئەو شەڕە دەکەن**

***ئەی ســـەبارەت بە راپۆرتەکەی کرۆکەرو پەتریۆس ئایا ئێوە چۆن هەڵتانسەنگاند؟**

-ئـــەوان داوایان کـــرد دەرفەتێکیان پێبدرێت، بـــەڵام هێزەکانی ئەمەریکا پێنج ساڵە لەو وڵاتەدان و ئێستا نزیکەی لە سەدا ٧٠ی خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرهەڵســـتی ئەو شـــەڕە دەکـــەن. هەروەها داوایان کرد جگە لـــەو هێزانەی لە چوارچێوەی ستراتیجییەتی زیادکردنی هێزەکان کە بڕیارە لە هاوینی داهاتوودا بکشێنرێنەوە، هیچ هێزێکی دیکە لەو لاتەدا پاشەکشەی پێنەکرێت. ئەوکاتەش هەڵبژاردنە ســـەرۆکاتییەکان ســـازدەکرێن و سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکاش دەبێت سیاسەتی نوێی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دیاری بکات.

**تەنانەت جۆن مەککاینیش پێکهاتەی عێراقی تێکەڵ کرد**
**زۆر لە ئەمەریکییەکان نازانن هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیرە**

***عێـــراق پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو جیاوازە بـــەڵام ئەمەریکییەکان وەك یەکە عێراق پیشـــانی رای گشـــتی ئەمەریکا دەدەن ئەمەش چەواشـــەکردنی رای گشتییە، بۆ ئەم سیاســـەتە بەو جۆرە پیادە دەکرێت؟**

-ئەوە حەقیقەتە و تەنانەت جۆن مەککاین کە بە کەسێکی شارەزا لە بواری سیاســـەتی دەرەوە دادەنرێـــت گرووپەکانی تێکەڵ کرد. رای گشتی ئەمەریکاش شارەزای پێکهاتە جیاوازییەکانی وڵاتی عێراق نییە، بۆ نموونە زۆر کەس ئاگاداری ئەو راســـتییە نین کە هەرێمەکەی ئێوە ئارامی و ئاسایشی تێدایە و سەقامگیرە.

هیلاری و ئۆباما رایانگەیاندووە کە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا هێزەکان دەکشێننەوە، ئەمەش رەنگە سەربکێشێت بۆ کارەسات و شاری بەغدا هەمان پشێوی و ئاڵۆزی سایگۆن بە خۆوە ببینێت کاتێک هێزەکانی ئەمەریکا دەست بە پاشەکشەدەکەن

رای گشتی ئەمەریکاش شارەزای پێکهاتە جیاوازییەکانی وڵاتی عێراق نییە، بۆ نموونە زۆر کەس ئاگاداری ئەو راستییە نین کە هەرێمەکەی ئێوە ئارامی و ئاسایشی تێدایە و سەقامگیرە

**تەنها جۆزیف بایدن**
**لەگەڵ دابەشکردنی عێراقە**

***کـــە عێراقییەکان پێکەوە نەگونجێن، بەتایبەتی کە ئەمە بۆتە ئەمری واقیع بۆیە هەوڵدەدرێت عێراق بەزۆر پێکەوە بهێڵدرێتەوە؟**

-ســـیناتۆر جۆن بایدن کە ســـەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە و لە پێشبڕکێی خۆپاڵاوتن بوو بۆ سەرۆکایەتی، پێشنیار و پلانێکی خستەڕوو بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ بەشی جیاواز کە لە نێو خۆیاندا داهاتەکانی نەوت دابەش بکەن. ئێســـتا جۆن بایدن لە دەرەوەی ئەو پێشـــبڕکێیەیە و من هیچ لێدوانێکی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتیم نەبیستووە کە پلانیان هەبێت بۆ دابەشکردنی عێراق.

سیاســـەتی ئاشـــکرا و راگەیەنراوی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا هەر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بریتی بووە لە دابەشنەکردنی قەوارەکان، عێراق لەلایەن وڵاتی بەریتانیاوە دروست کرا و من پێم وایە هیچ پاڵێوراوێکی ســـەرۆکایەتی ئەمەریکا، بە سەرۆکی ئێستای ئەمەریکاشەوە، نەخشەی دابەشکردنی عێراقیان نییە، تەنهـــا جۆزێف بایدن ئەو پلانەی هەبوو، بەڵام ئەو چیتر لە کێبڕکێی بەدەستهێنانی سەرۆکایەتیدا نییە.

**ئەمەریکا عێراق وەك وڵاتێکی یەك پارچە سەیر دەکات**

***ئەزموونی دیموکراســـی و خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بە ئەزموونێکی گرنگ دادەنرێت لە عێراقدا، هەروەها ئەم هەرێمە نزیکترین دۆســـت و هاوپەیمانی ئەمەریکا بووە لە عێراقدا، بۆچی هەســـت بە هیچ جیاوازییەك ناکەین لە سیاســـەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەم هەرێمەدا؟**

- لـــە راســـتیدا هۆکارەکە بۆ ئـــەوە دەگەڕێتـــەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا وەك یـــەك وڵات و قەوارە لە عێراق دەڕوانێـــت، هەرچەنـــدە چەندین لێدوانی ئیجابـــی هەن لەلایەن دەزگاکانـــی راگەیاندنی ئەمەریکا و ئیـــدارەی ئەمەریکاوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی ئارام و سەقامگیرو گەشەکردووە و هەمان ئەو گیروگرفتانەی نییە کە لە شارەکانی بەغدا و بەسرە و فەلوجەدا هەیە و دەکرێت بکرێتە مۆدێلێك بۆ رێکخســـتنەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق.

**ئەمەریکا ئامانجی هێنانی دیموکراتی بوو**
**بۆیە دەستێوەردانی لە عێراقدا ئەنجامدا**

***وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت پشـــتگیری لە رژێمە تۆتالیتارییەکان، دەکات بۆچی ئەمەریکا ئەم سیاسەتە لە ناوچەکەدا پەیڕەوی دەکات؟**

- بە پێچەوانەوە سیاسەتی سەرۆك بۆش بریتی بوو لە هێنانی دیموکراسی بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە و ئەمەش یەکێك لەو هۆکار و پاساوانەی کە دەســـتێوەردانی کرد لە عێراقدا. ئەمەریکا وەك رژێمێکی عەلمانی سەرکەوتوو لە تورکیا دەڕوانێت، بەڵام مەرج نییـــە دیموکراتیترین رژێمی ناوچەکـــە بێت. هەروەها ئەمەریکا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئێران و سوریادا نییە .

**لەوانەیە تاوەکو عێراق نەبێتە قەڵای دیموکراسی**
**رەنگە ئێمە دەست لە عێراق هەڵنەگرین**

***ئایا عێـــراق چاوەڕێی چ ئایندەیەکـــی لێدەکرێت ئایا وەك دەوڵەتێکی فاشـــیل بە ناچاری سیناریۆی یوگسلافیای پێشوو دووبارە دەبێتەوە؟**

_مـــن پێم وانییە هەمان چارەنووس چاوەڕوانی عێراق بکات، ئەمەریـــکا چەندەها ملیار دۆلاری لە عێراقدا خســـتۆتەگەڕ و تەنانەت من پێم وایە ئەگەر هیلاری یاخود ئۆباما سەرۆکایەتی بگرنەدەســـت ئێمە عێراق جێناهێڵین بۆ پشێوی و بەردەوام دەبین لەسەر دابینکردنی کۆمەکە ئابوورییەکان. ئێمە خوازیارین عێراق بکەینـــە بەڵگەیەك کە دیموکراســـی دەتوانێت لـــەم ناوچەیەدا گەشەبکات، لەبەر ئەوە تاوەکو عێراق نەبێتە قەڵای دیموکراسی رەنگە ئێمە دەست لە عێراق هەڵنەگرین.

***بەڵام ســـەرەڕای یارمەتـــی و هاوکارییـــە ئابوورییەکانی ئەمەریکا و سەرەڕای داهاتە زۆرەکانی نەوت، بەڵام گەندەڵی و پشێوی زاڵبووە بە سەر عێراق دا ؟**

- لە راســـتیدا ئێمەش ئومێـــدەوار و خوازیـــاری ئەوەبووین کە خەڵکانێکی دەســـتپاك و راســـتگۆ و خاوەن میســـداقییەت کاروبارەکانیان هەڵبسوڕاندایە، بەڵام هەمیشە جیاوازی هەیە لە نێـــوان ئومێد و واقیعدا. هەموو ئەو لێدوانانەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەدرێن تەنها لێدوانن، لەبەر ئەوەی سەرۆکی داهاتوو دەبێت لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی مەیدانەکەدا کۆببێتەوەو بارودۆخەکە هەڵبســـەنگێنن و ئـــەوە یەکلابکرێتەوە چ بڕیارێك بدرێت لە بارەی ئەو ســـەد و چل هەزار ســـەربازەی لەو وڵاتەدا هەن.

من هیچ لێدوانێکی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتیم نەبیستووە کە پلانیان هەبێت بۆ دابەشکردنی عێراق



کریستۆفەر پرێبل
بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوە لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:

# راپۆرتەکەی کرۆکەر و پەتریۆس شتی تازەی تێدانەبوو چەندین سیناریۆ چاوەڕەێی ئایندەی عێراق دەکەن

■ کریستۆفەر پرێبل کە بەڕێوەبەری دیراساتی دەرەوەیە لە ئامۆژگای کاتۆ (cato) بۆ دیراساتی ستراتیژی، ئەو شرۆڤەکار و پسپۆڕە ناسراوەیە لەسەر دۆسێی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە لە هەڵسەنگاندنی رەوشی عێراق و دارشتنەوەری سیاسەتی ئەمەریکادا راوێژی لەگەڵ دەکرێت، لە بەناوبانگترین رۆژنامەکانی جیهان وتارەکانی بڵاودەکاتەوە وەك یوئێس ئەی تودەی، فاینشناڵ تایمز، شیکاگۆ تریبۆن ئەتڵانتا جۆرناڵ، واشنتۆن تایمز، نیوریپەپلیکان، ناشناڵ ئینترسێت، هەروەها بەردەوامیش بۆ شرۆڤەی پرسەگەرمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی وەك (FOXNEWS, CNN, MSNBC, CNBC, هەروەها لە رادیۆکانی BBC, VOA, NPR). بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکەی کرۆکەر- پەتریۆس و ئایندەی عێراق، گوڵانیش پەیوەندی پێوەکرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

**راپۆرتەکەی کرۆکەرو پەتریۆس**
**شتی تازەی تێدا نەبوو**

***چۆن راپۆرتەکەی باڵیۆز کرۆکەر و جەنەراڵ پاتریۆس هەڵدەسەنگێنیت کە پێشکەشی کۆنگرێسیان کرد؟**

- لە راستیدا هەردووکیان رووبەڕووی پرسیارگەلێکی قورس بوونەوە و وەڵامەکانیان زۆر هاوشێوەبوو لەگەڵ ئەو وەڵامانەی لە مانگی ئەیلولی ساڵی پاردا هەیانبوو، کاتێك رایان گەیاند هێشتا کار و ئەرکی سەختمان لە پێشە و دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر ئارام بگرێت.

**مشتومڕی پێناسەی سەرکەوتن وشکست لەنێوان مانەوەو**
**کشانەوەدایە هەردووکیشان باجێکی قورسی دەوێت**

***ئەمڕۆ عێراق بە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەڕوات، ئیدارەکەی سەرۆك بۆش نە بەڵێنی سەرکەوتن دەدات و نە شکستهێنانیی خۆشی رادەگەیەنێت لە عێراقدا، چۆن ئەم حاڵەتە لێکدەدیتەوە لە سیاسەتدا لە نێوان شکست و سەرکەوتندا؟**

- مشتو مڕەکە لە نێوان ئەو کەسانەدایە کە پێیان وایە سەرکەوتن بە هۆی مانەوە لە عێراقدا بەدەست دەهێنرێت، هەرچەندە ئەو مانەوەیە باجی گرانی دەوێت، بەڵام پێیان وایە شکستهێنان دەرئەنجام و باجی گرانتری دەوێت، لە لایەکی دیکەوە کەسانێکی دیکە باوەڕیان وایە مانەوە لە عێراقدا رەنگە ببێتە هۆی شکستهێنانی لە شوێنەکانی دیکەدا.

*** پێشتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئەزموونی شەڕی ڤێتنامدا تێپەڕی، ئایا مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە هەمان ئەزموونی ڤێتنام لە عێراقدا دووبارە ببێتەوە؟ لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا دەتوانێت بە هەمان ئەو شێوەیەی لەگەڵ کۆریادا مامەڵەی کرد هەر بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکات، بۆچی ئەمەریکا پێداگیری لە سەر پیادەکردنی ستراتیجیەتێکی دیاری کراو دەکات و بیر لە رێگاچارەکانی دیکە ناکاتەوە؟**

- من پێم وایە رێگاچارەگەلی دیکە هەن، بەڵام سەرۆك بۆش ئامادەنییە ئەو رێگاچارانە لەبەرچاوبگرێت.

### تەنها سەرچاوەی ئومێد
### سەرکەوتنی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانییە لە عێراقدا

*** باڵیۆز کرۆکەر و جەنەراڵ پاتریۆس راپۆرتەکانی خۆیان پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمەریکا کرد ئەوەی پەیوەندی بە بارودۆخی هەنوکەی عێراقەوە هەیە، هەردوولایان جەختیان لە سەر بەردەوامبوونی مەترسی و تەحەددیەکان کرد، بەڵام ئاماژەیان بە بوونی تروسکەیەکی ئومێد کرد، ئایا لەم بارودۆخە پڕ لە سەختی و ئاڵۆزییەدا ئەم ئومێدە لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- سەرچاوەی ئومێدەکە ئەوەیە کە بارودۆخە ئەمنییەکە تا رادەیەك سەقامگیربێت بۆ ئەوەی زەمینەی ئاشتەوای نیشتمانی برەخسێنرێت لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی بەغدا بۆ ئەوەی هێزەکانی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بتوانن پاشەکشەبکەن.

### دەبێت عێراقییەکان
### دەسەڵاتی خۆیان یەکلابکەنەوە

*** لە عێراقدا لە بری بەڕێوبردنی پرۆسە سیاسییەکە و پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، ئێستا دەبینین کە کەرتبوون و لێکترازان لە نێو شیعەکاندا روودەدات کە زۆرینەن لە عێراقدا و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئەگەر عێراقیان نەیانتوانی چیتر بە ئاشتییانە پێکەوە بژین، ئایا چ رێگاچارەگەلێکی دیکە هەیە لە بەردەم عێراقییەکاندا؟**

-ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان دەگەڕێتەوە و نابێت وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا تێڕوانینی خۆی بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت و شێوازی حکومڕانیکردنیان بۆ دیاری بکات، دەبێت عێراقییەکان ئەو مەسەلەیە یەکلابکەنەوە.

### بە رای گشتی ئەمەریکا راگەیەندراوە عێراق دەوڵەتێکی یەککگرتووە و ئامانجی ئیدارەکەی سەرۆک بۆش پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندیە لە بەغدا

***کاتێك بەرپرسەکانی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا وەسفی بارودۆخی عێراق دەکەن عێراق وەك یەك یەکە دەخەنەڕو، مەبەستمان ئەوەیە وی پیشان دەدەن کە تێکڕای عێراقییەکان پشتگیری لە رژێمی پێشوو دەکەن، لە کاتێکدا کورد و شیعەکان هاوپەیمانگەلێکی گرنگی ئەمەریکان، بۆچی ئەم بەرپرسانە ئەم جیاوازیانە ناکەن؟**

-لەبەر ئەوەی بە رای گشتی ئەمەریکا راگەیەندراوە عێراق دەوڵەتێکی یەککگرتووە و ئامانجی ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندییە لە بەغدا و پێدانی دەسەڵاتی فیدراڵییە بە هەرێم و پارێزگاکانی عێراق.

### سیاسەتی ئەمەریکا بریتیە
### لە پشتیوانیکردن لە حکومەتی ناوەندی بەغدا

***ئەزمونی دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بە ئەزمونێکی گرنگ دادەنرێت لە عێراقدا، کە هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە ژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتیدا بووە، هەروەها ئەم هەرێمە نزیکترین دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا بووە لە عێراقدا، بۆچی هەست بە هیچ جیاوازییەك ناکەین لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئەم هەرێمەدا؟**

- لەبەر ئەوەی سیاسەتی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بریتیە لە پشتیوانیکردن لە حکومەتی ناوەندی بەغدا نەك لە حکومەتی هەرێمەکان لە پارێزگا جیاوازەکاندا.

***وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری لە رژێمە تۆتالیتارییەکان دەکات و گەلانی عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت گەلی تورکیاش وەك دوژمن لە ئەمەریکا دەڕوانن، بۆچی ئەمەریکا ئەم سیاسەتە لە ناوچەکەدا پەیڕەوی دەکات؟**

- حکومەتی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و گەلی ئەمەریکا پێیان وانییە ئەوان پشتگیری لە رژێمە دیکتاتۆرییەکان دەکەن و خوازیاریش نین پشتگیری لەو رژێمانە بکەن.

### چەندین سیناریۆ چاوەڕێی عێراق دەکەن
### چارەسەری یوگسلافیای پێشو یەکێکە لە ئەگەرەکان

***عێراق بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، ئایا بەرەو دامەزراندنی رژێمێکی عەلمانی و دیموکراسی هەنگاو دەنێت؟ یاخود چارەنووسی بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو کۆتایی دێت؟ ئایا بە هەمان چارەنووسی یۆگسلافیای پێشو چاوەڕێی عێراق ناکات؟**

-لە راستیدا چەندین سیناریۆ هەن و رەنگە هێشتا زوو بێت پێشبینی ئەوە بکەین عێراق بە چ دەرئەنجام و چارەنوسێك دەگات. یوگسلافیای پێشوو یەکێکە لە ئەگەرەکان، بەڵام چەند ئەگەرێکی دیکەش لە ئارادان.

●●●
**مشتو مڕەکە لە نێوان ئەو کەسانەدایە کە پێیان وایە سەرکەوتن بە هۆی مانەوە لە عێراقدا بەدەست دەهێنرێت**
●●●

●●●
**ئامانجی ئیدارەکەی سەرۆک بۆش پێکهێنانی حکومەتێکی ناوەندییە لە بەغدا و پێدانی دەسەڵاتی فیدراڵییە بە هەرێم و پارێزگاکانی عێراق**
●●●

●●●
**چەندین سیناریۆ هەن و رەنگە هێشتا زوو بێت پێشبینی ئەوە بکەین عێراق بە چ دەرئەنجام و چارەنووسێک دەگات. یوگسلافیای پێشوو یەکێکە لە ئەگەرەکان، بەڵام چەند ئەگەرێکی دیکەش لە ئارادان**
●●●



# سەفەرێک خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێ!



ئاسۆ کەریم

•سەفەری ئەمجارەی سەرۆکی حکوومەت نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا، لە هەلومەرجێکدایە کە جیاوازە لەوەی ساڵی رابردوو. چاوەڕوان دەکرێ ئاکامی ئیجابی لێبکەوێتەوە و کێشەی نەوت کە بۆ ئێمەی کورد بووە بە "پرسێکی نەتەوەیی" لە چوارچێوەی دەستووردا حەلوفەسلێکی بۆ ببیندرێتەوەو سەرۆکی عێراق گوتەنی پێویستە "بەهاری سیاسی عێراق" بۆ چارەکردنی تەواوی گرفتەکان بقۆزرێتەوە.

• جیاوازییەکە لەوە دایە کە ئەوە بە تەنیا کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی نین کە دەیانەوێ ئاریشەو گرفتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر ببن، بەڵکە وێدەچێ حکوومەتی بەغداو هەندێ لایەنی ناو پەرلەمانی عێراقیش، قەناعەتێکی وایان بۆ پەیدا بووبێ کە دەبێ سەر بێننە بەرو ڕێگەچارەی تەوافوقی بۆ یەکلاکردنەوەی سەرجەم کێشە هەنووکەییەکانی عێراق بگرنەبەر: پرۆژەی قانوونی نەوت و گاز، هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی دەسەڵات، بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاو باندە چەکدارەکان و سەپاندنی حوکمی قانوون، خۆرێکخستنەوەو پێداچوونەوە بە ئەدائی حوکمڕانیکردن، هەمووارکردنی دەستوور... دیارە ئەمریکاو هاوپەیمانانیش وێڕای کە لە نزیکەوە چاوەدێریی ئەو پرۆسە سیاسییە و ڕەوشی ئاسایش و تەناهی ناو عێراق دەکەن، یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە هەنگاوانە بە "زەرورەت"ی بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسی دەبینن.

• دیارە لەنێوان هەولێرو بەغدا، چەند ئاریشەیەك هەن کە گرنگیی ستراتیجیان بۆ کورد هەیە و لە هەمانکاتدا چارەسەرکردنیان ڕادەی ئیلتزامکردنی لایەنەکانی تری عێراق نیشاندەدا بە دەستووری بڕیارلەسەردراوی عێراق کە تاکە زەمانەتێکی مانەوەو بەیەکەوە هەڵکردنی گەلانی عێراقە لەو چوارچێوەیە "فیدراڵییە"ی کە دەستوور خەتی بۆ کێشاوە. ئەو پرسانەش بریتین لە: جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بڕاندنەوەی پرۆژە قانوونی نەوت و گازو ئاریشەی ئەو بۆندانەی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی بیانیدا مۆریکردوون کە "وەزیری نەوتی عێراق" بە ناشەرعییان دەزانێ، ژمارەی لەشکری پێشمەرگە و بودجەو خەرجی ئەو لەشکرە، کێشەی خاڵەکانی گومرگ و داهاتی ساڵانەیان، پرسی ئەنفال، دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ هامشۆو تەنسیق لەنێوان هەردوو حکوومەتدا وهیتر.

• وەکو گوتم چارەکردنی ئەم کێشانە، بۆ کورد پڕگرنگن هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی کردنەوەی دەرگەو دەرفەتی زیاتر بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستانداو لەهەمانکاتدا فاکتەرێکی گرنگیش دەبێ بۆ هێنانەدی تەناهی و جێگیری لە عێراقداو بەشدارییەکی بەرچاویش دەبێت لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پێکهێنانی هەرێم و ناوچەی تری فیدراڵیی و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی بەئاقاری "دیموکراتیزەکردن"ی عێراق و ڕێگەنەدان بەسەرهەڵدانەوەی سانترالیزم لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا..

• پێموایە بۆ حکوومەتی بەغداش ڕوون بۆتەوە کە کوردو سەرکردایەتییە سیاسییەکەی پشتەوانی دڵسۆزی حوکمی قانوون و دیموکراتی و پاراستنی یەکێتیی دەوڵەتی عێراقن لە چوارچێوە دیاریکراوەکەی دەستووردا هەم توخمی بەلانسپارێزی نێوان پێکهاتەکانی تری عێراق و بەتەنگەوەهاتووی هێنانەدی ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتنی ئەو وڵاتەو کۆتاییهێنانن بە "داگیرکاری" لەڕێگەی گرێدانی پەیماننامەیەکی ستراتیجیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

• بەهەرحاڵ، ئەم سەفەرەی سەرۆکی حکوومەت، خاڵ لەسەر پیتەکان دادەنێت و ئاکامەکانی وەرچەرخانێك دەبن لە پێوەندیی نێوان بەغداو هەولێر و تەنانەت دەکرێ زاتی ئەوەش بکەم کە چارەنووسی حکوومەتی ئێستای بەغدا بەلایەکدا دەخاتەوە، بێگومان ئاکامەکان کاریگەریشیان بۆ سەر دەوروبەری ئەقلیمی دەبێ. بە چاوەڕوان بین!


١٢ی نیسان ٢٠٠٨

Aso2karim@yahoo.com

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# حزبی سیاسی و دیموکراسییەتی هاوچەرخ

## پێناسەی حزبیی مەرجی پێشوەختەیە بۆ کاریگەری لە پرۆسەی دیموکراسیدا



که باسی دیموکراسییەتی هاوچەرخ دەکەین، مەبەست لە بوونیادی پرۆسەی دیموکراسییە لە وڵاتێك کە تازە لە قۆناخی تۆتالیتارییەوە بەرەو دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرن، یاخود وڵاتانی دوای شەڕن و لەسەر بنەمای بونیادی دیموکراسی ژیانی سیاسی خۆیان بوونیاد دەنێنەوە.

لەم بارودۆخەدا، کە هەم قۆناخەکە دەبێتە قۆناخێکی تازە بۆ پیادەکردنی رۆڵ و ئەرکی پارتە سیاسییەکان، هەمیش لەبەر فرە رەهەندی چەمکی دیموکراسی و هەوڵدان بۆ لاسایکردنەوەی دەقاودەقی چۆنییەتی پیادەکردنی سیستەمی دیموکراتی لیبراڵی رۆژئاوا، بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چۆنییەتی پیادەکردنی سیستەمی دیموکراتی لیبرالی رۆژئاوا پێویستی بە کۆمەڵێك دامەزراوە و رێوشوێنی پێویست هەیە، هەروەها پێویستی بە سەقامگیری سیاسی و سەقامگیری ئابووری و سەروەری یاسا هەیە، هەربۆیە دەبینین کۆمەڵگە و پارتە سیاسییەکان لە پڕ رووبەڕووی کۆمەڵێك دەرهاویشتەی سلبی دەبنەوە کە لە ناو فەرهەنگ و کەلتووری لیبرال دیموکراتی ئەوروپا بۆی دەگەڕێت بوونی نییە.

ئێمە ناتوانین بەمە بڵێین «داهێنراوی ئەم کۆمەڵگەیە یان ئەو کۆمەڵگەیە» لەبەر ئەوەی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر رۆڵی پارت و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگەی سیاسی تازە هەیە، هەمان ئەو فاکتەرانە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا بوونی نییە، ئەم ئاماژەیە رووبەڕووی دوو راستیمان دەکاتەوە:

١. هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت شێوازی حوکمڕانی کۆمەڵگەیەکی دیکە کۆپی بکاتەوە، ئەگەر سەرنج لە شێوەکانی حوکمڕانی دیموکراسی ئەوروپای رۆژئاوا بدەین هەرگیز ئەو راستییە نییە ئەگەر بڵێین شێوازی پیادەکردنی دیموکراتی بەریتانیا دەقاودەق وەك شێوازی پیادەکردنی دیموکراتی فەرەنسایە، ئەمە بەو مانایە نییە دیموکراتییەتی فەرەنسا داهێنراوی گەلی فەرەنسایە و دیموکراتیەتی بەریتانیاش داهێنراوی گەلی بەریتانیا، نەخێر ئەو هۆکار و فاکتەرانەی لە فەرەنسا بوونیان هەیە لە بەریتانیا بەشێوەیەکی دیکەیە.

٢. کێشە و گرفتەکانی هیچ کۆمەڵگەیەك دەقاودەق بە کێشە و گرفتی هیچ کۆمەڵگەیەك ناچێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەرنامە و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی کوردستان زۆر جیاواز بن لە بەرنامە و پرۆگرامی پارتەکانی ناو عێراق، یان پارتە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکە، ئەمەش پێمان دەڵێت ئەم جیاوازیانە رەنگدانەوەی کەلتووری کۆمەڵگە و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە نەك داهێنراوێکی بێ نموونەی هەرێمی کوردستان.

**●●● هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت شێوازی حوکمڕانی کۆمەڵگەیەکی دیکە کۆپی بکاتەوە ●●●**

**●●● کێشە و گرفتەکانی هیچ کۆمەڵگەیەک دەقاودەق بە کێشە و گرفتی هیچ کۆمەڵگەیەک ناچێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەرنامە و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی کوردستان زۆر جیاواز بن لە بەرنامە و پرۆگرامی پارتەکانی ناو عێراق، یان پارتە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکە ●●●**

## سروشتی پارتە سیاسییەکان رۆڵ و کاریگەریان

پارتی سیاسی کە نازناوە بۆ هەر گرووپێك یان کۆمەڵە کەسێك کە دروشمێکی سیاسی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام ناسنامەی هەموو پارتە سیاسییەکان نییە، ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە هەڵوەستە لەسەر چەمك و پرۆگرامی پارتە سیاسییە کوردستانییەکان بکەین و ئەگەر پارتە سیاسییەکان جیاوازیان لە نێواندا نەبوایە، ئەمەش نەك هەر ئێستا بۆچۆنییەتی بەشداریکردن و ململانێ لەسەر دەسەڵات، بەڵکو لەسەردەمی خەباتی شاخ و هاوئامانجی بۆ رزگارکردنی کوردسانیش بەرنامە و تێڕوانینی پارتە سیاسییەکان جیاواز بووە، هەربۆ نموونە:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان کە دێرینترین پارتی کوردستانییە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێستاش پارتی سەرەکییە لە پرۆسەی دیموکراسی کوردستاندا، واش پێشبینی دەکرێت هەتا داهاتوویەکی دووریش ئەو متمانەیە هەر بپارێزێت، هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا، هاوکات لەگەڵ خەباتی رزگاری نیشتمانی خەباتی بۆ بوونیادی دیموکراسی لە عێراقدا کردووە و لەم پێناوەشدا قوربانییەکی بێ شوماری داوە، دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کە ئەویش ئەمڕۆ لەگەڵ پارتی حوکمڕانی کوردستان دەکەن، بەهەمان شێوە خەباتی چەکداری بۆ رزگاری نیشتمانی لەگەڵ خەبات لە پێناوی دیموکراتی عێراقدا پێکەوە گرێداوەتەوە.

لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا، هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانن موزایەدەی خەبات لە پێناوی دیموکراتی و بڕوابوون بە دیموکراسی بەسەر پارتی و یەکێتی دا بکەن، ئەمە ئەو بەڵگە نەویستەیە کە بە رێژەی ٩٠٪ی گەلی کوردستان سەلماندوویەتی، زۆر زەحمەتیشە ئەم رێژەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

هەربۆیە جێگەی پرسیار و هەڵوەستە کردنە، ئایا هەوڵدان بۆ گومان دروستکردن لەسەر باوەڕی پارتی و یەکێتی بە دیموکراسی و پیادەکردنی دیموکراسی لەناو ئۆرگانی هەردوولادا، چ ئامانجێك یان خواستێکی لە پشتەوەیە.

پارتی ویەکێتی دوو حزبی کراوەن، ئەوەی لە میدیاکانی کوردستاندا دەنووسرێت مانای ئەوە نییە هەموو زانیارییەکان راستن و دەسەڵاتی هەردوولا بێدەنگن، ئەمە

ڕەنگدانەوەی ئەو ئازادییەی کە پارتی و یەکێتی بڕوایان پێیەتی و هەوڵدەدەن، لەچوارچێوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێك بخەن.

## جیاکردنەوەی حزب و حکومەت بە چ مانایەك؟

ئەوانەی بانگێشە بۆ جیاکردنەوەی حزب و حکومەت دەکەن موزایەدەیەکی بێ مانا بەسەر پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا دەکەن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەندێك ڕاستی مێژوویی سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان بخەینە بەرچاو.

١. ئایا لە پاڵێوراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەندامیەتی یەکەم پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی خەڵکی بێ لایەن لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند بووە؟

٢. ئایا ژمارەی ئەندامەکانی پارتی زیاتر بوون یان ژمارەی کەسایەتییە خاوەن ئەزموون و بێ لایەنەکان؟ لیستی پێشکەشکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی تەنیا (١-٣)ی ئەندامی پارتی بوونو و (٢-٣) ی خەڵکی بێ لایەن و شارەزا و پسپۆڕ بوون.

٣. ئایا کێ یەکەمین کەس داوای دامەزراندنی دەوڵەتی قانونی کرد و کێ یەکەمین کەس پێشنیاری هەڵبژاردنی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات لە کوردستان خستەڕوو؟

٤. ئایا هەموو کوردستان ئازاد کرابوو کە بەڕێز مەسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو لەناوەوە و بەناوی بەرەی کوردستانییەوە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی قانونی کرد؟

مێژوو کە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، ڕاستە ئاماژە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی دەکات، بەڵام بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لەناوەوە وەك نوێنەری بەرەی کوردستانی بۆ دانوستاندنی بەرە لەگەڵ حکومەتی بەعس، نەك وەك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٥. کە باسی ئەزموونی ٥٠ بە ٥٠ دەکرێتەوە، وەك نموونەیەك بۆ فاشیلی حکومڕانی پارتی و یەکێتی پیشاندەدرێت، بێگومان لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی ٥٠-٥٠ ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ شەڕی ناوخۆ، تەوافقێکی سیاسی بوو بۆ قۆناخێکی دیاریکراو، ئێستاش وەك چاودێرێك لەنێوان شەڕی ناوخۆ و ئەزموونی (٥٠-٥٠)، هەموو خەڵکی کوردستان ئەزموونی ٥٠-٥٠ پەسەند دەکەن.

٦. ئەزموونی ٥٠-٥٠ وەك ئەزموونێکی پاوانکردنی دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی لەسەر نەکرا، بەڵکو وەك ڕێککەوتنێکی تەوافوقی بۆ قۆناخێکی دیاریکراو، هەربۆیە ئاڵا زەرد و سەوز لەسەر بارەگای مەڵبەند و لقەکان گۆڕدراو ئەوەی ئێستا ڕەخنەی ئاراستە دەکات، ئەوکات وەك دەسکەوتێکی نیشتمانی سەیری دەکرد.

ئەم ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتیش، ئەوکات لەسەر ڕەزامەندی تەواوی حزبە سیاسییەکانی تر بوون.

## پارتی و یەکێتی
## وەک دوو حزبی دیموکراتخواز لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان

ئەوانەی پەراوێزی ئازادی کوردستان بە فرسەت وەردەگرن و بەشکاتکردن لای مایکل ڕۆبین گوایا دەمانترسێنن!!! پارتی و یەکێتی لەم قۆناخەدا، وەك دوو حزبە دیموکراتخوازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە دەکرێن و سەرۆکی هەردوو حزبەکەش بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە زۆر لەو سەرۆك و پادشایانەی ئەزموونی حوکمڕانی سەدان ساڵەیان هەیە سەرکەوتووترن.

بەڕێز مسعود بارزانی کەوا نزیکەی سێ ساڵە لە قۆناخێکی ناسکدا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەو سەرۆکەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیزەکانی ماڵی کوردی پتەوتر کردووە و ئەگەر ناحەزانیش هەوڵیاندا بێت درز و کەلێن بخەنە ڕیزەکانی نێوماڵی کوردەوە، بەڕێز مسعود بارزانی ئەو درز و کەلێنانەشی پڕکردۆتەوە و ئێستا هاوپەیمانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو ئاستەیە، کە بارزانی لە بری تاڵەبانی و تاڵەبانی لەبری بارزانی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

ڕاستی ئەم دوو حزبە لە قۆناخێکی نوێدان و ڕووبەڕووی مەدێکی جەماوەری فراوان بوونەتەوە و ئەم مەدە جەماوەرییە فراوانەش بەبێ گۆڕانکاری بارودۆخەکە، گۆڕانکاری بەسەر خواستەکانیاندا هاتووە و زیاتر لە خواستی تاکەکەسی خۆی دەبینێتەوە، ئەمە کێشەیەك نییە، بەڵکو سروشتی گۆڕانکارییە، هەر ئەو کەسانەی ئێستا لەمیانەی خواستە تاکە کەسییەکانیەوە کە مافی خۆشیانە گلەیی لە پارتی و یەکێتی دەکەن، سبەینێ لەسەر سندوقی دەنگدان هەر متمانە بە پارتی و یەکێتی دەدەنەوە.

●●●
**لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا، هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانن موزایەدەی خەبات لە پێناوی دیموکراتی و بڕوابوون بە دیموکراسی بەسەر پارتی و یەکێتی دا بکەن، ئەمە ئەو بەڵگە نەویستەیە کە بە ڕێژەی ٩٠٪ی گەلی کوردستان سەلماندوویەتی**
●●●

●●●
**ئەوانەی پەراوێزی ئازادی کوردستان بە فرسەت وەردەگرن و بەشکاتکردن لای مایکل ڕۆبین دەمانترسێنن، پارتی و یەکێتی لەم قۆناخەدا، وەک دوو حزبە دیموکراتخوازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە دەکرێن و سەرۆکی هەردوو حزبەکەش بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە زۆر لەو سەرۆک و پادشایانەی ئەزموونی حوکمڕانی سەدان ساڵەیان هەیە سەرکەوتووترن**
●●●

■ پرۆفیسۆر مارك مۆن، كە ئوستادی مێژووە لە زانكۆی پەنسلڤانیا یەكێكە لەو ئەكادیمیە پسپۆڕانەی كە لە توێژینەوە دیموكراسییەكاندا وەك مەرج دەگەڕێنەوە سەری، یەكێكە لەو ئەكادیمیە دەگمەنانەی كە پسپۆڕی لە مێژووی دیموكراتی لە گریك و ئەسیناوە تا ئێستا هەیە و چەندین كتێبی لەسەر مێژووی دیموكراسی هەیە لەوانە:
١- میتۆدی خاوەند لە ئەسینا و سەركوتكاری ئاسیا
٢- قوتابخانی مێژوو لە ئەسینا لە سەردەمی سۆكراتدا
ئەم و چەندین كتێب وتوێژینەوەی دیكەی لەسەر مێژووی دیموكراسی هەیە، هەر بۆیە بۆ ئەم باسە گرنگە پەیوەندیمان پێوەكردووە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■



پرۆفیسۆر مارك مۆن
ئوستادی مێژووی گریك و ئەسینای كۆن بۆ گوڵان:

# ڕەخنە گرتن لە كارەكانی حكومەت لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەی عەمەلی بۆ ئەركەكان ئاسانترە بۆیە ئۆپۆزیسیۆن پەنای بۆ دەبات

**دۆزینەوەی هەڵە و كەم و كورتی لەو كارانەی حكومەت ئەنجامیداوە كارێكی ئاسانترە لەوەی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی عەمەلی بدەیت بۆ ئەنجامدانی ئەركەكان**

*** كاتێك پارتەكان ڕۆڵــی نوێنەرایەتی دەبینن ئەوا دووچاری فشاری رای گشتی دەبنەوە، بەڵام كاتێك پارتەكان لە دەرەوەی دەســەڵاتدا واتە دەبنە پارتی بەرهەڵســتكار ئەوا خۆیان فشار دەخەنەسەر دەسەڵات، ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

-كاتێك پارتێكی دیاریكراو لە دەسەڵاتدا دەبێت بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی كە دەبێت دەســەڵات لەگەڵ چەند هێز و لایەنێكی دیكەدا دابەش بكات، ئەوا دەبێت بۆ هێنانەی دەســتكەوتەكان ســازش لەگەڵ ئەو لایەنانەی دیكەدا بكات، لەبەر ئەوەی ئەو كاتە پارتێكی دیاریكراو ناتوانێت هەڵوێست و تێڕوانینی خۆی بســەپێنێت و هەمووو ئەو شتانە بەدەســت بهێنێت كە خوازیارە بیانهێنێتەدی. بەڵام كاتێك پارتێك لە بەرەی بەرهەڵســتكاریدا بێت ئەوا هیچ بەرپرســیارێتیەكی نییــە و هیچ پاڵنەرێك نییە وای لێبكات ســازش بكات لەبەر ئەوە پتــر پێداگیری دەكات لە ســەر داواكارییەكانی، لەبەر ئەوەی هەمیشە رەخنەگرتن و دۆزینــەوەی هەڵە و كــەم و كورتی لەو كارانــەدا كە ئەوانی دیكە كردویانە كارێكی ئاســانترە لــەوەی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی عەمەلی بدەیت بۆ ئەنجامدانی ئەركەكان.

**پارتەكان نوێنەرایەتی جیاوازییەكانی كۆمەڵگە دەكەن**

*** كاتێك لێكدانەوەكان هاوڕان لە سەر ئەوەی پارتە سیاسییەكان گرنگی خۆیان هەیە و ڕۆڵێكی بنیاتنەرانە دەبینن لە دامەزراندنی دیموكراسییدا، بەڵام لە هەمان كاتدا رەخنە لەسەر بوونی پارتە سیاسییەكان لە پرۆسە دیموكراسییەكەدا هەیە، هۆكارەكانی ئەم جیاوازی لێكدانەوانە چین؟**

-من پێــم وایە هۆكارەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتــەوە كە لە كاتێكدا پارتــەكان نوێنەرایەتی چینی جیاوای كۆمەڵگە دەكەن ئەوا لە هەمان كاتدا نوێنەرایەتــی جیاوازییەكانی كۆمەڵگەش دەكەن، دۆزینــەوەی ڕێگاچارەیەكی مامناوەندی یاخود سازشــكردن كارێكی زەحمەتە لە نێو ئەم جیاوازیانەدا. ئەوەش بەشێكە لە سەختی و دژوارییەكانی پرۆسەی دیموكراسی هیچ ڕێگایەكیش نییە بۆ خۆلێلادان لێی، لەبەر ئەوەی بەشــێكە لە واقیعەكە و دەبێت پارت و هێزە سیاسییەكان كار بۆ دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش و بەهای هاوبەش بكەن، ئەمە كەم و كورتی نییە لە دیموكراسییدا ئەمە واقیعی دیموكراسییە.

**دەبێت لەگەڵ پارتە ئیسلامییەكان ئەوە یەكلابكرێتەوە ئایا بەهاكانی ئیسلام سەرجەم بەهاكانی تر ڕەتدەكاتەوە؟ یاخود بە شێوەیەكی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەهاكانی دیكەدا كاردەكات**

***لــە ڕۆژگاری ئێســتا و لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا پارتە ئیســلامییە تونــدڕەوەكان هەڵبژاردنەكان دەكەنــە پردێك بۆ گەیشــتن بە دەسەڵات، تەنانەت لە توركیاشدا، بەڵام ئەم پارتە ئیسلامییانەیە شكستیان هێناوە لە بەرهەمهێنانی دیموكراسیدا،**

**ئایا مەترسی ئەم هێزە ئیسلامییانە چییە لە سەر دیموكراسی؟**

- لە ڕاســتیدا ئەوە دەوەستێتە ســەر ئەو ئامانجانەی ئەم پارتە ئیســلامیانە لە هەوڵی بەدەســتهێنانیدان. من پێم وایە دەبێت چەند بڕیارێك یەكلابكرێتەوە لە كۆمەڵگە ئیسلامییەكان یاخود ئەو كۆمەڵگەیانەی پەرە بە بەها ئیسلامییەكان دەدەن، ئایا ئەم كۆمەڵگەیانە دەبنە بەربەستێك لە بەرامبەر جیهانی هاوچەرخدا، یا لە بەرامبەر لقەكانی دیكەی ئیسلامدا، یاخود ئاوێتەی ئەم جیهانە و لقەكانی دیكەی ئیســلام دەبن، لەبەر ئەوەی من پێم وایە جیاوازییەكانی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا بە هەمان ئاستی ئەو جیاوازیانە جیددین كە لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا هەیەتی. واتە دەبێت ئەوە یەكلابكرێتەوە ئایا بەهاكانی ئیســلام سەرجەم بەهاكانی تر ڕەتدەكاتەوە یاخود بە شێوەیەكی بنیاتنەرانە لەگەڵ بەهاكانــی دیكــەدا كاردەكات. بارودۆخەكە ئاڵۆزە و وەڵامێكی ئاسان نییە بۆ ئەو پرسیارە.

***، بۆچی بەرەی بەرهەڵستكار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ ڕۆڵێكی ئیجابی نابینێت؟**

-ڕەنگە بەشێك لە هۆكارەكە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە دیموكراسی بە شێوەیەكی گونجاو كار ناكات لە زۆرێك لە هەل و مەرجەكاندا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا. لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەســەڵاتیان بەدەستەوەیە خودی دەسەڵاتەكە بۆ بەردەوامی دان بە پێگە و دەستڕۆیشــتوی خۆیان بــەكاری دەهێنن. هەروەها هیچ مێژوویەك نییە بۆ ئاڵوگۆڕێكی ئاســانی دەســەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبەر ئەوەی بیرو بۆچون و هەڵوێستەكان زۆر ڕادیكاڵن و بە ئاســانی پێكەوە ناگونجێن. لە ڕاستیدا ئەوە پرســیارێكی قورسە و وەڵامدانەوەی ئاســان نییە، هەوڵدان بۆ نوێكردنەوەی پرۆسەی دیموكراسی بۆ خوڵقاندنی بەرژەوەندییە هاوبەشــە بەربڵاوەكان، نەك ئەوەی هەر پارتێك ســەركەوتنی بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنەكاندا هەموو شتێك بخاتە ژێر كۆنتڕۆڵی خۆیەوە و بتوانێت ســزای دوژمنەكانی بدات و ئەوەی بدۆڕێت هەموو شــتێك لە دەســت بدات كارێكی پێویست و گرنگە، بە داخەوە ئەمە مێژوی سیاســیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هێشتا لەوە تێنەگەیشــتوون كە سیاسەت سەركەوتن و شكستە و دەبێت هەموو لایەك ئەم ڕاســتییە قبوڵ بــكات. لەبەر ئەوە زەحمەتە بتوانین دیموكراسی لەسەر ئەم زەمینەیە بنیات بنێین.

## پارتەكان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی جیاواز دەكەن لە كۆمەڵگەدا

***لە حاڵەتە دیموكراسییەكانی ئەم دواییەدا بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا ئــەو دیاردەیەمان بەدی كرد كە پارتە سیاســییەكان ڕۆڵی جیاواز دەبینن لە كۆمەڵگەكانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا، هۆكارەكانی پشت ئەم جیاوازیانە چین؟**

-لەبەر ئەوەی باكگراوندی مێژووی جیاوازیان هەیە و نوێنەرایەتی چینی جیاوازی كۆمەڵگە دەكەن. كە زۆرجار لەســەر بناغەی پێگەی ئابووری یاخود پێگەی كۆمەڵایەتیان بنیاتنراون. ڕەنگە ئــەو پارتانەمان هەبێت كە پتر بایەخ بە توێژی كرێكاران دەدەن و ئەو پارتانەی زیاتر گرنگی بە كار و بازرگانی دەدەن. یاخود ڕەنگە پتر پارتێكی ئاینی موحافیزكاربن یا دیدێكی لیبراڵیان هەبێت، واتە پارتەكان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی جیاواز دەكەن لە كۆمەڵگەدا.

## دەبێت هاوڵاتیان مافی ڕازیبوون و ڕازینەبونیان هەبێت لە كارەكانی حكومەت

***پارتە سیاسییەكان لە دەسپێكی بونیادی ژیانی دامەزراوەیی كۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی وەرچەرخانێك دەبنەوە، گواســتنەوە لە كاری خۆبەخشــەوە بۆ كاری دامەزراوەیــی ئایا ئەمە تاچەند كاریگەری سلبی و ئیجابیانەی بۆ كۆمەڵگە هەیە ؟**

ئەوە پرســیارێكی زۆر باشــە و ئەوە یەكێكە لەو ســەختی و دژوارییانەی بە بەردەوامی ڕووبەڕووی دیموكراسی دەبێتەوە. من پێم وایە هۆكاری ســەرەكی ئەو دەرئەنجامە خراپانەی قۆناغی گواســتنەوە كە ئێوە ئاماژەتان پێكرد ئەوەیــە كاتێك پارتێكی تایبەت یاخود گرووپێكی بەرژەوەندی دەبێتە بەشێك لە حكومەت یاخود دەبێتە حزبی حكومڕان ئەوا بە شــێوەیەكی سروشتی لە بەرژەوەندی ئەندامان و هەوادارانی پارتەكەیان كاردەكەن، ئەمەش لە لایەن پارت و هێزەكانی دیكەوە وەك خۆپەرســتی و گەندەڵی لێكدەدرێتەوە، ئەوە ســەرەتای گەندەڵیــە، لەبەر ئەوەی هەموو كەسێ بە شێوەیەكی حەتمی لە بەرژەوەندی خۆی ڕەفتار دەكات. چارەســەری ئەم حاڵەتە دوو لایەنی لــە خۆ گرتووە، یەكەمیان دەبێت بەرپرســیارێتی گشتی هەبێت، مەبەســتم ئەوەیە دەبێت كۆمەڵگــە ئاگاداری ئەوە بێت چ پارت ولایەنێك ســوودمەندە لەو شێوە ڕێكخستنەی حكومەت كە لە ئارادایە، هەروەها دەبێت هاوڵاتیان مافی ڕازیبوون و ڕازینەبوونیان هەبێت لە كارەكانی حكومەت، گرنگترین شت پرۆسە سیاســییەكەیە، واتە كاتێك پارتێكی دەسەڵاتدار بە شێوەیەكی نارەوا دەسەڵات بەكاردەهێنێت یاخــود گەندەڵی دەكات، هاوڵاتیان دەتوانن بە هۆی دەنگدانەوە دەســەڵاتی لێوەربگرنەوە، واتە پرۆسە سیاســییەكە یەكێكە لە چارەسەرە بنەڕەتییەكان لەبەر ئەوەی كاریگەری ئەم دەرئەنجامە خراپە كەمدەكاتەوە و ناهێڵێت درێژە بكێشێت.

پارتە سیاســییەكان دەتوانن سیســتەمی دیموكراسی دابڕێژن بە هــۆی نوێنەرایەتیكردنی ڕا و بۆچوونــی بەربڵاوترین چینی كۆمەڵگەوە، دەبێت ئەم پارتانە لە بارەی ئەو مەسەلانەوە بدوێن كە جێــی بایەخ و گرنگی زۆرینــەی كۆمەڵگەن و دەبێت بە نەزاهەتەوە ئەو كارە بكەن، هەروەها دەبێت لێدوانی سەركردەكانیان بەو شێوەیە لێكبدرێتەوە كە بەرژەوەندی گشتیان لەبەرچاو گرتووە نەك تەنها بەرژەوەندی پارتەكە. ئەگەر بە شێوەیەكی كراوە و بە پاڵپشــتی زۆرینەی كۆمەڵگە ئەم كارە بكەن ئەوا دیموكراسی گەشەدەكات.

**دیموكراسی لەو كۆمەڵگایەنەدا باشتر سەركەوتوو دەبێت، كە زۆرینەی ئەو كۆمەڵگەیە هەست بكەن ئەو بەها هاوبەشانەی باوەڕیان پێیەتی گرنگترن لەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەیە**

***بێگومان دیموكراسییەت پرۆسەیەكی بێ كۆتایی و بەردەوامە و چەند بەرەو پێشەوە بچین هێندە پێداویستیەكان زیاتر دەبن**

●●●

**دۆزینەوەی هەڵە و كەم و كورتی لەو كارانەی حكومەت ئەنجامیداوە كارێكی ئاسانترە لەوەی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی عەمەلی بدەیت بۆ ئەنجامدانی ئەركەكان**

●●●

**هیچ مێژوویەك بۆ ئاڵوگۆڕێكی ئاسانی دەسەڵات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نییە لەبەر ئەوەی بیرو بۆچون و هەڵوێستەكان زۆر ڕادیكاڵن و بە ئاسانی پێكەوە ناگونجێن**

●●●

**دەبێت هاوڵاتیان مافی ڕازیبوون و ڕازینەبوونیان هەبێت لە كارەكانی حكومەت، گرنگترین شت پرۆسە سیاسییەكەیە**

●●●

**ئایا چۆن کەموکورتییەکان لە سیستەمی دیموکراسی چارەسەر دەکرێن؟**


*من پێم وایە هەندێ جار دیموکراسی لە ناوچەیەکدا سەرکەوتووانە کاری کردووە و هەندێ جاریش کەمتر ســـەرکەوتووبووە. کێشەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئەسڵێکی مێژوویی هەیە و دەگەرێتـــەوە بۆ مێژووی ئاڵۆزی جیاوازییەکان، مەبەســـتم لە جیاوازیە ئاینی و ئیتنییەکانە. هەروەها کێشـــە و ململانێیەکی دیکە لـــە جیهان و کۆمەڵگە ئیســـلامییەکاندا هەیە کە دەبێت یەکلاییبکەنـــەوە، ئەویش پەیوەنـــدی و خۆگونجاندنی جیهان و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانە لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا، ئایا ئیسلام، موســـڵمانەکان دوادەخات یان بەرەوپێشیان دەبات؟ هەندێ جار بە شـــێوەیەکی ئیجابی بەدی دەکرێت و هەندێ جاریش بەرەنگاری ئەو کاریگەریە دەرەکییانەی جیهانی هاوچەرخ دەبێتەوە کە رەنگە دەرئەنجامەکەی دابرینی و گۆشەگیرکردنی جیهانی ئیسلامی بێت. پێم وانییە ئەوە رێگەی بەرەوپێشـــچوون و پێشکەوتن بێت. دەبێت دانیشـــتوانی جیهانی ئیسلام ئەو راستیەیان لەبەرچاوبێت کە ئەوان بەشێکن لە سیستەمی جیهانی و دەبێت رێگایەکی کارا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەشـــەکانی دیکەی جیهاندا پێکەوە کار و هاوکاری بکەن. کاتێك پارتە سیاســـییەکانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بەو شێوەیە کاریان کرد ئەوا ئەوە دەبێتە بەشێك لە چارەســـەر. یەکێك لە سەختی و گرفتە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت ئەوەیە کە چەند پارتێکی بەهێز هـــەن بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەپارێزن و لە دژی هێزە دیموکراســـییەکان کاردەکەن. بەڵام زۆرجار دیموکراســـی ناســـەقامگیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، جێگیکردنی دیموکراسی کارێکی ئاسان نییە و ناکرێت بە هەمان شـــێوە و لە هەمووو شوێنێکدا پیادەی بکەیت. بە داخەوە زۆرێك لە ئەمەریکییەکان لەو باوەردان کە دیموکراسی چارەسەرێکی ئاســـانە و جێبەجێکردنیشی ئاســـانە، بەڵام من بە حوکمـــی ئەوەی مێژووم خوێندووە پێم وایە دیموکراســـی بە شـــێوەی جیاواز کاردەکات و ئەوەش دەوەســـتێتە سەر کەلتووری و نەریت و سروشـــتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەکە. دیموکراسی لەو کۆمەڵگایەنەدا باشتر کاردەکات، گرنگ نییە کۆمەڵگەکە ئیســـلامی بێت مەسیحی بێت یا هیندۆسی بێت، کە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیە هەســـت بکەن ئەو بەها هاوبەشـــانەی باوەڕیان پێیەتـــی گرنگترن لەو جیاوازیانەی لـــە نێوانیاندایە، جیاوازی ناوچەیی، ئاینی یاخو ئیتنی بن، واتە دەبێت هەموویان لە سەر ئەوە هاورابن کە چ شتێك بە بەرژەوەندی گشتی دەزانن و دەبێت ئامادەبـــن بۆ ئەوەی کار لە پێناوی هێنانەدی ئەو بەرژوەندییانە بکەن، نەك تەنها لە پێناو بەرژەوەندیە تائیفی یاخود حزبیەکانی خۆیان و لـــە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە کاربکەن. پێم وایە ئەمە ئەو تەحەددایەیە کە حاڵی حازر رۆژهەڵاتی ناوەراست رووبەرووی بۆتەوە.

**پارتە سیاسییەکان دەتوانن سیستەمی دیموکراسی داببرێژن بە هۆی نوێنەرایەتیکردنی را و بۆچوونی بەربڵاوترین چینی کۆمەڵگەوە**



**کێشە و ململانێیەکی دیکە لە جیهان و کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هەیە کە دەبێت یەکلاییبکەنەوە، ئەویش پەیوەندی و خۆگونجاندنی جیهان و کۆمەڵگە ئیسلامییەکانە لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا، ئایا ئیسلام، موسڵمانەکان دوادەخات یان بەرەوپێشیان دەبات؟**

# گەورەترین مەترسی ئەوەیە پارتی ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرجەستە بکات



پرۆفیسۆر مایکل بۆم
ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ماسۆشێتد دۆرتمۆس بۆ گوڵان:

**■ پرۆفسیۆر مایکل بۆم، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماسۆشێتد دۆرتمۆس و ئەندامی سەنتەری دیراساتی پورتوگالە بۆ کەلتووری سیاسی و هەروەها نووسەری کتێبی «کۆمەڵگەی مەدەنی دوای دیموکراتیزەکردن، دیموکراسییەتی پورتوگال دوای ٢٥ ساڵ». هەروەها لەسەر ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتیش سەبارەت بە بونیادی دیموکراسی و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان چەندین دیراسەتی هەیە، هەربۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پارتی سیاسی لە دیموکراسییەتی هاوچەرخدا پەیوەندیمان بە پرۆفسیۆر مایکل کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■**

**گەورەترین ناسازییەکانی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کاتێک لە بەرەی بەرهەڵستکاریدا دەبن خۆیان بە بەرجەستەکەری کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن**

***لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا پارتە سیاسییەکان بە قۆناغێکی گواستنەوەدا دەڕۆن لە بزوتنەوەیەکی تایبەت و خۆبەخشانەوە بۆ پارتێکی دامەزراوەی (موئەسساتی) و هەڵسوڕاو، ئەم قۆناغە دەرئەنجامی سلبی لێکەوتوتەوە، هۆکارەکانی ئەم دەرئەنجامانە چین و چارەسەرەکانی چین؟**

- من تەواو هاوڕام لە گەڵتدا، یەکێك لە گەورەترین ناسازییەکانی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کاتێك لە بەرەی بەرهەڵستکاریدا دەبن خۆیان بە بەرجەستەکەری کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن و پێیانوایە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەکەن و فشار دەبەن بۆ سەر دەسەڵات، بەڵام ئامانجی هەموو پارتە سیاسییەکان گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومڕانێتیە، لەبەر ئەوە ئەوان لەو ڕووەوە جیاوازن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەر کاتێك بوونە بەشێك لە دەسەڵات لەوەدەکەون بەشێك بن لە کۆمەڵگەی مەدەنی. لە ڕاستیدا لە باشووری ئەورووپادا و بە تایبەتی لە پورتوگال خەڵکی نائومێد دەبوون لە پارتە سیاسییەکان چونکە نەیان دەتوانی ئەو بەڵێنانە بهێننەدی کە بە خەڵکیان دابوو لەبەر ئەوەی ناچار دەبوون لە گەڵ لایەنەکانی دیکەدا سازش بکەن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، یاخود بە هۆی واقیعە ئابوورییەکانەوە. لەبەر ئەوە زیاتر و زیاتر لایەنگرەکانیان نارەزایی و نائومێد دەبوون. یەکێك لە کێشەکانی باشووری ئەورووپا ــ من ناڵێم هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسی لەبەر ئەوەی خەڵکی خوازیاری گەڕاندنەوەی حوکمی تاکڕەوی و تۆتالیتاری نیین ــ بریتیە لە نەبوونی یاخود ئاستی نزمی پشتیوانی بۆ سیاسەتمەدار و پارتە سیاسییەکان هەروەك ڕاپرسییەکانی ئاماژەی پێدەکەن. ئەندامێتی لە پارتە سیاسییەکاندا بەرەو داکشان چووە، بە تێڕوانینی من ئەمە کاردانەوەیە لە بەرامبەر بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکاندا.

**پارتە سیاسییەکان**
**گرنگترین داڕێژەری سیستەمە سیاسییەکەن**

*** کەواتە چۆن پارتە سیاسییەکان دەتوانن سیستەمێکی دیموکراسی دابڕێژن؟**

- پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی تا دوا ڕادە گرنگیان هەیە لە داڕشتنی دیموکراسیدا، پارتە سیاسییەکان لە سەر ڕۆڵی دامەزراوەیی سیستەمە سیاسییەکە ڕێکدەکەون، ئایا سیستەمێکی پەرلەمانتاری هەڵدەبژێرن یاخود سیستەمێکی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرن، یاخود لەسەر ئەو سیستەمە ڕێکدەکەون کە براوەی هەڵبژاردنەکان بە تەنیا حکومەت

پێکدەهێنێت، یاخود کار بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەکەن، لە عێراقدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە پەرلەماندا دیاری کراوە بۆ ئافرەتان ئەوەش گرنگییەکی زۆری هەیە لە سەر تێڕوانینی خەڵکی لە سەر حکومەت، هەروەها بڕیاری داڕشتنی سیستەمە سیاسییەکە لە سەر بناغەی فیدراڵی یاخود لە سەر بنچینەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو تا دوا ڕادە گرنگە. بە تێڕوانینی من پارتە سیاسییەکان گرنگترین داڕێژەری سیستەمە سیاسییەکەن. بۆ نمونە کێشەی گەندەڵی لە وڵاتێکی وەك ئیتاڵیادا کە پێدەچێت دیاردەیەکی بەربڵاو بێت و هەموو پارتە سیاسییەکان تێوەگلاون لەم دیاردەیە، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ نائومێد بوون لە سیستەمی سیاسییەکە و تەنانەت لە خودی دیموکراسی. ئەگەر پارتە سیاسییەکان لە عێراقدا هەستێکی نانیشتمانیان هەبێت، یاخود هەندێکیان هەستێکی دژە شیعە، یا دژە سوننە یاخود دژە کوردیان هەبێت ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی زۆر لە سەر داڕشتنی سیستەمە سیاسییەکە جێدەهێڵێت.

هەرچەندە من تایبەتمەندم لە سەر باشووری ئەوروپا، بەڵام وەك چاودێرێکی بارودۆخەکە بیروبۆچوونی خۆمتان پێدەڵێم. لە گۆشەنیگای شەخسی خۆمەوە و بەلەبەرچاوگرتنی دەستێوەردانی وڵاتەکەم لە عێراقدا، من بەرهەڵستی بیرۆکەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی ناکەم بۆ ڕووخاندن و لە ناوبردنی ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەرکوتکار لە جیهاندا. کێشەکە ئەوەیە ئێمە بە شێوەیەکی ئینتیقائی ئەم شێوازە بەکار دەهێنین، مەبەستم بەکارهێنانی هێزی سەربازییە، بۆ نمونە ئێمە هێزمان لە دژی عێراق بەکارهێنا، بەڵام هەمان هێزمان لە دژی ڕژێمە سەرکوتکارەکانی دیکە بەکارنەهێنا و ئەمەش گیروگرفتێکی زۆری خوڵقاند، ئەو خیتابەی سەرۆك بۆش بەکاری هێنا بووە هۆی دابڕین و گۆشەگیرکردنی زۆرێك لە هێز و لایەنەکان لە بری ئەوەی هەڵوێست و تێڕوانینیان لە بەرژەوەندی خۆمان ڕابکێشین. لە سەرەتادا ئومێد و گەشبینیەکی زۆر هەبوو کە عێراقییەکان بتوانن ئایندەی خۆیان دیاری بکەن و بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام دواتر ڕوون بووە کە دەستێوەردانەکە داگیرکارییە و تەنیا ڕوخاندن و ڕاماڵینی ڕژێمێکی دیکتاتۆر نییە. هەرێمەکەی ئێوە یەکێك بوو لە چیرۆکەکانی سەرکەوتن لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی هەمان ئاستی ئەو توندوتیژییە بۆتەوە کە لە بەشەکانی دیکەی عێراق هەیە و ئەمەشە بەڵگەی ئەوەیە کە پلانەکەی ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی عێراق مایەی کارەسات بووە. لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بیربۆچوونی جیاوازی هەیە لە سەر ئەوەی دەبێت چ کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بکشێنەوە، ئایا دەبێت دەستبەجێ بکشێنەوە یاخود ئەو کاتە بکشێنەوە کە عێراق سەقامگیر دەبێت، کە خوا دەزانێت کەی عێراق سەقامگیری بە خۆوە دەبینێت. ئەمانە تەنیا بیروبۆچوونن و هەموو لایەك چاوەڕوانی ئیدارەی نوێ دەکات کە ئەوە یەکلابکاتەوە چ سیاسەتێك لە ئاستی عێراقدا دەگرێتەبەر. بە شێوەیەکی گشتی من گەشبین نیم بەرامبەر بە جێگیرکردنی دیموکراسی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی ناتوانیت دیموکراسی بنیات بنێیت تاوەکو ئاسایش و سەقامگیری نەچەسپێنێت، لە عێراقیشدا نە ئاسایش و نە سەقامگیری هەیە.

## پارتە سیاسییەکانی بەغدا لاوازن و پشت بە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستن بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کە بیانەوێت.

***کاتێك لێکدانەوەکان هاوڕان لە سەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان گرنگی خۆیان هەیە و ڕۆڵێکی بنیاتەرانە دەبینن لە دامەزراندنی دیموکراسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە کەموکورتی ئەم پارتانە دەگرن، هۆکارەکانی ئەم جیاوازی لێکدانەوانە چین؟**

- پێموایە دەتوانین بڵێین لە عێراقدا پارتە سیاسییەکان تا ڕادەیەك گرنگیان نییە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی جیاوازی و کەرتبوونەکان لە عێراقدا لەسەر بنچینەی جیاوازیە ئیتنی و ئاینی و ناوچەییەکانە و ئەوەش لە سەردەمی حکومڕانێتی سەددامدا بوونی نەبوو، من نامەوێت ئاماژە بە ئیجابی بوونی سەددام بکەم، بەڵام بە لایەنی کەمەوە سەددام ڕژێمێکی عەلمانی بوو و تا ڕادەیەك پەرەی بە هەستی نیشتمانی عێراق بوون دا. لەبەر ئەوەی هەرچەندە وڵاتەکە بە قوڵی لە ژێر دەسەڵاتێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆریدا بوو، بەڵام شیعە و سوننە و کوردەکان تا ڕادەیەك پێکەوە گونجاو بوون. بەڵام دوای ڕوخان و ڕاماڵینی دەسەڵاتی سەددام هەمو ئەو لێکترازان و دابەشبوونانە سەریان هەڵدا و میلیشیاکانی پەیوەست بە سەددام و توندڕەوە سوننەکان زیاترمان بەدی کرد، هەموو ئەمانە بەدەرن لە پارتە سیاسییەکان. مالیکی و حکومەتی عێراق کۆنترۆڵێکی کەمیان هەیە لە سەر تێکڕای خاکی وڵاتەکە و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری بەسرە بەڵگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستین.

## پارتە سیاسییەکانی بەغدا لاوازن و پشت بە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستن بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کە بیانەوێت. کوردستان یەکێک بوو لە دورگەکانی سەقامگیری لە عێراقدا و گەشەکردنێکی ئابووری باشی بە خۆوە بینیووە

***ئەی چۆن پیادەکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا**

●●●

**یەکێک لە گەورەترین ناسازییەکانی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کاتێک لە بەرەی بەرهەڵستکاریدا دەبن خۆیان بە بەرجەستەکەری کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنێن و پێیانوایە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەکەن و فشار دەبەن بۆ سەر دەسەڵات، بەڵام ئامانجی هەموو پارتە سیاسییەکان گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومڕانێتیە**

●●●

●●●

**کێشەی گەندەڵی لە وڵاتێکی وەک ئیتاڵیادا کە پێدەچێت دیاردەیەکی بەربڵاو بێت و هەموو پارتە سیاسییەکان تێوەگلاون لەم دیاردەیە، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ نائومێد بوون لە سیستەمی سیاسییەکە و تەنانەت لە خودی دیموکراسی**

●●●

●●●

**ئێمە هێزمان لە دژی عێراق بەکارهێنا، بەڵام هەمان هێزمان لە دژی ڕژێمە سەرکوتکارەکانی دیکە بەکارنەهێنا و ئەمەش گیروگرفتێکی زۆری خوڵقاند**

●●●

**هەڵدەسەنگێنیت؟**

- من خۆزگەم دەخواست کە زانیاری باشترم هەبوایە لە سەر کوردستان، بەڵام پێموایە کوردستان یەکێك بوو لە دورگەکانی سەقامگیری و گەشەکردنێکی ئابووری باشی بە خۆوە بینی. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم من زانیارییەکی زۆرم نییە لە بارەی پەیوەندییە سیاسییە ناوخۆییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانە کوردستان. بەڵام جێی داخە کە تورکیا بە پاساوی راوەدوونانی پەکەکە کوردستان داگیردەکات و هێرشە تێکدەرەکان بۆ سەر بۆریەکانی گواستنەوەی نەوت بەردەوامن کە گرنگن بۆ ئابووری باکووری عێراق. من تەنیا نیگەرانم لەوەی کوردستان رابکێشرێت بۆ ئەو کوشتارەی لە شارەکانی بەغدا و بەسرە درێژەیان هەیە.

## لە پورتوگالدا لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سالازاردا هیچ پارتێکی سیاسی رێکخراو کە پێی یاسا رێپێدرابێت بوونی نەبوو

***یەکێك لە سیماکانی دیموکراسی فرە لایەنی سیاسییە بەڵام بەردەوامیش رەخنە لەو پارتە سیاسییانە دەگیرێت کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا رۆڵی نوینەرایەتی دەبینن، ئایا حزبی سیاسیی پێویستیە بۆ دیموکراسی یان وەك هەندێك دەڵێن ئاستەنگە؟**

- من کەسێکی تایبەتمەندم لە سەر وڵاتی پورتۆگال، مەبەستم ئەوەیە زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکەی خۆمم لەسەر ئەم وڵاتەدا ئەنجامداوە. لە پورتوگالدا لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سالازاردا کە نزیکەی ٤٨ ساڵی خایەند هیچ پارتێکی سیاسی رێکخراو کەبە پێی یاسا رێپێدرابێت بوونی نەبوو، ئەو پارتە سیاسییەی بە راستی بوونی هەبوو تەنیا ئەو پارتە بوو، کە لە وڵاتی ئیسپانیادا لە سایەی حکومڕانێتی فرانکۆدا هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە پارتی کۆمۆنیستی کە پارتێکی نهێنی و ژێرزەمینی بوو کە پارتێکی نایاسایش بوو. لە دوای قۆناغی راگوزەرییەوە، واتە دوایی رووخانی دەسەڵاتی تۆتالیتاری ئەو پارتەی بوونێکی راستەقینەی هەبوو لە واقیعەکەدا بریتی بوو لە پارتی کۆمۆنیست، پارتەکانی دیکە ئەگەر بوونیشیان هەبووبێت ئەوا لە تاراوگەدا بوونیان هەبوو، لێرەدا لێکچونێك هەیە لە گەڵ بارودۆخی عێراقدا لە چونییەتی مامەڵەکردنی پارتە سیاسییەکانی عێراق لە گەڵ روخانی سەددام حوسێندا. لە هەردوو حاڵەتی پورتوگال و ئیسپانیادا کە من پتر تایبەتمەندم تێیدا رێکخستن و پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان بە رەوتێکی خێرا روویدا، سەرکردەکانی پارتە سیاسییەکان گە لە تاراوگە بوون بە خێرای گەڕانەوە بۆ وڵاتەکە لە ماوەی هەفتەیەك بۆ دە رۆژدا وەك پاڵەوانێك پێشوازیان لێکرا. ئەو پارتە سیاسییە سەرەکیانەی قۆناغی راگوزەریان لە پورتۆگالدا هەڵسوڕاند بریتی بوون لە پارتی کۆمۆنیستی و پارتی سۆشیالیستی، پارتە سۆشیال دیموکراتەکان و پارتە راسترەوەکان بە خێرایی هەڵسان بە رێکخستنەوەی خۆیان لە قۆناغی راگوزەریدا بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لە قۆناغی سەرەتادا تەنیا دوو پارتی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا بوون. جیاوازی نێوان ئەم دوو پارتە لە گەڵ پارتەکانی دیکەدا بریتی بوو لەوەی خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری بەربڵاوبوون. سەردەم و رۆژگاری بنیاتنانی پارتە سیاسییەکان هاوشان بوو بە قۆناغە شۆڕشگێڕییە راگوزەرییەکە. لە ساڵی ١٩٧٤ پورتوگال گەورەترین خۆپیشاندانی بە خۆوە بینی کە نزیکەی یەك ملیۆن کەس بەشداریان تێدا کرد بۆ پشتگیرکردنی دیموکراسی و ئاماژەکردن بە کۆتایی هاتنی سەردەمی دیکتاتۆرییەت، هەروەها بۆ پشتگیرکردنی لە دامەرزاندن و پێکهێنانی پارتە مەرکەزی و راسترەوەکان. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هیزە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کە گرنگی بایەخیان بە کاروبارە نێودەڵەتییەکان دەدا زۆر بە خێرایی لە پرۆسەی دامەزراندن و پێکهێنانی پارتەکانەوە تێوەگلان و دواتریش لە سەردەمی جەنگی سارددا ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکا هەڵسا بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی لە ناوبردنی پارتگەلێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی لە کاریگەری و دەستڕوویشتوویی پارتە کۆمۆنیستیەکان کەم بکاتەوە لە ئیسپانیا و پورتوگالدا. لە هەمان کاتدا ئەڵمانیا و بەریتانیا هەڵدەستان بە دابینکردنی دارایی بۆ دروستکردن و پێکهێنانی پارتە سۆشیالیستییە دژە کۆمۆنیتسییەکان لە پورتوگالدا. واتە دەستێوەردانێکی دەرەکی زۆر هەبوو بۆ خولڤاندنی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە هێزە رۆژئاواییەکانی ئەروپا لێی تێبگەن. لە ماوەیەکی تا رادەیەك کورتدا، پورتوگال توانیتی سیستەمێکی ئاوێتەی چوار حزبی، پارتی کۆمۆنیست لەو پەڕی چەپدا، پارتی سۆشیالیست لە چەپی ناوەڕاست، پارتی سۆسیالستی دیموکراتی لە راستی ناوەڕاست و پارتی س. د. أ لەوپەڕی راست. هەمان هەلومەرج لە ئیسپانیادا هەبوو. ئەوەی جێی سەرنج و مایەی گاڵتەجاڕییە ئەو سەردەمەی زانا سیاسییەکان پێی دەڵێن کامڵبوونی سیستەمی پارتەکان یاخود سەقامگیربوونی ئەو سیستەمە، لە گۆشەنیگای منەوە هاوشان بوو بە گۆشەگیربوون و دابڕینی جەماوەرەکە لە پارتە سیاسییەکان، بە گوزارشتێکی تر تاوەکو پتر پارتەکان بەرەو موحتەریف بوون دەچوون پتر جەماوەرەیان لێدوردەکەتەوە. واتە لە گەڵ تێپەڕبوونی کات و لە گەڵ زیاتر جێگیربوون و چەسپاندنی دیموکراسیدا زیاتر سیحری پارتە سیاسییەکان دەڕەوەیەوە. پێموایە ئەوە یەکێکە لە گاڵتە جاڕییەکانی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن لە باشووری ئەوروپادا.

**لە عێراقدا پارتە سیاسییەکان تا رادەیەک گرنگیان نییە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی جیاوازی و کەرتبوونەکان لە عێراقدا لەسەر بنچینەی جیاوازیە ئیتنی و ئاینی و ناوچەییەکانە**

**من تەنیا نیگەرانم لەوەی کوردستان رابکێشرێت بۆ ئەو کوشتارەی لە شارەکانی بەغدا و بەسرە درێژەیان هەیە**

**من کەسێکی تایبەتمەندم لە سەر وڵاتی پورتۆگال، لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سالازاردا کە نزیکەی ٤٨ ساڵی خایەند هیچ پارتێکی سیاسی رێکخراو کەبە پێی یاسا رێپێدرابێت بوونی نەبوو**

■ پرۆفیسۆر ریچارد پاوڵ بلامی، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی لەندەن، پسپۆرە لە مێژووی پارتە سیاسییەکان و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە بونیادی دیموکراسی لیبرالی رۆژئاواداو چەندین کتێبی لەمبارەوە هەیە لەوانە:

١- ئیتاڵیای هاوچەرخ و تیۆری کۆمەڵایەتی: ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت لە پاریتۆ تائێستا.

٢- لیبرالیزم و پلورالیزم: بەرەو کۆمپرایزی سیاسی.

٣- دووبارە بیرکردنەوە لە لیبرالیزم.

٤- لیبرالیزم و کۆمەڵگەی هاوچەرخ: بەڵگە مێژووییەکان.

پرۆفیسۆر ریچارد کاتێك لەسەر بایەخی پارتی سیاسی قسە دەکات، کەموکورتی پارتەکانیش دەخاتە بەرچاو، هەربۆیە چەند پێ لەسەر پێویستی پارتە سیاسییەکان بۆ بوونیادی دیموکراسی دادەگرێت هێندەش هەڵوەستە لەسەر ئەدای چالاکی حزبەکان دەکا.

سەبارەت بەم پرسە گرنگە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.. ■



پرۆفیسۆر ریچارد پاوڵ بلامی ئوستادی زانستی سیاسەت و پسپۆر لەسەر مێژووی پارتە سیاسییەکان بۆگوڵان:

# بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان کەس ناتوانێت بیر لە دیموکراسی بکاتەوە

**ئەگەر پارتێکی دیاریکراو لەسەر بنچینەی ناوچە یاخود ئایین یا ئیتنێکی دیاریکراو دامەزرابێت ئەوا ناتوانێت هەڵگری ئامانجێکی دیموکراسی بێت**

***ئەزموونی بوونیادی دیموکراتی لە ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەوروپا ئاماژە بە جیاوازی رۆڵی پارتە سیاسییەکان دەکات لە بوونیادی دیموکراسی بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپای رۆژئاوا ئایا هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە؟**

-هۆکارەکان زۆرن یەکێك لەو هۆکارانە بریتییە لە دابەشبوونە ئیتنییەکان، کە پارتە سیاسییەکان نوێنەرایەتی ئەم ئیتنە جیاوازانە دەکەن نەك ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان. لەلایەکی دیکەوە ئەو پارتانە هەن کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراون و هەوڵدەدەن توێژێکی فراوانی دەنگدەران بە لای خۆیاندا رابکێشن. من پێم وایە دابەشبوونی سەرەکی لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و تەنانەت کۆمەڵگەکانی دیکەی ئەوروپاشدا بریتی بووە لەو دابەشبوونەی لە نێوان چەپرەو و راسترەوەکاندا هەبووە. من پێم وایە ئەگەر پارتێکی دیاریکراو لەسەر بنچینەی ناوچە یاخود ئایین یا ئیتنێکی دیاریکراو دامەزرابێت ئەوا ناتوانێت هەڵگری ئامانجێکی دیموکراسی بێت.

**لە کۆمەڵگەی دیموکراسییدا پارتەکان چیتر ژمارەیەکی گەورەی ئەندام لە خۆناگرن و پتر لەلایەن گرووپێکی بچووکەوە هەڵدەسوڕێنرێت بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژارنەکاندا**

***کەواتە لەم کۆمەڵگایانەدا وەرچەرخان لە بیرکردنەوە و تێڕوانینی حیزبە سیاسییەکان و رەفتاریان بۆ ئەوەی لە دامەزراوەی دیموکراسی بگونجێن ئاسان نییە؟**

-ئەوە پرسیارێکی گەورەیە و ناتوانرێت بە ئاسانی وەڵام بدرێتەوە. من پێم وایە یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە پارتەکان چیتر ژمارەیەکی گەورەی ئەندام لە خۆناگرن و پتر لە لایەن گرووپێکی بچووکەوە هەڵدەسوڕێنرێت بە تایبەتی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژارنەکاندا، واتە پارتەکان دەیانەوێت هاوولاتییان بە

لای خۆیاندا رابکێشن و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بۆ بدەن بەڵام چاوەڕێی ئەوەیان لێناکەن ببنە ئەندامی چالاکی پارتەکەیان و لە نێوان هەڵبژاردنەکانیشدا کار و چالاکی هەڵبسوڕێنن بۆ پارتەکە. ئەوەش لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی کە چیتر هاوولاتییان ناچارنین ببنە ئەندامی چالاکی پارتەکان، لەبەر ئەوەی کاتیان نییە و وزە و تواناکانی خۆیان لە بوارەکانی دیکەدا دەخەنەگەڕ. بەشێکی دیکەی هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی لە ئەدای سیاسییەکان نارازین و بە چاوی گومانەوە لە سیاسەتمەداران دەڕوانن

و پێیان وایە پارتە سیاسییەکان تەنها پەرۆشی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی درێژە بە پابەندبوونە سیاسییەکانی خۆیان نادەن. هەر بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتاندا کە بەم ئەزموونەدا تێدەپەڕن هەوڵدەدەن دووبارە پارتە سیاسییەکان پەیوەست بکەنەوە بە چالاکییە جەماوەرییەکانەوە.

## کاتێک پارتە سیاسییەکان ململانێ لەسەر دەنگەکان دەکەن ئەوا دەبێت بەرپرسیار بن بەرامبەر ئەو دەنگانە

*** کەواتە دەبێت پارتەکان خۆیان لەگەڵ پرەنسیپە تازەکانی سیستەمی دیموکراسی بگونجێنن؟**

-پرانسیپی سەرەکی دیموکراسی هەوڵدان و ململانێکردنی پارتە سیاسییەکانە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تێکڕای کۆمەڵگە بکەن، ئەوەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دیموکراسی. کاتێك پارتە سیاسییەکان ململانێ لەسەر دەنگەکان دەکەن ئەوا دەبێت بەرپرسیار بن بەرامبەر ئەو دەنگانە، لە لایەکی دیکەوە دەبێت پارتەکان لە میانەی کێبڕکێ سیاسییەکەدا لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی هاووڵاتییان پرۆژە و تێڕوانینی خۆیان بخەنەڕوو بۆ چۆنییەتی باشترکردنی ژیانی هاووڵاتییان. لایەنێکی گرنگی دیکەی دیموکراسی ئەوەیە پارتە سیاسییەکان دۆڕان قبووڵ بکەن ئەگەر هاتوو لە هەڵبژادنەکاندا شکستیان هێنا. بە دڵنیاییەوە پارتە سیاسییەکان خوازیاری سەرکەوتنن لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵام رەنگە بدۆڕێن و شکست بهێنن، باشترین رێگەی بەدەستهێنانی سەرکەوتنیش باشترکردنی ئەدای پارتەکان خۆیانە بۆ خزمەتکردنی باشتری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەکە. ئەوە ئەرکی بنەڕەتی پارتە سیاسییەکانە. زۆرجار خەڵکی رەخنە لە پارتە سیاسییەکان دەگرن، بۆ نموونە ئێستا خەڵکی بەریتانیا رەخنەی ئەوە دەگرن کە هەردوو پارتی کرێکاران و موحافیزکرانی ئەو وڵاتە زۆر لێکدەچن، سەرەڕای دابەشبوونەکانی نێوانیان.

من پێم وایە ئەگەر پارتێك بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە دەسەڵاتدا مایەوە، یاخود شکستی هێنا لەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی چالاك ململانێ و کێبڕکێ بکات ئەوا ئەو پارتانە کار و ئەرکی خۆیان ئەنجام نادەن. لە ماوەی رابردوودا سەردەمێك پارتی کرێکارانی بەریتانیا نەیتوانی چالاکانە کێبڕکێی خاتوو تاتشەر بکات و پارتی موحافیزکارانیش نەیتوانی چالاکانە ململانێی تۆنی بلێر بکەن. هەمان شت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدی دەکرێت، کاتێك لایەنگرانی پارتی دیموکرات هەڵدەدەن بەشدارییەکی چالاکیان هەبێت لە دارشتنی بەرنامەی پارتەکەیان بۆ ئەوەی توانای ململانێ و کێبڕکێی هەبێت، لە هەمانکاتدا پارتی کۆماری پێی وایە پاڵێوراوێکی دەستنیشان کردووە کە توانای ململانێکردنی هەیە.

## پرسیاری دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە چۆن بتوانین خەڵکی خۆمان حکومڕانێتی بکات؟

***تۆ باسی کەموکورتییەکانی بەریتانیات کرد ئەی بە دیدی تۆ کەموکورتییەکانی رۆژهەڵات بەگشتی و عێراق بە تایبەتی چۆن دەبینیت؟**

_رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتگەلێکی جیاوازن، بەڵام من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، واتە دژواری و سەختییەکە ئەوەیە کە دابەشبوونی بوونی ئایدیۆلۆژی بوونی نییە لەم کۆمەڵگەیانەدا و دابەشبوونە سەرەکییەکە لە جیاوازییە ئایینی و ئیتنی و ناوچەییەکاندا خۆی دەبینێتەوە و ئەمەش وادەکات پارتە سیاسییەکان بە کار و ئەرکی خۆیان هەڵنەستن و ئەوکاتەش لەبری ئەوەی پرسیاری ئەوە بکرێت کێ بە باشترین شێوە دەتوانێت حکومڕانێتی بکات و بەرژەوەندی خەڵك بپارێزێت، پرسیاری ئەوە دەکرێت چۆن بتوانین خەڵکی خۆمان حکومڕانێتی بکات، ئەوەش پێچەوانەی ئەو ئەرکەیە کە لە پارتەکان چاوەڕوان دەکرێت. واتە سیاسییەت بریتییە لە خستنەڕووی پرۆژە و بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە باشترین و کاراترین شێوە حکومڕانێتی بکرێت بە چەشنێك خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی خەڵك بە باشترین شێوە دابین بکرێن.

## کەس ناتوانێت بیر لە دیموکراسی بکاتەوە بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر رۆڵی جیاوازی پارتەکان کە لە نوێنەرایەتی و ئۆپۆزیسیۆندا بەرجەستە دەبێت ئایا دەبێت رەفتاری پارتەکان لە هەردوو حاڵەتدا چۆن بن؟**

-کەس ناتوانێت بیر لە دیموکراسی بکاتەوە بێ بوونی پارتە سیاسییەکان، هەندێ لە پارتە سیاسییەکان بە باشی کار دەکەن و رۆڵێکی باش دەبینن و هەندێکی دیکەیان بەو شێوەیە نین. هۆکاری ئەوەی هەندێ لە پارتە سیاسییەکان رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان نابینن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پارتانە بەرژەوەندییە نیشتمانییە هاوبەش و بەربڵاوەکان لەبەرچاو ناگرن و تەنها بایەخ بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەدەن، یاخود تەنها پەرۆشی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گرووپەکەی خۆیانن من پێم وایە رۆڵی بەرهەڵستکار ئەوەیە کە خۆی وەك بەدیلێك بۆ پارتی دەسەڵاتدار بخاتەڕوو، ئاسانە بانگەشەی ئەوە بکەیت کە نوێنەرایەتی رای گشتی دەکەیت و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگریت، بەڵام دەبێت ئەوە بخەنەڕوو کە کاروبارەکان بە شێوەیەکی باشتر هەڵدەسوڕێنن بە بەراورد بە پارتی دەسەڵاتدار.

**پێم وایە ئەگەر پارتێکی دیاریکراو لەسەر بنچینەی ناوچە یاخود ئایین یا ئیتنێکی دیاریکراو دامەزرابێت ئەوا ناتوانێت هەڵگری ئامانجێکی دیموکراسی بێت**

**باشترین رێگەی بەدەستهێنانی سەرکەوتنیش باشترکردنی ئەدای پارتەکان خۆیانە بۆ خزمەتکردنی باشتری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەکە. ئەوە ئەرکی بنەڕەتی پارتە سیاسییەکانە. زۆرجار خەڵکی رەخنە لە پارتە سیاسییەکان دەگرن، بۆ نموونە ئێستا خەڵکی بەریتانیا رەخنەی ئەوە دەگرن کە هەردوو پارتی کرێکاران و موحافیزکرانی ئەو وڵاتە زۆر لێکدەچن، سەرەڕای دابەشبوونەکانی نێوانیان**

**پرسیاری دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە چۆن بتوانین خەڵکی خۆمان حکومڕانێتی بکات؟**

**هۆکاری ئەوەی هەندێ لە پارتە سیاسییەکان رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان نابینن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پارتانە بەرژەوەندییە نیشتمانییە هاوبەش و بەربڵاوەکان لەبەرچاو ناگرن و تەنها پەرۆشی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گرووپەکەی خۆیانن**

**پرۆفیسۆر ستیڤن جۆنز، کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی لەندەن، پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەت و حوکمڕانی ئەو دەوڵەتانەی کە پاش نەمانی یەکێتی سۆڤییەت دروست بوون، هەروەها تایبەتمەندە لە کەلتووری گەلانی ئۆراسیا و لەم بوارەشدا چەندین کتێب و دیراساتی لەسەر شێوازی سیاسەت و حکومڕانی ئەو دەوڵەتانە هەیە کە لە دەسپێکی بونیادی دیموکراسییەت یان بە دیموکراسییەتی تازە دەژمێرێن. بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و حزبی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر سیتڤن جۆنز کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



**پرۆفیسۆر ستیڤن جۆنز**
**ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی لەندەن بۆ گوڵان:**

# زۆر گرنگە حزبەکە سەرەتا خۆی دیموکراسی بێت بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی لەسەر سیستەمە سیاسییەکە هەبێت

### دیموکراسی گوڵێکی ناسکە هەل و مەرجی راست و دروست و گونجاوی دەوێت تاوەکو گەشەبکات

***چۆن پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغی تاکڕەوی و تۆتالیتارییەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسی لێکدەدەنەوە؟**

-ئەوە پرۆسەیەکە زۆر سەخت و زۆر دوردرێژە و کاتێکی زۆر خایەند تاوەکو دیموکراسی لە وڵاتانی ئەوروپادا جێگیرببێت. من پێموایە ئێمە ئومێدێکی بەرزەفڕانەمان هەیە کە دەتوانین بە ئاسانی مۆدێلی دیموکراسییەتی ئەوروپی بۆ وڵاتانی دیکە بنێرین و وڵاتانی دیکەش بە ئاسانی و بە سەرکەوتوویی مۆدێلی دیموکراسییەتی رۆژئاوای پیادە دەکەن. هەروەك دەڵێن دیموکراسی گوڵێکی ناسکە و هەلومەرجی راست و دروست و گونجاوی دەوێت تاوەکو گەشەبکات، هەربۆیە بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکی سەخت و دوردرێژە.

### پێویستمان بە پارتە سیاسییەکان هەیە بۆ ئەوەی بە خەڵکی رابگەیەنن کاتێک گەیشتنە دەسەڵات چ بەرنامەیەک جێبەجێدەکەن

***پارتە سیاسییەکان چ رۆڵێك دەبینین لە سیستمی دیموکراتییەتی نوێنەرایەتیدا؟**

ئەگەر باس لە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی بکەین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانین بێ بوونی پارتە سیاسییەکان ئەم سیستەمە جێگیر بکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یۆنانییەکان کە ئەندامی دەوڵەتی شارەکان بوون، یاخود ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی هەژدە و نۆزدەی رۆژئاوا کە تیایدا شارێکی وەك جنێف هەبوو کە دیموکراسییەتی راستەوخۆ لەو شارەدا پەیڕەو دەکرا بە هۆی ئەوەی شارێکی بچوك بوو، بەڵام ئێستا وڵات گەلێکی گەورەمان هەیە و دەبێت ئەو دیموکراسییەتە پەیڕەو بکەین کە پێی دەڵێین دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی، لەم دیموکراسییەتەشدا پێویستت بە نوێنەران هەیە و پێویستت بەوەیە کە بزانیت نوێنەرەکانت چۆن بیر دەکەنەوە، هەر لەبەر ئەمەش پێویستمان بە پارتە سیاسییەکان هەیە کە بە خەڵکی رابگەیەنن کاتێك گەیشتنە دەسەڵات چ بەرنامەیەك جێبەجێدەکەن و دەبێت ئەوە ئاشکرا بکەن چ سیاسەتێکی پیادە دەکەن و دەبێت بە خەڵکی رابگەیەنن کە ئەگەر خوازیاری ئەم بەرنامە و سیاسەتەن دەنگە بۆ ئێمە بدەن و ئەگەر خوازیاری نین ئەوا دەنگ بۆ پارت و لایەنێکی دیکە بدەن. لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە پارتە سیاسییەکان ئامرازگەلێکی گرنگن و دەبێت لە دیموکراسییەتی نوێنەرایەتیدا بوونیان هەبێت.

### زۆر گرنگە سەرەتا خودی حزبەکە خۆی دیموکراسی بێت و دواتر دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر سیستەمە سیاسییەکە

***ئایا بوونی حزبێکی دیموکراسی یان حزبێك بڕوای بە دیموکراسی هەبێت تاچەند گرنگە بۆ سیستەمی دیموکراسی؟**

- لە راستیدا بوونی پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ خولقاندنی

دیموکراســـی. نزیکەی هەموو وڵاتان خاوەنی پارتی سیاسین، هەروەها هەرچەندە زۆرێك لە وڵاتان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیستەمێکی دیموکراسیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دیموکراسی رەفتار ناکەن، ئەمەش لە بەشـــێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو پارتانە ســـەربەخۆ نین یاخود تەنیا لە لایەن کەسانی باڵای ناو حزبەکەوە بەڕێوەدەبرێن. مەبەســـتم ئەوەیە ئەگەر ئەندامانی ناو پارتێکی دیاریکراو دەنگ و ســـەنگ و کاریگەریان نەبێت لە داڕشتن و دەستنیشـــان کردن سیاسەت و دەرکردنی بڕیارەکانی ئەو پارتەدا، ئـــەوە ئەم ئەگەرە لە ئارادا نییە ئەو پارتە هەوڵی پەرەپێدان و پتەوکردنی دیموکراســـی بدات. لەبەر ئەوە گرنگە سەرەتا خودی حزبەکە خۆی دیموکراسی بێت و دواتر دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر سیستەمە سیاسییەکە.

## دیموکراسی گەمەیەکە و چەند رێسایەکی هەیە دەبێت پارتەکان ئامادەبن لە پارتی دەسەڵاتدارەوە ببن پارتێکی بەرهەڵستکار

***پارتی سیاســـی لە سیســـتەمی دیموکراســـیدا هەم رۆڵی نوینەرایەتـــی دەبینێت هەم رۆڵی ئۆپۆزیســـیۆن ئایا جیاوازی نێوان ئەم دوو رۆڵە چییە ؟**

-دەوترێت دیموکراسی گەمەیەکە و چەند رێسایەکی هەیە، یەکێك لە رێساکان ئەوەیە کە ئامادەی دۆڕان بیت، بە گوزارشتێکی دیکە ئامادەبیت لە پارتی دەسەڵاتدارەوە ببێتە پارتێکی بەرهەڵستکار ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا شکســـت بهێنیت، واتە تاوەکو دۆڕان قبوڵ نەکەیت ئەوا رێساکانی گەمەکەت قبوڵ نەکردووە. ئەوەی پەیوەندی بە بەرهەڵستکارییەوە هەیە، ئەوا دەبێت پارتەکان ئەوە راســـتییە قبوڵ بکەن کە دەبێت ماوەیەك لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بن، بەڵام دەرفەتـــی ئەوەیان هەیە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە و جڵەوی دەســـەڵات بگرنەوە دەســـت، ئەویش لە رێی قەناعەت پێهێنانی خەڵکی وڵاتەکەوە کە دەتوانن ژیانیان باشـــتر بکەن. ئەوەش پێویســـتی بە بوونی پارتە سیاسییەکان دەبێت کە بتوانن پەیوەنـــدی بە خەڵکـــەوە بکەن، واتە نابێت پارتـــەکان بە تەنیا لە پەرلەماندا دابنیشـــن، بەڵکو دەبێت هەڵبســـتن بە رێکخستن چالاکییەکانیان لە دەرەوەی پەرلەمان و بە شێوەیەکی راستەخۆ بەرپرســـیار بن لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا. واتە ئەگەرچی پارتی سیاســـیت هەبێت یاخود پارتی بەرهەڵســـتکارت هەبێت، بەڵام تاوەکو ئەم پارتانە نەبنە بەشـــێك لە کۆمەڵگە و راستەوخۆ لە هەڵســـوڕاندنی کاروبارەکانی کۆمەڵگەدا بەشداری نەکەن، ئەوا نابنە ئامرازگەلێکی بەسوود بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی.

## ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کاریگەر بن لە سەر دەسەلاتداران نەک بەدەستهێنانی دەسەڵات

*** کەواتـــە لەم نێوەنـــدەدا رۆڵی رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی چی دەبێت ؟**

- جیاوازییەکـــە لەوەدایـــە گروپەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخ بە چەند مەســـەلە و کێشـــەیەکی دیاریکراو دەدەن و لە خەمی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا نین، بە پێچەوانەوەی پارتە سیاســـییەکانەوە. رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەونـــە نێوان کۆمەڵگە و حکومەت یاخود کۆمەڵگە و پارتە سیاسییەکاندا، ئەم گرووپ و رێکخراوانە دەبێت گرووپگەلێکی ناسیاســـی بن، واتە هەرچەندە لە هەنـــدێ کاتدا هەڵمەت لە پێناو چەند مەسەلەیەکی سیاسیدا دەخەنەگەڕ، بەڵام نابیت بە مەبەستی بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتی سیاسی ئەو هەڵمەتە بەرپابکەن. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کاریگەر بن لە سەر دەسەلاتداران نەك بەدەستهێنانی دەســـەڵات. ئەگەرچی لە هەندێ حاڵەتدا رێکخراوە ناحکومییەکان دەگۆڕێن بۆ پارتی سیاسی.

## پارتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەر بناغەی ئەو بیرۆکەیە بیر دەکەنەوە کە ئەگەر بدۆڕێم ئەوا بۆ هەمیشە دەدۆڕێم و دەسەڵاتم لە دەست دەچێت

*** بەڵام وێرای بوونی ئەم هەموو دامەزراوانەی نێو کۆمەڵگەی دیموکراســـی بەڵام گەلێك جار ئاکامی پێچەوانە دێتە ئاراوە و توندوتیژی بەرهەم دێت، تۆ ئەمە بۆچی دەگێریتەوە؟**

-یەکێك لە مەسەلەکان ئەوەیە ئایا پارتەکان رێساکانی گەمەکە قبوڵ دەکـــەن، مەبەســـتم ئەوەیە هەروەك چـــۆن ماوەیەك لە دەسەڵات بوون دەبێت ئەوەش قبوڵ بکەن کە ماوەیەکی لە بەرەی بەرهەڵستکاردا بن. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە پارتەکان کاتێکی زۆریان دەوێت بۆ ئەوەی گەشەبکەن. دەبێت ئەو لەبەرچاو بگرین کە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەی فرە ئایین و فرە نەتەوەن و هەر کاتێك دیموکراســـی دەســـتی پێکرد و بۆ یەکەمجار دەرفەتی بەدەستهێنانی دەسەڵات رەخسێنرا، ئەوا ئەم جیاوازییانە پتر ئاڵۆز دەبن و بارودۆخەکە زیاتر بەرەو خراپ بوون دەچێت، لەبەر ئەوەی پارتەکان لە سەر بناغەی ئەو بیرۆکەیە بیر دەکەنەوە کە ئەگەر بدۆڕێم ئەوا بۆ هەمیشە دەدۆڕێم و دەسەڵاتم لە دەســـت دەچێت. گۆڕینی ئەم ئاڵۆزییانـــەش بۆ کێبڕکێی سیاســـی پێویستی بە پەرەپێدانی ئەزموون و بە پراکتیك هەیە، هەروەها پێویســـتی بە رەخساندن و دابینکردنی هەل و مەرجی ئابووری گونجاو هەیە، ئەگەر وڵاتێکی هەژارت هەبوو، یاخود ئەگەر وڵاتەکە ئاسایشی تێدا نەبوو، عێراق نمونەیەکی باشە لەم رووەوە، ئەوا ناکرێت سیستەمێکی سیاسی دابمەزرێنێت کە پارتە سیاسییەکان کێبڕکێیەکی سیاسی بکەن بێ ئەوەی پەنا بەرنەبەر هێز و توندوتیژی. لێرەدا ئەگەر ئاماژە بە پارتە ئیسلامییەکان بکەم ئەوا مەرج نییە پارتە ئیســـلامییەکان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگـــری بیروبۆچوونی دژی دیموکراســـی بن، لەبەر ئەوەی بزوتنـــەوە و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە ئیســـلامدا، هەندێك لـــەو بزووتنەوانە پتر توندڕەو و رادیکاڵترن بە بەراورد بە گروپ و بزوتنەوەکانـــی دیکە. بە هەمان شـــێوەی رۆژئاوا کە چەند پارتێکی مەسیحی هەن کە دژی دیموکراسین، ئەوا لە وڵاتانی ئیسلامیشدا چەند پارتێکی ئیسلامی هەن کە دژی

●●●

**دیموکراسی گوڵێکی ناسکە و هەلومەرجی راست و دروست و گونجاوی دەوێت تاوەکو گەشەبکات، هەربۆیە بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکی سەخت و دوردرێژە**

●●●

●●●

**پێویستمان بە پارتە سیاسییەکان هەیە بۆ ئەوەی بە خەڵکی رابگەیەنن کاتێک گەیشتنە دەسەڵات چ بەرنامەیەک جێبەجێدەکەن**

●●●

●●●

**دیموکراسی گەمەیەکە و چەند رێسایەکی هەیە، یەکێک لە رێساکان ئەوەیە کە ئامادەی دۆڕان بیت، بە گوزارشتێکی دیکە ئامادەبیت لە پارتی دەسەڵاتدارەوە ببێتە پارتێکی بەرهەڵستکار ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا شکست بهێنیت**

●●●

دیموکراسین، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین شارستانییەتی ئیسلامی تاکڕەوی و تۆتالیتارییەت بەرهەم دەهێنێت و شارســـتانییەتی مەسیحی بە پێچەوانەوە.

## دابەشکردنی دەسەڵات ئەوەیە رایبگەیەنێت هەرچەندە من لە دەسەڵاتدام، بەڵام هەموو دەسەڵاتەکانم لە دەستی خۆمدا کۆنەکردۆتەوە و تۆش دەتوانیت دەنگ و دەستڕۆیشتوویت هەبێت

***بـــۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترســـییە تاچەند دابەشـــکردنی دەسەڵات و میدیایی ئازاد رۆڵ دەگێڕێت ؟**

- لە راســـتیدا دیموکراسی پێویستی بە ئاستێکی دیاریکراو لە دابەشکردنی دەسەڵات هەیە، دیموکراسی تەنیا پاراستنی مافی زۆرینە نییە، بەڵکو پاراستنی مافی کەمینەشە. دابەشکردنی دەســـەڵات ئەوەیە رابگەیەنێت هەرچەندە من لە دەســـەڵاتدام، بەڵام هەموو دەســـەڵاتەکانم لە دەســـتی خۆمدا کۆنەکردۆتەوە و تۆش دەتوانیت دەنگ و دەستڕۆیشـــتوویت هەبێت. هەر بۆیە دابەشـــکردنی دەســـەڵات گرنگییەکی لە رادەبـــەدەری هەیە، بـــە تایبەتی بۆ کەمینە ئیتنییەکان لەبـــەر ئەوەی کەمینەن و ناتوانن دەنگی پێویست بهێنن، واتە دەبێت گەرەنتی ئەوە بکرێت کە ئەم کەمینانە دەنگ و ســـەنگیان هەبێت لە دەســـەڵاتدا. ئـــەوەی پەیوەندی بە راگەیاندنی ئـــازادەوە هەیە، ئەوا ناکرێت دیموکراســـییەتێکی کارات هەبێت، ئەگەر زانیاری باش و جێی متمانەت نەبێـــت، واتە بوونی ئـــەو دەزگا راگەیاندنانەی کە هـــەواڵ و زانیارییە باش و خراپـــەکان دەگوازنەوە گرنگن بۆ دیموکراسی.

## دیموکراسییەت باشترین دەرفەتی حکومڕانیکردنی باش دەڕەخسێنێت، بەڵام مەرج نییە یەک شت بن

***کەواتە ئایا دیموکراســـییەت مانـــای حکومڕانییەتی باش دەگەیەنێت؟**

-مەرج نییە دیموکراســـی و حکومڕانـــی کردنی باش هەمان شـــت بن، دەکرێت دیموکراســـییەتت هەبێت بەڵام بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوە ببرێت. بەڵام لە دیموکراســـیدا درەفتێکی باشتر هەیە بۆ ئەوەی حکومڕانیکردنێکی باشت هەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتێکـــی چاودێریکراوت هەیـــە و دەزگاکانی راگەیاندن رەخنەدەگـــرن و بـــاس لـــە گیروگرفتەکان دەکـــەن و بڕیار و سیاســـەتەکانی حکومەت دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. واتە دیموکراســـییەت باشـــترین دەرفەتی حکومڕانی کردنی باش دەڕەخســـێنێت، بەڵام مەرج نییە یەك شـــت بـــن، لەبەر ئەوەی نمونەگەلێکی زۆری دیموکراسی هەن کە حکومڕانی کردنێکی باشیان نییە.

## ناتوانین باس لە سیاسەت و دیموکراسی لە لوبناندا بکەین بە بێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی سوریا لە ژیانی سیاسی لوبناندا

*** بـــە پێی ئامارەکانی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوە لە مەســـەلە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنەکان سازدەکرێن، بەڵام ئەم هەڵبژارنانە نابنە هۆی هێنانەئارای دیموکراسی، ئایا هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیە چین؟**

- ئەوە پرســـیارێکی زۆر قورس و ئاڵـــۆزە، رەنگە هۆکارەکان پەیوەندییان بە هەلومەرجی ئابووری و مێژووی کۆمەڵگەکە و کەلتووری سیاسی و سەرکردەکانی وڵاتەکەوە هەبێت، لە هەندێ حاڵەتدا پەیوەندی بە سیستەمی سیاسی دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە، بۆ نمونە ناتوانین باس لە سیاسەت و دیموکراسی بکەین لە لوبناندا بێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی سوریا لە ژیانی سیاسی لوبناندا. لەبەرئەوە زەحمەتە بتوانین پێشـــبینی ئەوە بکەین ئایا دیموکراســـی لە ئایندەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت یاخود نا، تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە چەند هەلومەرجێکی دیاریکراودا دیموکراسی دەرفەتی باشتری هەیە بۆ گەشەکردن.

## چەندین هۆکار هەن دژی سەرکەوتنی دیموکراسی لە عێراقدا دەوەستنەوە

***ئەی سەبارەت بە عێراق ئایا دەتوانرێت دیموکراسی لە عێراقدا دابمەزرێنرێت لە ئایندەدا ؟**

- مـــن هیچ هۆکارێك نابینم کە رێگر بێت لەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراســـی، بـــەڵام ئەوە پرۆســـەیەکی دوورودرێژ دەبێت. بۆ نمونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لە کاتی نووسینەوەی دەســـتووری ئەو وڵاتە لە ســـاڵی ١٧٨٩ تاوەکو کۆتایـــی جەنگی جیهانی یەکەم ئافرەتـــان مافی دەنگدانیان نەبـــوو، واتە نیوەی کۆمەڵگەکە مافـــی دەنگدانی نەبوو، ئایا دەتوانین بەو سیســـتەمە بڵێین دیموکراســـی، رەنگە ئێستا بە سیستەمێکی دیموکراســـی دانەنێین، بەڵام سەد و پەنجا ساڵ پێش ئێستا بارودۆخەکە بەو شێوەیە بووە، لەبەر ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنـــە و عێراقیش بە هەلومەرجێکی دژواردا تێدەپەڕێت، هەر لە روی بارودۆخی ئابووری و دابەشـــبوونە ناوخۆییەکان و پەیوەندییە سەختەکانی لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا. چەندین هـــۆکار هەن کە دژی ســـەرکەوتنی دیموکراســـی لە عێراقدا دەوەســـتنەوە، بەڵام نابێت گەشـــبین نەبین لە ئاست هێنانەدی دیموکراســـی لە مەودای دووردا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەوە رێگایەکی دوردرێژە و ئاستەنگەکانیش زۆرن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش تاکە رێگای رزگاربوونی عێراق بریتییە لە ئاوێتەکردنی کوردســـتان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵـــدا، ئـــەوەش دەبێت کورد و عێراقییـــەکان گفتوگۆگی لەبـــارەوە بکەن و بڕیـــاری لێبدەن. ئەوەش بـــە تێروانینی من باشترین چوارچێوەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەیە لەم قۆناغەدا. دەبێت ئاســـتێکی دیاریکراوی ئۆتۆنۆمی هەبێت بۆ کوردستان و ئاستێکی دیاریکراوی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبێت. لەبەر ئەوەی فیدراڵییەت یەکێکە لە باشترین و سەرکەوتووترین رێگاچارەکان لەو وڵاتانەی خاوەنی گرووپی ئیتنی و نەتەوەیی جیاوازن.

●●●

**کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەی فرە ئایین و فرە نەتەوەن و هەر کاتێک دیموکراسی دەستی پێکرد و بۆ یەکەمجار دەرفەتی بەدەستهێنانی دەسەڵات رەخسێنرا، ئەوا ئەم جیاوازییانە پتر ئاڵۆز دەبن و بارودۆخەکە زیاتر بەرەو خراپ بوون دەچێت**

●●●

●●●

**دابەشکردنی دەسەڵات ئەوەیە رایبگەیەنێت هەرچەندە من لە دەسەڵاتدام، بەڵام هەموو دەسەڵاتەکانم لە دەستی خۆمدا کۆنەکردۆتەوە و تۆش دەتوانیت دەنگ و دەستڕۆیشتوویت هەبێت**

●●●

●●●

**من هیچ هۆکارێک نابینم کە رێگر بێت لەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی، بەڵام ئەوە پرۆسەیەکی دوورودرێژ دەبێت**


●●●

●●●

**دەبێت ئاستێکی دیاریکراوی خۆڕێبەری و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبێت بۆ کوردستان. لەبەر ئەوەی فیدراڵییەت یەکێکە لە باشترین و سەرکەوتووترین رێگاچارەکان لەو وڵاتانەی خاوەنی گرووپی ئیتنی و نەتەوەیی جیاوازن**

●●●

سەروتار



فوئاد سدیق

# بونیادنانی دیموکراسی
# لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی زەحمەتترە

ویڕای ئەم هەموو قوربانییەی دراوە هێشتا قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستان، بە کۆتا نەهاتووە، بۆیە لەپاڵ تەواوکردنی ئەم قۆناخی رزگاری نیشتمانییە، زۆر ئەرکی تری نیشتمانی دیکەمان کەوتۆتە سەر شان، کە لە هەموویان سەختتر و گرنگتر بونیادنان و هێنانە ئارای دیموکراسی و زەمینە رەخساندنی گفتوگۆی کراوەو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکە، هێنانەدی ئەم ئەرکانەش هەر ئاوا بە سووک و سانایی ناهێنرێتەدی، ئەزموونی گەلانی رزگاربوو لەدەست داگیرکەران پێمان دەڵێت بونیادنانی دیموکراسی لەهەر وڵاتێکدا زۆر سەختترە لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی، جا چ جای ئەوەی لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا، کە لەنێو وڵاتێکدا گیرمان خواردووە، نەك هەر تەنها مێژووەکەی بگرە ئێستایشی لەگەڵدا بێت خوێنی لێ دەچۆڕێ، بۆیە بونیادنانی دیموکراسی لەنێو ئەو هەموو حیزب و گرووپە سیاسیانەدا، سەفەرکردنە بەناو مەرگ و خوێندا.

لەکوردستان تائێستا سەرەرای حزب و گرووپی جودا جودا، هەنگاوی باش بۆ بونیادنانی دیموکراسی نراوە، ئەگەرچی هێشتا حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان (جگە لەپارتی و یەکێتی ) بە ئەوانەی بەشدارن لەحکومەت و پەرلەمان و ئەوانەیش کە بەشدارنین لەحکومەت و پەرلەمان، سەیر دەکەی خودان یەك ریتمن، خودان یەك گوتاری سیاسی و یەك بۆچوونن بەرامبەر بەحکومەت، ئەم یەك هەڵوێستییەی حیزبەکان نەك تەنها لەحیزبە نەتەوەییەکاندایە، بگرە حیزبە ئیسلامییەکانیش لەگەڵیاندا یەکیانگرتۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا، حیزبە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو حیزبە سیاسییە ئیسلامییە نین کە تێگەیشتنێکی عەلمانییان هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە ئاشکرا دژی هەموو تێگەیشتن و بۆچوونێکی عەلمانین، تەنانەت لەکاتی تەنگاوبوونیاندا نەبێت هەر دان بەدیموکراسیش نانێن، گرفتی بنەرەتی لەوەدایە ئەو حیزبە ئیسلامی سیاسییانە لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستان هاوهەڵوێستن لە بەرامبەر رەخنەگرتن لە حکومەتی هەرێم! لەکاتێکدا دووبەرنامەی جیاوازو دوو ئەجێندای پێکناکۆکیان هەیە. ئا لێرەوەیە بونیادنانی دیموکراسی زۆر سەخت دەبێت، رەخنەی زۆردەگرن، رەخنەگرتنیش هیچ باجێکی لەسەر نییە، بەڵام بڕوایان بە دیموکراسی نییە، رەخنە دەگرن، رەخنەگرتنیش هیچ هونەرێکی تێدا نییەو زۆر ئاسانە، چونکە لە بەرامبەر رەخنەکانیان هیچ بەرنامەیەکی کردەیی و هیچ پرۆژەیەکی رێگەچارەی پێ نییە کە ئاسانکاری بێت بۆ حکومەت، بەڵکو دەیانەوێ ئەرکی سەر حکومەت بە جۆرێك گران بکەن کە زیاتر رووبەڕووی قەیرانەکان بێتەوە.

ئەو حیزبە سیاسیانەی کاتێك لەگەڵ رێکخراوە ناحکومی و لەگەڵ رێکخراوەکانی مەدەنی یەکدەگرنەوە لە رەخنە گرتن لە حکومەت، خۆیان لە بیردەکەن کە حیزبێکی سیاسین و خەباتی سیاسی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دەکەن، لە کاتێکدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرکی تریان لەسەر شانە بێ ئەوەی بە تەمای گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن.

مێژووی گەلانی دونیا ئەوەی یەکلاکردۆتەوە کە بونیادنانی دیموکراسی بە دروشمی شۆڕشگێرانە نایێتە دی، (ئەگەر وابوایە دەبوو کاسترۆیەکێك لە دیموکراسیترین سەرکردە بوایە)، زۆر کەسایەتی شۆڕشگێری دیکەیش لە دونیادا دروست بوون و توانیان میللەتێك رزگار بکەن و رژێمێك بڕووخێنن یا قاوی بدەن، بەڵام دواتر نەیانتوانی رێز لەو خەباتەی خۆیان بنێن و دیموکراسی پیادەبکەن، بۆیە زۆر جار ئەو قسەیە راست دەردەچێ کە بونیادنانی دیموکراسی لە قۆناخی رزگاری نیشتمانی سەخت ترە.

ئەوەی سەرنج دەدرێ ئەزموونی کوردستان زۆر ئاڵۆزە و بە قۆناخێکی زۆر هەستیاریشدا رەت دەبێت، چونکە ململانێکان و رەخنەگرتنەکان بۆ راستکردنەوەو باشترکردنی جۆری حوکم نییە، بەقەد ئەوەی هەر حیزبەو دەیەوێ لە پەنای حیزبی دەسەڵاتدارەوە دەستکەوتی زیاتر بۆخۆی مسۆگەر بکات، کە پێی مسۆگەرنەکرا ئینجا رەخنەی جۆراوجۆری بێ بەرنامەو بێ پرۆژە بە توندی دەگرێت بۆ ئەوەی پێگەیەکی جەماوەری بۆ خۆی دروست بکات، کە ئەمەش یارییەکی سەرشێتانەیە و جەماوەر بەم جۆرە مسۆگەرناکرێت.

لەوەش خراپتر ئەوەیە، ئەو حزبانەی رەخنە لە دەسەڵات و حکومەت دەگرن، حزبێکی ناوچەیی یا حزبێکی ئایینی یا ئیتنیکی بن، کە ئەمانە قەت ناتوانن ئاڵاهەڵگری دیموکراسی بن.